WWW.RUDAW.NET

رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (349) دووشەممە 2015/3/2 11ی رەشەمێی 2714 (750) دینار

# پارتی و یەکێتی لە کۆبانێ بارەگاکانیان جیا بوو



**رووداو- دهۆک**

عەمید موسلێح زێباری، فەرمانده‌ی هێزی پێشمەرگە لە کۆبانێ دەڵێت، کاتێ وەک فەرماندەی سێیەم کاروانی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ کاروانەکە گەیشتە ئەو شارە "هێزی پشتیوانی یەک لە شوێنێک بوو، هێزی پشتیوانی دوو کە سەر بە یەکێتی بوو لە بارەگایەکی دیکە بوون، هەر کاتێک بەرپرسێک دەهاتە لای ئێمە، سەردانی هەردوو بارەگای دەکرد". ئەو فەرماندەیە دەڵێت ئەوە بۆ ئێمە شتێکی زۆر ناخۆش بوو، "بۆیە بڕیارمان دا هەردوو بارەگاکە بکەینە یەک".

ئەو فەرماندەیە کە 11 رۆژ پاش گەیشتنی هێزەکەی ئەو شاری کۆبانی بەتەواوی کۆنترۆڵ کرایەوە، دەشڵێت "ئەمریکا و تورکیا رێگە نادەن یەک چەکی پێشمەرگە لە کۆبانێ بۆ هێزەکانی YPG بمێنێتەوە و دەبێ هەمووی بگەڕێندرێتەوە" بۆ هەرێمی کوردستان.

« 6




## 17 تەرمی بێ سەر لە دادپزیشکی دهۆکن
4

## ئیسرائیلیەکان شەیدای کچە شەڕڤانانی کوردن
7

## بەنگلادیشی دەڵێن عەزیز وەیسی یەکەمە
10

# هێرۆخان داوا لە نەوشیروان مستەفا دەکات رابەرایەتی یەکێتی بکات

« 3





ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (349) دووشەممە 2015/3/2

## میوانی بیانی بانگهێشتی یادی هەڵەبجە ناکرێن



**ڕووداو- سلێمانی**

مەحموود حاجی ساڵح وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بەمەبەستی یادکردنەوەی کیمیابارانی پارێزگای هەڵەبجە لیژنەیەکی باڵا پێکهێنراوە لەقایمقامی مەرکەزی پارێزگای هەڵەبجە و لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەڵام بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانی داراییەوە ناتوانرێت هیچ میوانێکی بیانی بانگهێشتی یادەکە بکرێت. ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد ئەوان لەڕۆژی 16ی ئادار ڕووفاتی 7 شەهیدی کیمیابارانی هەڵەبجە دەنێژن، لەگەڵ دانانی تاجە گوڵینە لەسەر مەزاری شەهیدان.

# 4 وەزیر سەروەت و سامانی خۆیان ئاشکرا نەکردووە

**ڕووداو- هەولێر**

دەستەی گشتیی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ئاماری ئەو بەرپرسانەی ئاشکرا کرد کە فۆرمی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانیان پڕ کردووەتەوە و تەنیا 4 وەزیر ماون ئەم فۆرمە پڕبکەنەوە، یەکێک لە پارێزگارەکانی هەرێمی کوردستانیش تاوەکو ئێستا فۆرمەکەی پڕ نەکردووەتەوە.

بەشی بەدەستهێنانی ناڕەوا/ فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت لە دەستەی گشتیی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ئاماری گەڕاندنەوەی فۆرمی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکانی تاوەکو 22/2/2015 بڵاوکردووەتەوە و تاوەکو ئەو ڕێکەوتە 2369 بەرپرس ئەو فۆرمەیان پڕکردووەتەوە.

بەپێی ئامارەکە، زۆرترین فۆرم لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای دادوەری لە هەرێمی کوردستان پڕکراوەتەوە کە 764 فۆرم بووە، دوای ئەویش وەزارەتی شارەوانی دێت کە 628 فۆرمە. وەزارەتی دادیش پلەی سێیەمی گرتووە بە 279 فۆرم.

بەپێی ئاماری دەستەکە، لەکۆی 21 وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان 17 وەزیر فۆرمەکەیان پڕکردووەتەوە و تەنیا 4 وەزیر ماون ئەو فۆرمە پڕبکەنەوە، ئەوانیش ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان. کەریم شنگالی، وەزیری ناوخۆ. مستەفا سەید قادر، وەزیری پێشمەرگە. لەگەڵ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژینگە.

هەروەها لە سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) پارێزگاری هەولێر و سلێمانی فۆرمەکەیان پڕکردووەتەوە، بەڵام پارێزگاری دهۆک سەروەت و سامانەکەی بۆ دەستەی دەستپاکی ئاشکرا نەکردووە.

بەپێی ئامارەکە سەرۆکی هەرسێ سەرۆکایەتییەکە (مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان. د.یوسف محەممەد سادق، سەرۆکی پەرلەمان) فۆرمی دەستەکەیان پڕ کردووەتەوە. هەروەها جێگرەکانیشیان (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، قوباد تاڵەبانی و جەعفەر ئیبراهیم) فۆرمەکەیان پڕکردووەتەوە. پەرلەمانی کوردستانیش 165 فۆرمی پڕکردووتەوە (111 ئەندامی پەرلەمان و 54 ڕاوێژکار).

### فەلاح مستەفا ئاشکرای نەکردووە

لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەک دەستە و فەرمانگە هەن کە بە وەزارەتەکانەوە نەبەستراون، دەستەی سەربەخۆن یان سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانن، ئەوانیش فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، دەزگای مین، چاودێریی دارایی، ئەکادیمیای کوردی، دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ، دەستەی چاککردنی ژینگە و دەستەی وەبەرهێنان.

بەپێی ئەو بەڵگانەی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان بڵاوی کردوونەتەوە، لە کۆی ئەو دەستە و فەرمانگانە تەنیا بەرپرسی فەرمانگەیەک و سەرۆکی دەستەیەک سامانی خۆیان ئاشکرا نەکردووە، ئەوانیش فەلاح مستەفا، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان. هەروەها ڕێبوار خەلیل، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان.

### فۆرم بەکێ پڕ دەکرێتەوە؟

**بەپێی یاسای ئەم دەستەیە، پێشکەشکردنی دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەکان ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:**

- سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی.
- سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێر و ئەندامەکان.
- سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی.
- وەزیرەکان و ئەوانەی بە پلەی وەزیرن و بریکاری وەزارەتەکان.
- سەرۆکی دەستەی گشتیی دەستپاکی و جێگرەکەی و هەموو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دەستە و لێکۆڵەرانی.
- خاوەن پلە تایبەتیەکان و بریکار و یارمەتیدەرانیان.
- بەڕێوەبەرە گشتییەکان و یارمەتیدەرانیان.
- دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و سەرپەرشتیارانی داد و لێکۆڵەران.
- ئەفسەرانی پاسەوانی هەرێم و هێزی ئاسایشی ناوخۆ لە پلەی موقەدەم بەرەو سەرەوە، ئەو ئەفسەر و مفەوەزانەی کاری لێکۆڵینەوە دەکەن.
- پارێزگار و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاو ناحیە و سەرۆکی شارەوانییەکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان.
- هەر کەسێک پۆستێکی مەدەنی یان سەربازی هەبێ، لەوانەی لە سەرەوەدا ناویان نەهاتووە، دەستە وای دەبینێ کە پێویستە ڕاپۆرتی دەرخستەی دارایی بیگرێتەوە، بەپێی ڕێنماییەک کە بۆ ئەم مەبەستە دەردەکرێ.

---

#### لە ترسی خانەنشینی ناونیشانی خۆیان گۆڕی

# سێ بەڕێوەبەری ئەوقاف دەگوازرێنەوە بۆ مزگەوتەکان

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

سێ بەڕێوەبەر لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی خانەنشین نەکرێن، ناونیشانی خۆیان دەگۆڕن. وەزارەتی ئەوقافیش هەرسێ بەڕێوەبەرەکە دەگوازێتەوە بۆ مزگەوتەکان.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، ئەو سێ بەڕێوەبەرە لەکابینەی پێشووی حکومەتدا ناونیشانی خۆیان لە "بەڕێوەبەر"ەوە بۆ (پێشنوێژی پێشکەوتوو) گۆڕیوە، مەبەستیشیان ئەوە بووە وەکو فەرمانبەرێکی حکومەت لە تەمەنی 63 ساڵیدا خانەنشین نەکرێن، چونکە ئیمام و خەتیب بۆیان هەیە تاوەکو تەمەنی 70 ساڵی خزمەت بکەن.

ئەو بەڕێوەبەرانە دوای گۆڕینی ناونیشانیان، لەجیاتی ئەوەی لەمزگەوت دەوام بکەن بە "تەنسیب" گەڕاونەتەوە بۆ دیوانی وەزارەتی ئەوقاف و وەک "بەڕێوەبەر" دەوامیان کردووە، بەڵام هەفتەی ڕابردوو



##### یەکێک لەبەڕێوەبەرەکان:
### بێ منەتین و مەلایەتی دەکەین

کەمال موسلیم وەزیری ئەوقاف بڕیاری دا بەپێی ناونیشانەکەیان ڕەوانەی مزگەوتیان بکات.

بەپێی نووسراوی ژمارە 975 لە ڕێکەوتی 25/2/2015، فەرمانی کارگێڕی بۆ گواستنەوەی ئەو سێ بەڕێوەبەرە دەرچووە. فەرمانەکە کە واژۆی بەڕێوەبەری گشتی دیوان (بە وەکالەت)ی لەسەرە، تێیدا هاتووە (پاڵپشت بە فەرمانی وزاری ژمارە 1172 لە ڕۆژی 25/5/2015 بڕیاردرا بە: گواستنەوەی ڕاژەی ئەو بەڕێزانەی ناو و ناونیشانیان لە خوارەوە نووسراوە لەسەر میلاکی دیوانی وەزارەتمان بۆ سەر میلاکی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی بەرامبەر ناوی هەر یەکێکیان نووسراوە لە ڕێکەوتی دەستبەکاربوون و دەست لەکارهەڵگرتنیان.

1- سدیق یاسین حەبیب، پێشنوێژی پێشکەوتوو، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی دەوروبەر/ مزگەوتی سپی.

2- حەسەن قادر ئیسماعیل، پێشنوێژی پێشکەوتوو، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی دەوروبەر/ مزگەوتی گوندی پیرەشی کۆن.

3 - عەبدولسەمیع عومەر عەلی، پێشنوێژی پێشکەوتوو، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شەقڵاوە/ مزگەوتی گوندی قەلاسنجی خواروو.

حەسەن قادر کە یەکێکە لەو بەڕێوەبەرانە و 45 ساڵ خزمەتی هەیە و چوار ساڵیش بەڕێوەبەری ئەوقافی هەولێر بووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە پێشتر بڕوانامەی ئامادەیی هەبووە، بەڵام دوای بەشداریکردنی لەتاقیکردنەوەی پەیمانگەی زانستە ئیسلامییەکان و دەرچوونی، لەساڵی 2010 ناونیشانی گۆڕیوە بۆ "پێشنوێژ". ئەو گوتی "چوار ساڵ پێش ئەوەی تەمەنم نزیک بێتەوە لە خانەنشینی، ناونیشانم گۆڕی بۆ ئیمام و خەتیب واتە (پێشنوێژ) کە ناونیشانیش بۆ ئیمام دەگۆڕی تاوەکو 70 ساڵی خانەنشین نابیت".

حەسەن قادر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بە "مەبەست" ئەو کارەی نەکردووە و ئەگەر لێهاتووش نەبووایە نەدەبووە ئیمام، سەبارەت بەوەی کە ئێستا لەبەڕێوەبەرەوە کراوەتە ئیمام، گوتی "بێ منەتین و مەلایەتی خۆمان دەکەین".

ئەو مامۆستا ئاینییە پێیوانییە ئەو کارەی کردوویەتی "گەندەڵی ئیداری" بێت و گوتی "ئەوە گەندەڵی نییە، لەبەرئەوەی ڕێنمایی هەیە بۆ ئەو کەسانەی ناونیشانیان دەگۆڕن لە بەڕێوەبەرەوە بۆ ئیمام".

فەرمانبەران لە کوردستان و عێراقیش لە تەمەنی 63 ساڵی خانەنشین دەکرێن، بەڵام پێشتر لە وەزارەتی ئەوقاف جیاکاری بۆ (ئیمام و خەتیب) کراوە کە دەتوانن هەتا 70 ساڵی خزمەت بکەن.

مەلا غەریب پێنجوێنی، ئەندامی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دوای بەدواداچوونیان بۆ دۆسیەی ئەو سێ بەڕێوەبەرە، بۆیان دەرکەوتووە کە بەپێی ئەو جیاکارییە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە و گوتی "جیاکاریکردن بۆ ئیمام و خەتیب پێچەوانەی یاسای خزمەتی فەرمانبەران و زیانگەیاندنیشە بەو نەوە نوێیەی لە بواری زانستی ئیسلامیدا دەرچوون و چاوەڕێی دامەزراندن دەکەن".

کەمال موسلیم، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی هۆکاری گواستنەوەی ئەو سێ کەسەی بۆ مزگەوتەکان ڕوونکردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت "گواستنەوەی ئەو سێ مامۆستایە بەپێی ناونیشانەکەیان بووە، لەمەودوا هەموو کەسێک دەبێت بەپێی ناونیشانەکەی کاربکات".

سەبارەت بەوەی ئەو سێ بەڕێوەبەرە هیچ سزایەکی کارگێڕی نادرێن کە بە مەبەستی خانەنشین نەکردنیان ناونیشانیان گۆڕیوە، وەزیری ئەوقاف گوتی "نەخێر سزای دیکە نادرێن".

# بەڵێندەرێک: بەڕێوەبەرێکی پۆلیس داوای بەرتیلم لێدەکات



**بەختیار قادر**
**ڕووداو- سۆران**

بەڵێندەرێک دەڵێت بەرپرسێکی پۆلیسی ناوچەکە داوای "بەرتیل"ی لێدەکات و ئامادە نییە پارەی پرۆژەکەی بداتێ تاوەکو بڕێک پارەی نەداتێ. بەڕێوەبەرێکی گشتی پۆلیسیش دەڵێت لیژنەی لێکۆڵینەوەیان بۆ ئەوە پێکهێناوە.

بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەی باڵەخانە و دانانی چەند کەرەڤانەیەک بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گومرگی سۆران، بڕە پارەیەک لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تەرخان دەکرێت و بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەدرێتە بەڕێوەبەرایەتییەکە تاوەکو خۆیان بیخەنە تەندەر و پرۆژەکە جێبەجێ بکەن، بەڵام ئێستا پرۆژەکە کێشەی تێکەوتووە، بەهۆی ئەوەی کە وەک بەڵێندەرەکە دەڵێت، بەڕێوەبەری پۆلیسی گومرگی سۆران "داوای بەرتیل"ی لێدەکات.

بەڕێوەبەرایەتی گومرگی سۆران پرۆژەکە دەداتە بەڵێندەرێک بە ناوی مامەند قادر، گوژمەی پرۆژەکە 92 ملیۆن دینارە، بەڵام ئەو بەڵێندەرە دەڵێت سەرەڕای تەواوکردنی پرۆژەکەی، بەڕێوەبەری پۆلیسی گومرگی سۆران تەواوی پارەکەی ناداتێ.

مامەند قادر، بەڵێندەری پرۆژەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لیژنەی سەرپەرشتی پرۆژەکە کە لە سێ کەس پێکهاتوون، واژۆی تەواوبوونی پرۆژەکەیان کردووە، لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بڕێک پارەم وەرگرت، بەڵام دوای تەواوبوون و ڕادەستکردنی پرۆژەکە، بەڕێوەبەری پۆلیسی گومرگی سۆران پێیگوتم ئەگەر 14 هەزار دۆلارم نەدەیتێ، پارەکەت بۆ خەرج ناکەم".

مامەند قادر، ئەو پارەیەی داوای لێکراوە بە "بەرتیل" دەزانێ و دەڵێت "دوای تەواوکردنی سەرجەم کارەکانم و واژۆکردنی کۆنووسی تەواوکردنی کارەکانم لەلایەن لیژنە سێ کەسییەکەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، پارەکەم بۆ خەرج نەکرا. عەمید کامیل محەممەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی گومرگی سۆران داوای ئەو بەرتیلەی کردە مەرجی خەرجکردنی ئەو بەشە پارەیەی لەلایان ماوە، بەڵام من ئەو بەرتیلەم پێنەدان، بۆیە تاوەکو ئێستا پارەکەم بۆ خەرج نەکراوە، لە کاتێکدا ئەو باڵەخانەیەی نۆژەن کردەوە و ئەو کەرڤانانەشی کە دامناون دەوامی گومرگیان تێدا دەکرێت".

عەمید کامیل محەممەد، بەڕێوەبەری گومرگی پۆلیسی سۆران، بەبیانووی نەبوونی مۆڵەتی قسەکردن بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەلایەن سەرووی خۆیەوە، ئامادە نەبوو هیچ ڕوونکردنەوەیەک بدات، تەنیا گوتی "ئەو بەڵێندەرە کارەکانی بەباشی نەکردووە، بۆیە پارەکەی بە تەواوی بۆ خەرج ناکرێت".

(ڕووداو) پەیوەندی بە عەمید عەتا، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی گومرگی هەرێمی کوردستانەوە کرد، بەڵام ناوبراو بێ ئاگایی خۆی لەو کێشەیە دەربڕی، هەر دوای پەیوەندییەکەی (ڕووداو) بڕیاری دا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ بەدواداچوونی کێشەکە دروستبکات.

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (349) دووشەممە 2015/3/2

## لیوایەک بۆ مەسحییەکان دروست دەکرێت



**ڕووداو- دهۆک**

ئەنوەر مەتی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بەهۆی هاتنی داعش بۆ عیراق لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ڕابردوو 120 هەزار مەسیحی پارێزگای مووسڵ ئاواری باشووری کوردستان بوون، بەڵام ژمارەیەکی زۆریان چوونەتە دەرەوەی وڵات. ناوبراو پێی خۆش نییە مەسیحییەکان بچنە دەرەوە، بەڵام گوتی پێویستیان بە پارێزگاری هەیە، ئەو پارێزگاریەش بە سوپای عیراق ناکرێت، ئەنوەر مەتی گوتی "ئێستا فەوجێکی تایبەتی مەسیحییەکان ڕاهێنان دەکەن و بڕیارە دوو فەوجی دیکەش ڕاهێنانیان پێبکرێت، دواتر ئەو فەوجانە دەخرێتە سەر زێرەڤانی و دەبنە لیوایەکی تایبەت بە مەسحییەکان".

# هێرۆخان داوا لە نەوشیروان مستەفا دەکات ڕابەرایەتی یەکێتی بکات

### حاکم قادر، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یەکێتی:
### بەفەرمی ئەوە باس نەکراوە

### بەرپرسێکی گۆڕان:
### هەموو باڵەکانی نێو یەکێتی داوا دەکەن کاک نەوشیروان ببێتە ڕابەری یەکێتی

### شالاوی عەلی عەسکەری، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:
### یەکگرتنەوە مەحاڵ نییە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

دوا کارت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو یەکێتی بەکارهێنرا، بەڵام ئەویش سەرینەگرت، کاتێک هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد داوای لە نەوشیروان مستەفا کرد بگەڕێتەوە و ببێتە ڕابەری یەکێتی، بەڵام نەوشیروان مستەفا ئەو داوایەی ڕەتکردووەتەوە و پێشنیازێکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی یەکێتی کردووە.

#### هێرۆخان داوای کردووە

مەسەلەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و پرسی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کۆکردنەوەی یەکێتی، سێ بابەتی چارەنووسسازن لەبەردەم یەکێتی، بەڵام پەرتەوازەبوونی ئەو حیزبە وایکردووە نەتوانێ بڕیار لەسەر هیچ کەیسێکی نێوخۆ و دەرەوەی بدات.

ماوەی دوو ساڵە جڵەوی حوکمڕانی لەنێو یەکێتیدا لە دەست خانمی یەکەم و بێ ڕکابەری یەکێتی، هێرۆخانە. ئەو هەرزوو نەیهێشت هەردوو جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی بەناوی یەکێتییەوە هیچ بڕیارێک بدەن. ئێستاش هێرۆخان کار لەسەر گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات بۆ نێو یەکێتی.

(ڕووداو) لە سەرچاوەیەکی نزیک لە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد زانیویەتی کە لەڕێگەی چەند ئەندام مەکتەب سیاسییەکی یەکێتییەوە داوای لە نەوشیروان مستەفا کردووە بگەڕێتەوە نێو یەکێتی و ببێتە کەسی یەکەمی ئەو حیزبە. بەڵام نەوشیروان مستەفا داوای لێبووردنی کردووە و پێشنیازی کردووە ئەگەر یەکێتی هەمووی یەک کوتلەبێ، ئەوا ڕەنگە ئامادەبێت هاوپەیمانێتی لەگەڵ ببەستێ.

هەر بە گوێرەی ئەو سەرچاوە ئاگادارەی پەیوەندییەکانی نێوان هێرۆ ئیبراهیم و نەوشیروان مستەفا "هێرۆخان لە ناچاری ئەو هەنگاوەی هاویشتووە، چونکە نە کاک کۆسرەت و نە بەرهەم ساڵح نەهاتنە ژێر باری فەرمانڕەوایی ئەو".

#### بەفەرمی نەبووە

شوان قلیاسانی، جێگری بەرپرسی ژووری پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان نەیشاردەوە کە یەکێتی "زیاتر لە جارێک" ئەو داوایەی لە نەوشیروان مستەفا کردووە بۆئەوەی ببێتە "کەسی یەکەمی نێو یەکێتی" و گوتی "هەردوو باڵی نێو یەکێتی داوایان کردووە کاک نەوشیروان بگەڕێتەوە و ببێتە ڕابەری یەکێتی".

بەڵام قلیاسانی بەدووری زانی نەوشیروان مستەفا هەنگاوێکی وەها بهاوێژێ "پێموانییە کاک نەوشیروان ئەو داوایە قبووڵ بکات، چونکە یەکێتی وەزعێکی خراپیان هەیە و کێشەیان زۆرە".

ئەو هەڵسوڕاوەی بزووتنەوەی گۆڕان هەروەها گوتی "خۆ ئەگەر هەموو لایەک ڕازی بن، کاک نەوشیروان دەتوانێ کێشەکانی یەکێتی چارەسەر بکات".

حاکم قادر، ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕەتینەکردەوە کە داوا لە نەوشیروان مستەفا کرابێ بۆ سەرکردایەتیکردنی یەکێتی، ئامادەش نەبوو هیچ قسەیەک لەو بارەیەوە بکات و تەنیا گوتی "بە فەرمی ئەو بابەتە باس نەکراوە".

ڕەنگە هێرۆ ئیبراهیم لەم نزیکانەدا هەوڵەکان بۆ ڕازیکردنی نەوشیروان مستەفا تاوەکو بگەڕێتەوە نێو یەکێتی چڕتربکاتەوە، چونکە باڵی جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی ئێستا سەرقاڵی جیاکردنەوەی ماڵی یەکێتین.

نەوشیروان مستەفا پێش ئەوەی جیابوونەوەی یەکجاری لە یەکێتی ڕابگەیەنێ و بزووتنەوەی گۆڕان دابمەزرێنێ، سەرکردایەتی باڵێکی نێو یەکێتی دەکرد کە بە باڵی ڕیفۆرم ناسرابوو.

#### بە سیحریش چارەسەر ناکرێ

شەماڵ عەبدولوەفا، بەرپرسی ژووری پەیجووری بزووتنەوەی گۆڕان، هەوڵی لەوجۆرە بە نالۆژیکی دەزانێ و پێیوایە ئەو کێشانە بەجۆرێک نین کە بە گۆچانێکی سیحری چارەسەر بکرێن.

هەروەها بەدووری زانی کە نەوشیروان مستەفا بزووتنەوەی گۆڕان هەڵبوەشێنێتەوە و بچێتەوە نێو ڕیزەکانی یەکێتی، چونکە کاتی خۆی ئێمە لە یەکێتی جیانەبووینەوە، بەڵکو یەکێتیمان بەجێهێشت و گۆڕانمان دروستکرد". عەبدولوەفا دەڵێ "خیلافی ئێمە لەسەر ئیدارەی حیزب، دەوڵەت، پەرلەمان و حکومەت بوو، وا بە ئاسانیش ناگەڕێینەوە".

هەر لەوبارەوە، شالاوی عەلی عەسکەری ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی سەبارەت بە ئەگەری یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان گوتی "یەکگرتنەوە مەحاڵ نییە، کاتی خۆی سۆشیالیست لە یەکێتی جیابووەوە، دواتر بەشێکی زۆریان گەڕانەوە نێو یەکێتی، لە پارتیش هەمان شێوە، قیادەی مۆقەت دروست بوو، دواتر پارتی گەل دروست بوو، بەڵام گەڕانەوە نێو پارتی".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی لە کێشەکانی نێو حیزبەکەی نارەحەتە و داوا لە سەرکردە باڵاکانی یەکێتی دەکات پێکەوە دابنیشن "دەبێ دانیشتن و لێبووردەیی هەبێ، نەک لایەنێک بێ و لایەنی دیکە بسڕێتەوە، بەمە کێشەی یەکێتی قەت چارەسەر نابێ".

ئامادەکاری بۆ لیست دەکەن

زیاتر لە جارێک هێرۆخان بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی گوتووە کە دەتوانێ لەگەڵ کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی ڕێکبکەوێ، بەڵام جێگەی بەرهەم ساڵح لەناو یەکێتی نەماوە.

بەرپرسێکی باڵای یەکێتی و نزیک لە باڵی جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا کاک کۆسرەت و د.بەرهەم سەرقاڵی جیاکردنەوەو دروستکردنی لیستی خۆیانن لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و بگرە لەنێو خۆی یەکێتیدا، تاوەکو هێرۆخان هەر شتێکی بوێ بەناوی یەکێتی لە حکومەت و پەرلەماندا لە بەرژەوەندی خۆی دەرینەکات".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دوا هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو حیزبەکەی ئاشکرا دەکات، بەڵام دەڵێ "ئەو هەوڵەش شکستی هێناوە".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ "فەریدوون عەبدولقادر، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی هەوڵی دا کێشەکانی یەکێتی چارەسەر بکات، لەگەڵ هێرۆخان، بەرهەم ساڵح و کاک کۆسرەت کۆبووەوە، بەڵام هەوڵەکەی ئەویش سەرینەگرت". گوتیشی "تەنانەت کاک فەریدوون لەگەڵ کاک نەوشیروان مستەفاش کۆبووەوە، بەڵام بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە". ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە پێکەنینەوە گوتی "کاک قاسم سلێمانی هیچی پێنەکرا، ئێ کاک فەریدوون بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

# تاڵەبانی بۆ چارەسەری کێشەکانی یەکێتی فریای پرۆژەکەی نەکەوت



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

فڕۆکەیەک لە فڕۆکەخانەی سلێمانی نیشتەوە و سەرۆک کۆماری عێراق لە فڕۆکەکە دابەزی. بەرپرسانی یەکێتی کە هیوایەکی زۆر لە ڕوخسارياندا بەدی نەدەکرا، لە چاوەڕوانیدا بوون. ئێستا چاوەکان لەسەر د.فوئاد مەعسومە کە ئاهێک بەبەر گیانی شەکەتبووی حیزبەکەیدا بێنێتەوە.

د.فوئاد مەعسوم کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی، لەگەڵ ئەنجوومەنی ناوەندی حیزبەکەی کۆبووەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەواڵێکی خۆشی پێنەبوو، خۆی بەشداریی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی نەکرد. دواتر لەتیف نێروەیی، گوتەبێژی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی بە هیواوە لەبارەی هەوڵەکانی د.فوئاد دوا و گوتی "ئەو هەموو کاتێک پرۆژەی پێیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی یەکێتی".

#### "وەکو پەکەکە بکەن"

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، زۆر حیزب و کەسایەتی سیاسی هەوڵی خۆیان لەگەڵ باڵە ناکۆکەکانی یەکێتی داوە بۆ ئەوەی ڕێکبکەون، بەڵام هەموو هەوڵەکان بێئاکام بوون، یەکێک لەو کەسایەتیانەی پێشتر بەتایبەتی چووەتە بەغدا و داوای لە تاڵەبانی کردووە خەمێکی دۆخی نێوخۆی حیزبەکە بخوات، پێیوایە نێوەندگیری لەنێو بەرپرسانی یەکێتی بێ سوودە.

محەممەد ئەمین پێنجوێنی دەڵێ "ئەو باڵانەی یەکێتی گوێ لەکەس ناگرن" دوای ئەوەی کە لە ڕابردوودا قسەی لەگەڵ زۆربەی بەرپرسە ناکۆکەکانی یەکێتی کردووە.

پێنجوێنی دەڵێت تەنانەت نموونەی پەکەکەی بۆ هێناونەتەوە و پێیگوتوون کاتێک ئۆجەلان دەستگیرکرا، خەڵک وایاندەزانی ئیدی پەکەکە لاواز دەبێ "بەڵام ئەوان توانییان بەسەر ئەو مەینەتییەدا زاڵ ببن و کۆنسەیەکیان دروستکرد، بە بەرپرسانی یەکێتیم گوت، خۆ دەتوانن چاو لە پەکەکە بکەن و کۆنسەیەک بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی دروستبکەن".

#### تاڵەبانی فریای پرۆژەکەی نەکەوت

محەممەد ئەمین پێنجوێنی، باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە لەگەڵ تاڵەبانی بووە لەبەغدا، هەمان ئەو ڕۆژەی کە بۆ شەوەکەی نەخۆشکەوت و گەیێندرایە نەخۆشخانە و لەوێوە ڕەوانەی ئەڵمانیا کرا. پێنجوێنی دەڵێ "کاژێر 12 لە خزمەتی مام جەلال بووم لە بەغدا، لێی پرسیم وەزع چۆنە؟ گوتم ئەو باڵباڵێنەی نێو یەکێتی تەواو ئاڵۆز بووە و دەبێ پەلە بکەیت و چارەسەرێکی بۆ بدۆزیتەوە و بگەڕێیتەوە کوردستان".

وەک ئەو باسیدەکات تاڵەبانی پێیگوتووە "دوو پرۆژەی نوێم بەدەستەوەیە، پرۆژەیەکیان بۆ چارەسەرکردنی دۆخی نێوخۆی یەکێتییە و سەری ساڵ کە گەڕامەوە دەیخەمە ڕوو، پرۆژەی دووەمیش بۆ چارەسەری کێشەکانی باکووری کوردستانە". بەڵام بەهۆی نەخۆشکەوتنیەوە پرۆژەکان هەر لەمێشکی خۆیدا مانەوە.

پێنجوێنی باسی توانای چارەسەرسازیی تاڵەبانی دەکات و دەڵێ کاتێک گرژییەک دروست دەبوو "قسەی تێدا دەکرد و هەر لەوێدا کۆتایی پێدەهێنا، بەڵام ئێستا بێ مام جەلالی زۆر بەیەکێتییەوە دیارە".

#### عەلی باپیر نەگەیشتە ئەنجام

ساڵی ڕابردوو عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی چەند هەوڵێکی دا بۆ نزیککردنەوەی باڵە ناکۆکەکانی یەکێتی، بەڵام هیچ لەدۆخەکە نەگۆڕا. بیلال سلێمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی لەبارەی ناکامبوونی هەوڵەکانی عەلی باپیر دەڵێ "ئەگەر ئەوان خۆیان مەبەستیان بێ ڕێکبکەون، ئەوکات نێوەندگیر دەتوانێ شتێک بکات لە نێوانیان". گوتیشی مامۆستا عەلی باپیر هێشتا ئامادەیە نێوەندگیرییان بکات "ئەگەر خۆیان داوای لێبکەن". ئێرانییەکانیش بەردەوام لە پێناو نزیککردنەوەی کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح لە باڵی دەستڕۆیشتوو، پێیان لە سلێمانی نەبڕیوە. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، چوارشەممە و پێنج شەممەی ڕابردوو شاندێکی ئێرانی هاتوونەتە باشووری کوردستان و لەگەڵ یەکێتی جارێکی دیکە هەوڵیانداوە، بەڵام بەئاکام نەگەیشتوون.

#### یەکگرتووئامادەی نێوبژیوانییە

شەوی 17/12/2013، تاڵەبانی بە چڕوپڕی خەریکی بینینی سەرکردە ناکۆکەکانی عێراق بوو، ماڵەکەی جمەی دەهات لەو بەرپرسە شیعە و سوننانەی بە تاڵەبانییان دەگوت (سەمامی ئەمان)، سەرۆک کۆمار خشتەی دیدارە ئاڵۆزەکانی ئەو شەوەی کۆتایی پێنەهێنا و نەخۆشکەوت، بەڵام هێندەی بەغدا، ماڵە ناکۆکەکەی خۆشی پێویستی بە تاڵەبانی هەبوو.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، ئامادەیی حیزبەکەی نیشاندا بۆ نێوبژیوانی لەنێوان سەرکردە ناکۆکەکانی یەکێتی ئەگەر بۆخۆیان بیانەوێ. عومەر محەممەد، هێما بۆ ڕۆڵی سەلاحەدین محەممەد بەهائەدین، ئەمینداری پێشووی حیزبەکەی دەکات لە کۆتاییهێنان بە شەڕی ڕاگەیاندنی نێوان یەکێتی و گۆڕان و هەروەها ڕۆڵی لیستی خزمەت لە دوورخستنەوەی مەترسیی شەڕی نێوان یەکێتی و گۆڕان لەسەر پۆستەکانی ئیدارەی سلێمانی. ئامادەیی حیزبەکەشیانی دەربڕی بۆ ئەوەی ناکۆکی نێوان باڵە ناکۆکەکان کەمبکەنەوە.

ناوبراو دەڵێ یەکێتی تاوەکو ئێستا دەرفەتی نەداوە ئێمە نێوەندگیری بکەین "ئەگەر بیانەوێ ئێمە وەک یەکگرتوو ئامادەین و لەدانیشتنەکانیشمان بەردەوام پێمانگوتوون کە ئامادەین". تەنانەت محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری گشتی حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستانیش نزیکەی مانگێک لەمەوبەر لەگەڵ هەریەک لە بەرهەم ساڵح و کۆسرەت ڕەسوڵ و باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی بەچارەسەرێک نەگەیشت، بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کە لە سەرچاوەیەکی نزیک لە محەممەدی حاجی مەحموود، دەستیکەوتوون "ڕێککەوتبوون لەسەر ئەوەی سەرکردە ناکۆکەکان کۆببنەوە، دواتر بڕیار لەسەر دەستنیشانکردنی وادەیەک بدەن بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی".

ئەو سەرچاوەیە هەروەها گوتی، شاندێکی یەکێتی سەردانی گوڵەخانەیان کردووە و داوایان کردووە محەممەدی حاجی مەحموود دەستپێشخەرییەک بکات لە نێوانیاندا "ڕێککەوتن ڕۆژی چوارشەممە (ئەو ڕۆژەی داعش هێرشی کردە سەر کەرکووک) سەرکردە ناکۆکەکان کۆببنەوە، بەڵام بەهۆی هێرشەکە، کۆبوونەوەکەیان دواخست بۆ یەکشەممە، کەچی هەر کۆنەبوونەوە".

ژمارە (349) دووشەممە 2015/3/2

## 6 مەلا دەستگیرکراون



**رووداو- هەولێر**

رۆژی یەکشەمە 1ی ئادار 2015 ، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک دەسەڵات بە بەڕێوەبەری گشتی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و گەرمیان دەدات لە حاڵەتی پێشلکردنی رێنماییەکانی وەزارەت، گوتارخوێنی مزگەوتەکان رابگرن. بەپێی زانیارییەکانی تۆڕی میدیایی رووداو، لەدوای سەرهەڵدانی داعش و پەلاماردانی باشووری کوردستان، 3 مەلا لە سەنتەری شاری هەولێ، مەلایەک لە هەریر، یەکێک لە بەردەڕەش و مەلایەکی دیکەش لە زەڕایەن بە تۆمەتی هاندانی خەڵک بۆ توندوتیژی دەستگیراون.

# 17 تەرمی بێ سەر لە دادپزیشکی دهۆکن

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

کلیلی دەرگای ئێمە لە گیرفانی باوکم دابوو، بەو کلیلە دەزانم کە یەکێک لەوانە باوکمە، بەڵام گوتیان روفاتەکەتان نادەینەوە تاوەکو پشکنینی بۆ نەکەین، نازانم ئێستا لە کوێیە" ئەمە قسەی کوڕێکی ئێزدییە کە باوکی لە کۆمەڵگەی خانەسوور بێسەروشوێن بووە.

ژمارەی ئەو روفاتانەی لە ناوچەی زوممار و ناحیەی سنوونێ دۆزراونەتەوە و ئێستا لە پەیمانگەی دادپزیشکی دهۆکن، 52 لاشەن کە 17 لەو روفاتانە سەریان لە جەستەیان جیاکراوەتەوە. بەرپرسی دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی روفاتەکان لە دهۆک دەڵێت، تەنیا ئەو تەرمانە کۆدەکەنەوە کە لەسەر زەوین و بەبێ شارەزای بیانی هیچ گۆڕێک هەڵنادەنەوە.

عەلی بازو خەڵکی کۆمەڵگای خانەسووری سەر بە ناحیەی سنوونێیە، کاتێک دەزانێت گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە نێوان خانەسوور و سنوونێ دۆزراوەتەوە، دەچێتە شوێنەکە. عەلی دەڵێت "کە داعش هێرشی کرد، باوکم لە خانەسوور بوو، باوکم لە نێو ئەو گۆڕە بە کۆمەڵەدا بوو، بە کلیلی دەرگایماڵمان ناسیمەوە، یەکێک لەو تەرمانە تەرمی باوکمە".

تاوەکو ئێستا دوو گۆڕی بە کۆمەڵ هەڵدراونەتەوە، یەکێکیان لە ناوچەی بردیا کە 24 تەرمی تێدابوو، ئەوەی دیکەشیان لە نزیک کۆمەڵگەی خانەسوور کە 26 تەرمی تێدا بوو، دوو تەرمی دیکەش لەنێو گۆڕێکدا دۆزراونەتەوە.

عەلی نەیدەزانی تەرمی باوکی ئێستا لە کوێیە. ئەو دەڵێت کە کلیلەکەم بینی حەزم کرد تەرمەکەی ببەمەوە و بە خاکی بسپێرم، بەڵام 26 تەرم لە نێو گۆڕەکەدا بوون و نەمزانی کامەیان باوکمە، دواتر بە بیانووی پشکنین تەرمەکانیان بردن".

لە مانگی ئابی رابردوو کاتێک داعش هێرشی کردە سەر قەزای شنگال و دەوروبەری، بە هەزاران کوردی ئێزیدی لەوانەی نەیانتوانی بگەنە چیای شنگال، کەوتنە دەستی داعش.

بەپێی قسەی ئەوانەی لە دەستی داعش رزگاریان بووە، سەدان کوردی ئێزدی لە جێگای جیا جیا بە کۆمەڵ گوللەباران کراون، دوای ئازادکردنەوەی چەند ناوچەیەکی دەوروبەری شنگال تاوەکو ئێستا 52 تەرم دۆزراونەتەوە و لە پەیمانگەی دادپزیشکی دهۆک هەڵگیراون.



### دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی روفاتەکان:
### پشکنینی DNA بۆ تەرمی قوربانیانی داعش 5 ساڵی دەوێت

### شارەزایەکی پزیشکی:
### بۆ پشکنینی DNA پێویستمان بە 300 ملیۆن دۆلارە

دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی روفاتەکانی ناوچە تازە رزگارکراوەکان لە دهۆک کە لە مانگی ئەیلولی رابردوو دەستبەکاربوون، دەستیان بە کۆکردنەوەی زانیاری کردووە لەسەر گۆڕە بە کۆمەڵەکان، بەرپرسی ئەو دەستەیە دەڵێت "زانیاریمان هەیە زۆر گۆڕی بەکۆمەڵ لە ناوچەکانی شنگال هەن، بەڵام زۆربەیان لەو شوێنانەن کە تاوەکو ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی داعشدان".

نەقیب فەلاح حەسەن، بەرپرسی دەستەی ناوبراو بە (رووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا 17 گۆڕی بە کۆمەڵمان دەستنیشان کردووە، روفاتەکانمان لە دوو لەو 17 گۆڕانە هەڵگرتووەتەوە، دواتر بە بڕیاری مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدانەوەی ئەو گۆڕانە راگیرا".

حەسەن ئەو بڕیارەی بارزانی بە بڕیارێکی دروست دەزانێ و دەڵێت "ئەوە بڕیارێکی زانستییە، بۆ ئەوە بوو کە شارەزایانی بیانی بێن و هەموویان هەڵبدەنەوە، بۆ ئەوەی بۆ دۆسیەی بەجینۆسایدناسینی ئەو تاوانە سوودی لێوەربگرین".

نەقیب فەلاح باسی ئەو 52 روفاتە دەکات و دەڵێت "ئێستا لە دادپزیشکی دهۆکن، دواتر رەوانەی هەولێر دەکرێن بۆ پشکنینی DNA ، پرۆسەکە زەحمەتە و کاتی دەوێت، چونکە ئێمە چاوەڕێی رزگارکردنی شنگال دەکەین، دوای ئەوەی رەوشی ئەمنی باش بوو، داوای شارەزایانی بیانی و نوێنەرانی UN دەکەین و پاشان دەست بە هەڵدانەوەی گۆڕەکان دەکەین، ئینجا پشکنینی DNA بۆ سەرجەم ئەوانەی کەسوکاریان بێسەروشوێنن و بۆ روفاتەکان دەکەین".

لەگەڵ ئەو 52 روفاتە، تەنیا یەک ناسنامە دۆزراوەتەوە. نەقیب فەلاح دەڵێ "نازانین ناسنامەی کامەیانە، چونکە هەموویان تێکەڵ بوون، رۆژانە زۆر لەوانەی کەسوکاریان بێسەروشوێنە دێنە لامان، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ کەسێک پرسیاری لەو 24 روفاتە نەکردووە کە لە ناوچەی بردیا دۆزراونەتەوە".

حەسەن داوا لە کەسوکاریان دەکات پەلە نەکەن و دەڵێت: پشکنینی DNA ئاسان نییە، لەوانەیە 5 ساڵ بخایەنێت، هەتا پشکنین بۆ روفاتەکان و کەسوکاری بێسەروشوێنەکان بکەن و ئەنجامەکان دەربکەون، دواتر هەموو روفاتەکان لە دوو گۆڕستانی گەورە یەکێک لە سنونێ و ئەوی دیکە لە شنگال بەخاک دەسپێردرێن بۆئەوەی ببنە سیمبولی کارەساتی شنگال".

پسپۆڕێکی دادپزیشکی باسی پشکنینی DNA دەکات و دەڵێت "پێشتر لە بەغدا دەکرا، ئێستا لە هەولێر ئامێری پشکنینی DNA هەیە، بەڵام پارەیەکی زۆری دەوێت، جگە لەوەی هەر پشکنینێک دوو مانگ دەخایەنێت تاوەکو ئەنجامەکەی دەردەچێت".

ئەو پسپۆڕە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی "پرۆسەی پشکنینی کەیسی خەڵکی شنگال پێویستی بە 300 ملیۆن دۆلار هەیە، چونکە پشکنینی هەر سەمپڵێک 30 هەزار دۆلاری تێدەچێت، ئەگەر پشکنین بۆ پێنج هەزار بکرێ نزیکەی 300 ملیۆن دۆلاری پێویستە".

### 17یان بێ سەرن

نەسرەت بادی، بەڕێوەبەری گشتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان لە دهۆک باسی ئەو کەیسە دەکات و دەڵێت "ئەو 52 تەرمە هەموویان تیکەڵ بوون، چونکە ئەوان لەسەر زەوی بوون، لاشەیان رزی بوو، تەنیا ئێسکیان مابوو. جگە لەوەش 17 لەو تەرمانە سەریان پێوە نەبوو". ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەو کەسانە لایەن داعشەوە سەربڕدراون.

نەسرەت بادی هەروەها گوتی "پێشبینی دەکەین زۆربەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە ناوچەی قیبەلت بن کە هێشتا رزگار نەکراوە و لە بن دەستی داعشدایە".

# ئێزدییەکان رۆژانە دەچنە نێو حەشدی شەعبی

### بەرپرسی هێزی پاراستنی شنگال (حەشدی شەعبی شنگال): زۆر کەس دەستخۆشیمان لێدەکەن

### رماندەیەکی ئێزدی: ئەگەر مووچە نەدرێت ناتوانم رێگە لە براکەشم بگرم

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

هەرچەندە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە 24ی مانگی رابردوو بە نووسراوێک داوای لە وەزیری پێشمەرگە کردووە کارەکانی حەشدی شەعبی لە شنگال رابگرن، بەڵام هەتاوەکو ئێستا ئەو هێزە لە ناوچەی شنگال بەردەوامە لە چالاکییەکانی و فەرماندەیەکی پارتیش کە ئێزدییە، هۆشداری دەدات لە دواکەوتنی مووچەی پێشمەرگە.

بەرپرسی ئەو هێزە حەیدەر شەشۆیە کە ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتییە و ئێستا هێزەکەی (هێزی پاراستنی شنگال) لە ناوچەکە بە حەشدی شەعبی دەناسرێت، چونکە مووچە لە حەشدی شەعبی وەردەگرن. ناوبراو دەڵێت کارەکانیان نەک رانەگیراوە، بەڵکو رۆژانە خەڵک دەستخۆشییان لێدەکەن.

دوای هێرشی داعش بۆ سەر مووسڵ و دواتر هەنگاونانیان بەرەو بەغدا، حەشدی شەعبی بە فتوای عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق دروست بوو، بە هەزاران گەنجی شیعە چوونە ریزەکانی ئەو هێزەوە، ئێستا حەشدی شەعبی 42 فیرقەی جۆراوجۆریان هەیە. ئەو هێزە هەر لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق نەوەستاو بەڵکو پەلی هاوێشت بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان و ئێستا ئەو هێزە لە دەوروبەری کەرکوک مەشق دەکەن، جگە لەوەش یارمەتی هێزی پاراستنی شنگال دەدەن.

رۆژی 12ی مانگی رابردوو هەزار کەس لە هێزی پاراستنی شنگال لەلایەن حەشدی شەعبییەوە مووچەیان بۆ بڕایەوە، بەرپرسی ئەو هێزە گوتی کە ئەوە وەجبەی یەکەم بوو مووچەیان وەرگرت و وەجبەی دیکەش مووچە وەردەگرن.



هەفتەی رابردوو هەفتەنامەی (رووداو) راپۆرتێکی لەسەر ئەو هێزە بڵاوکردەوە. رۆژی دواتر (24ی شوبات) مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان نامەیەکی بۆ مستەفای سەید قادر وەزیری پێشمەرگە نارد کە داوای لێدەکات چالاکییەکانی ئەو هێزە راگرن و بە زووترین کات ئەو هێزە هەڵبوەشێننەوە.

بەڵام حەیدەر شەشۆ، بەرپرسی هێزی پاراستنی شنگال بە (رووداو)ی راگەیاند، هیچ بڕیارێکیان لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو هێزە بەدەست نەگەیشتووە "بە پێچەوانەوە رۆژانە خەڵک پەیوەندیمان پێوە دەکەن و حەز دەکەن بێنە ریزی هێزەکەی ئێمە".

حەیدەر شەشۆ کە بەپێی هەواڵەکانی ماڵپەری ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هێشتا ئەندامی ئەو ئەنجوومەنەیە، گوتیشی "زۆر کەس و لایەن و کەسایەتی دەستخۆشییان لێکردووین، کەس باسی راگرتنی هێزی ئێمەی نەکردووە".

لەگەڵ هێرشی داعش بۆ ناوچەی شنگال و چوونی ئێزدییەکان بۆ چیای شنگال، سەدان کوردی ئێزیدی چەکیان هەڵگرت و بڕیاریان دا بەرگری لە شوێنە پیرۆزەکانیان بکەن، ژمارەیەکیان بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر چیای شنگال مانەوە.

پاش کۆنترۆڵکردنی دەوروبەری چیای شنگال لەلایەن پێشمەرگەوە، زۆربەی ئەو کەسانە ناونووسکراون و ئەوکات بەڵێنیان پێدرا کە بخرێنە سەر وەزارەتی پێشمەرگە، بەڵام هەتا ئێستا هیچ مووچەیەکیان وەرنەگرتووە.

فەرماندەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئێزدییە و سەرپەرشتی هێزێکی 300 کەسی دەکات، گوتی "پێدانی مووچە بە هێزی پاراستنی شنگال لەلایەن حەشدی شەعبییەوە، کاریگەری زۆری هەبووە لەسەرئەوەی گەنجانی ئێزدی پەیوەندی بەو هێزەوە بکەن، چونکە پێویستیان بە مووچەیە، ئەو هێزەی ئێمە کە 3 مانگە ناونووس کراون، تاوەکو ئێستا مووچەیان وەرنەگرتووە".

ئەو فەرماندەیە کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی گوت "من پارتیم، دونیاش خراپ بێت هەر پارتیم، بەڵام ناتوانم کەسوکاری خۆم رابگرم، ئەگەر مووچەیان نەدرێتێ، تەنانەت ناتوانم برای خۆشم رابگرم، ئەگەر وا بڕوات هەموویان دەبنە حەشدی شەعبی".

ئەو فەرماندەیە داوا لە مەسعود بارزانی و بەرپرسانی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە دەکات "هەرچی زووە مووچەی ئەو کەسانە بدەن کە ناونووس کراون، ئەگەرنا دواتر هەموویان دەبنە حەشدی شەعبی، ناتوانین زۆریش لە کەس بکەین کە نەبنە حەشدی شەعبی، چونکە رەوشی ئابوورییان زۆر خراپە و پێویستیان بە پارەیە".

## د.یوسف محەممەد:

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

# ئیتاڵیا هاوکاری سەربازی دیکە دەنێرێت بۆ هەرێمی کوردستان


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**دوای گەڕانەوەی شاندەکەی پەرلەمانی کوردستان کە سەردانی سێ وڵاتی ئەوروپییان کرد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەبارەی هاوکاریی ڕۆژئاواییەکان بۆ کوردستان و پێشمەرگە، ئاوارەکان، دۆسیەی بە جینۆسایدناسینی تاوانەکانی دژی کوردی ئێزدی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد. د.یوسف محەممەد دەڵێ هەندێک لە سیناتۆرە ئیتاڵییەکان گوتیان کە هەست بە شەرمەزاریی گەورە دەکەن لەوەی وڵاتەکەیان نەیتوانیوە هاوکاریی کوردستان بکات". هەروەها (ڕووداو) لە ئەندامێکی شاندەکەوە زانیاری دەستکەوتبوو کە نوێنەری پاپای ڤاتیکان بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی ڕاگەیاندوە، پاپا بەم نزیکانە سەردانی کوردستان دەکات، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان گوتی "نامەوێ ئەو زانیارییە پشتڕاست بکەمەوە".**

**هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

**ڕووداو: دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ئەوە دووەمجارە سەردانی ئەورووپا دەکەن، بە ئەنجامەکانی ئەو سەردانە دڵخۆشن؟**

**د.یوسف محەممەد:** سەردانی یەکەممان بۆ هۆڵەندا بوو، لەوێ لەگەڵ پەیوەندییەکانی دەرەوەی هۆڵەندا دیدار و چاوپێکەوتنمان هەبوو، لەوێ ژمارەیەک کەسایەتی سیاسی و دیبلۆماسی هۆڵەندی و کەسایەتی کوردمان بینین، هەر لەو سەردانەدا ئێمە دۆسیەی جینۆسایدی کوردی ئێزدیمان بردە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کە بەڕاستی لە ئامانجەکەماندا سەرکەوتوو بووین و بۆ یەکەمجار دۆسیەیەکی جینۆسایدی دژ بە کورد لەو دادگایە وەرگیرا.

بەڵام لە سەردانی دووەمدا ئێمە چووینە ئیتاڵیا و سوید و ڤاتیکان، گەورە بەرپرسانی ئەو سێ دەوڵەتەمان بینی. ئێمە ئێستا زیاتر لە هەموو کاتێک پێوستمان بە دیبلۆماسییەکی بەهێز هەیە، پێویستمان بەشێوازێکی نوێی دیبلۆماسی هەیە بۆ نزیککردنەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە کوردستان و بنیادنانی وڵاتی دامەزراوە. دەبێ بە هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی نێودەوڵەتی و داودەزگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەو دیبلۆماسیەتە نوێیە دروستبکەین و جەخت لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانمان بکەینەوە. ئێستا ئێمە بەهۆی شەڕی دژی تیرۆرەوە، مەترسی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەشمان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ دروستبووە.

**ڕووداو: لە ئیتاڵیا سوپاسالاری سوپای ئیتاڵیات بینی، داوات لێکردبوون هاوکاری سەربازیی زیاتری کوردستان بکەن، بەڵام ئیتاڵیا چەکی داوەتە پێشمەرگە، ئێوە مەبەستتان چییە لە هاوکاری سەربازی؟**

**د.یوسف محەممەد:** شێوازی دیبلۆماسی پەرلەمانی، یەکێکە لە شێوازە هەرە لەپێشەکانی دیبلۆماسییەت، هەر بۆیە ئێمە وەک شاندە پەرلەمانییەکە چاومان بە سوپاسالاری ئیتاڵیا کەوت، پەرلەمانی وڵاتانی دونیا بڕیار دەدەن کە وڵاتەکانیان چۆن هاوکاریی ئەوانی دیکە بکەن.

ئیتاڵیا قەیرانی ئابووری هەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە بینیمان لە ئیتاڵیا خوێندنەوەیەکی زۆر دروست هەیە بۆ هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە. لە دیدارمان لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی سێناتی ئیتاڵیا و سوپاسالاری ئیتاڵیا و کۆمیتەکانی پەرلەمان، جەختمان لەسەر هاوکاریی سەربازی هەرێمی کوردستان کردەوە و ئاگادارمان کردنەوە لە مەترسییەکانی تیرۆر، جگە لە هاوکاریی سەربازی داوای بە هاناوەچوونی ئاوارەکانمان کرد.

**ڕووداو: ئەوان بەڕوونی پێیانگوتن کە چۆن هاوکارییە سەربازییەکانیان فراوانتر دەکەن؟**

**د.یوسف محەممەد:** سوپاسالاری ئیتاڵیا ڕوون و ئاشکرا باسی ئەو هاوکارییە سەربازییانەی کرد کە دەیانەوێ پێشکەشی هەرێمی کوردستانی بکەن و من ئێستا ناتوانم باسی بکەم. ئیتاڵیا یەکێکە لەوانەی لەنێو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشدایە و پشتیوانییەکی زۆر گەورە لە ئیتاڵیاوە بۆ هەرێمی کوردستان دروستبووە، تەنانەت هەندێک لە سیناتۆرە ئیتاڵییەکان لە دانیشتنێکدا هەستانەوە و گوتیان هەست بە شەرمەزارییەکی گەورە دەکەین کە وڵاتەکەمان پشتیوانی هەرێمی کوردستانی نەکردووە و دەبێ لەمەودوا جگە لە هاوکاری، قەرەبووی بێدەنگییەکەی ڕابردووشمان بکەینەوە.

**ڕووداو: ئێستا گەورەترین پشتگیری بۆ کورد پشتیوانییە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتەکەی، ئیتاڵییەکان گەیشتوونەتە ئەوەی لەو ڕووەوە پشتیوانی بێ پێچ و پەنای کورد بن؟**

**د.یوسف محەممەد:** هەندێک لە سیناتۆرەکانی ئیتاڵیا باسی دەوڵەتی گەورەی کوردستانیان دەکرد نەک تەنیا هەرێمی کوردستان. ئەوە گەورەترین پشتیوانییە.

**ڕووداو: زیاتر لە ساڵێکە بەغدا کوردستانی لەڕووی داراییەوە گەمارۆداوە و دەیگوشێ، ئەوروپییەکان هەڵوێستیان چییە؟**

**د.یوسف محەممەد:** بەداخەوە حکومەتی عێراق لە ماوەی ڕابردوودا بەڵێنی دا کێشەکانی خۆی لە کوردستان بە دانوستاندن چارەسەر بکات، بەڵام ئێمە هەنگاوی ناکامڵ دەبینین لە حکومەتی بەڕێز عەبادی، بەتایبەتی لە کێشە داراییەکان. ئەوە تەنیا کێشە نییە، بەڵکو هاوکاریی هێزی پێشمەرگە یەکێک لە گرنگترین پرسەکانە و چارەسەر نەکراوە. بە بەرپرسانی ئیتاڵیا و سوید و ڤاتیکانمان ڕاگەیاند لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا حکومەتی عێراق ئامادە نەبووە یەک دینار بۆ هێزی پێشمەرگە خەرج بکات. ئەو چەکە پێشکەوتووانە هاتوون بۆ سوپای عێراق بەڵام ئەو سوپایە نەیتوانی بەو هەموو زەبەلاحی و پارە زۆر و چەک و جبەخانە زۆرەوە، ئەرکی خۆی لە ئەستۆ بگرێت.

بە ڕوونی باسمانکرد و گوتمان هەموو ئەو چەکانەی نێردران بۆ سوپای عێراق، دۆڕاندیان و ئێستاش حەشدی شەعبی کە ماوەیەکی زۆر کەمە دروستکراوە، حکومەتی عێراق ئامادەیە بە ملیۆنان دۆلاریان بۆ خەرج بکات، بەڵام هاوکاری پێشمەرگە ناکات.

**ڕووداو: لە سوید داواکاریی ئێوەیان ڕەتکردەوە سەبارەت بە هاوکاریکردنی پێشمەرگە و پاساوەکەش دەستووری وڵاتەکە بوو، باشە بۆچی لە ڕووی دارایی و کۆمەکی ئاوارەکانەوە هاوکاریی پێشکەش ناکەن؟**

**د.یوسف محەممەد:** دەبێ خوێندنەوەیەکی وردمان بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانە هەبێت، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە سوید بەسیاسەتی خۆیدا چووەتەوە لەڕووی ناردنی چەک بۆ ئەو وڵاتانەی ململانێیان تێدایە. دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین لەڕووی دیبلۆماسییەوە کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانە جێبهێڵین. کەمترین جار داوای هاوکاریی سەربازیمان لە سوید کردووە، چونکە دەمانزانی سیاسەتی دەرەوەی سوید ڕێگە نادات. لە سوید داوای بەهاناوەچوونی ئاوارەکان و ژنانی کوردی ئێزدی و چارەسەرکردنی پێشمەرگە بریندارەکانمان کرد.

لە سوید جالیەیەکی بەهێز و چالاکی کورد هەیە و ئەو وڵاتە 100 بۆ 120 هەزار کوردی تێدایە، ئەوەش بۆ خۆی هاوکارییە.

**ڕووداو: هەر ئەوکاتەی ئێوە لەسوید بوون، دەزگای هەواڵگریی سوێد ڕێگەی نەدا شاندێکی پەرلەمانی سوێد بێنە کوردستان، پەرلەمانتارە سوێدییەکان نیگەرانی خۆیان لای ئێوە دەرنەبڕی؟**

**د.یوسف محەممەد:** بۆمان ڕوونکردنەوە کە بارودۆخی کوردستان زۆر ئاساییە و ڕۆژانە پێشمەرگە ڕووبەڕووی تیرۆرستان دەبێتەوە و ڕۆژانە شاندەکان دێن و دەچن، دڵنیاین لەم ڕۆژانەدا شاندە سوێدییەکە دێنە کوردستان و بەشێوەیەکی کاتی ڕاگیراون. ئەو شاندە هاتنە لای ئێمە و نیگەرانیی خۆیان دەربڕی.

**ڕووداو: بەڵام یەکێک لە پەرلەمانتارە سوێدییەکان گوێی بە هۆشداریی دەزگای هەواڵگری وڵاتەکەی نەدا و سەردانی کوردستانی کرد؟**

**د.یوسف محەممەد:** بەڵێ، یەکێک لەو پەرلەمانتارانە هاتە کوردستان و دڵنیام ئەوانی دیکەش دێن.

**ڕووداو: دواتر چوونە ڤاتیکان لەوێ چیتان کرد؟**

**د.یوسف محەممەد:** نوێنەری پاپای ڤاتیکانمان بینی، ڤاتیکان بەچاوی ڕێزەوە باوەش بۆ هەرێمی کوردستان دەکاتەوە و لەخۆگرتنی ئەو هەموو ئاوارە مەسیحییانە بەلای ئەوانەوە کارێکی مەزنە کورد کردوویەتی. ئەوان زانیاریان هەبوو کە مەسحییەکان لەنێو گەلی کورد پێکهاتەیەکی ڕێزلێگیراون و مافەکانیان پارێزراوە، بەڵام ئێمە داوامان لێکردن پشتگیریمان بکەن کە مەسحییەکان کوردستان جێنەهێڵن و بمێننەوە.

**ڕووداو: ڤاتیکان دەتوانێ چی بکات؟ ئێوە مەبەستتان لە پشتگیری مەعنەوییە؟**

**د.یوسف محەممەد:** ڤاتیکان دەوڵەتێکی بچووکە، بەڵام دەوڵەتێکی خاوەن نفوزە لەسەر ئاستی جیهان و دەتوانێ کاریگەری گەورە دابنێ لەسەر سیاسەتی یەکێتی ئەوروپا بەرامبەر بە کوردستان.

**ڕووداو: زانیاریمان هەیە کە نوێنەری پاپای ڤاتیکان پێیگوتبوون پاپا بەو نزیکانە سەردانی کوردستان دەکات؟**

**د.یوسف محەممەد:** من نامەوێ زانیاری لەو جۆرە پشتڕاست بکەمەوە.

**ڕووداو: ئەوان بەڵێنیان دا کارێک بکەن مەسیحی و کلد و ئاشوورییەکان لە کوردستان بمێننەوە؟**

**د.یوسف محەممەد:** بەڵێ، چونکە ئەوان کوردستان بە لانکەی ڕاستەقینەی مەسیحییەکان دەزانن و لەدێر زەمانەوە لەوێ نیشتەجێن، دەوڵەتی ڤاتیکان بەڵێنی ئەوەیان پێداین هەوڵ بدەن کە مەسیحییەکان لە کوردستان بمێننەوە و هاوکاری هەرێمی کوردستانیش بکەن بۆ ئەوەی ئاوارەکانی ناوچەکانی دیکەی عێراق، لە کوردستان نیشتەجێ بکرێن و ئەوان لە سیاسەتی هەرێمی کوردستان تێدەگەن.

**ڕووداو: چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی سەفەر بکەن، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و گلەیی ئەوەیان کرد کە لەکاتێکدا کورد شەڕی داعش دەکات، کەچی بۆ کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان نوێنەرایەتی کورد داوەتناکرێن، ئێوە ئەوەتان بە ئەوروپییەکان ڕاگەیاند؟**

**د.یوسف محەممەد:** ئەوکاتەی ئێمە لە ئیتاڵیا بووین، لە هەمانکاتدا کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لە میونخ هەبوو کە شاندێکی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەوێ بوون. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە گازاندەمان نەکردبێ لەو ڕووەوە، چونکە مەترسی هاوبەشمان لەگەڵ ئەوروپا هەیە.

**ڕووداو: بۆ بەجینۆسایدناسینی دۆسیەی ئێزدییەکان وەڵامتان وەرگرت؟**

**د.یوسف محەممەد:** ئەو بابەتە پێویستی بە هەندێک ڕێوشوێن هەیە و دەبێ کاری لەسەر بکرێت و دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ڕێوشوێنانە بگرێتەبەر. ئەو لیژنە باڵایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستیکردووە، ژمارەیەک بەڵگەی دیکەیان لەدوای سەردانەکەی ئێمە بردووە بۆ دادگاکە و هەندێک بابەتی دیکە هەیە من ناتوانم باسی بکەم، بەڵام بەردەوام ئیمێل لە دادگای لاهایەوە بۆ لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان دێت لەو بارەیەوە.

**ڕووداو: ئێوە لەوێ زۆر باسی چالاککردنی ڕەوەندی کوردیتان دەکرد، مەبەست چییە لە چالاککردن؟ ئایا کورد ئێستا لە ئەوروپا لۆبی هەیە؟**

**د.یوسف محەممەد:** ڕاستە ئێمە دیدارمان زۆر لەگەڵ ڕەوەندی کوردی هەبوو لە سوێد، دەمانەوێ لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە و ڕەوەندی کوردی ئیش بکەین؟

**ڕووداو: چۆن ئیش دەکەن؟**

**د.یوسف محەممەد:** پێویستمان بە هەندێک ڕێکاری یاسایی هەیە تاوەکو بتوانین ڕابگەین بە ڕەوەندی کوردی. کاتێک ئەوان دەگەڕێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان، چۆن کێشەکانیان چارەسەر بکرێ. دەبێ لەڕێگەی نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی کوردستان، هەرچەندە نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی کوردستان بۆخۆشیان دەرگیری هەندێک کێشەن، بەوپێیەی کارەکانیان بەباشی ڕێکنەخراوە. دەبێ لەماوەی داهاتوو ڕەوەندی کوردی بەدامەزراوەیی بکرێ.

**ڕووداو: پێشتریش پرسیم ئێستا دەتوانن بڵێن لۆبی کوردی هەیە؟**

**د.یوسف محەممەد:** 6 پەرلەمانتاری کورد ئەندامی پەرلەمانی سوێدن، ڕەوەندی کوردی لە سوێد زۆر چالاک دەجوڵێن و بەخۆپیشاندان و چالاکی زۆر هاوکاری کوردستان بوون، ئەگەر کارەکانیان بە دامەزراوەیی بکرێ، بەدڵنیاییەوە زۆر بەباشی دەتوانن ڕۆڵی لۆبی کوردی ببینن، سەرمایەیەکی گەورەی عەقڵین بۆ کوردستان و لە کارگە هەرەباشەکانی ئەوروپا کاردەکەن.

**ڕووداو: بەڵام ململانێی نێوان حیزبەکان و پارچەکانی کوردستان پەڕیوەتەوە نێو ڕەوەندی کوردستانی؟**

**د.یوسف محەممەد:** جیاوازی حیزبی لەنێو ڕەوەندی کوردیش دەبینرێ، بەڵام خۆشبەختانە کاڵترە، هەستی نەتەوەیی لەوێ تۆختره و باشترە.

**ڕووداو: تۆ لەکاتی سەردان و دانیشتنەکانت بەشێوەیەک قسەت دەکرد کە شەڕی داعش دەبێتە خێر بۆ کورد، ئەو گەشبینییە لەچییەوە هاتووە؟**

**د.یوسف محەممەد:** داعش ڕاستە مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ئێمە دەتوانین زۆر سوود لەو هێرشە وەربگرین کە داعش کردیە سەر هەرێمی کوردستان. دەتوانین هێزە چەکدارەکانمان و هێزی پێشمەرگە بە دامەزراوەیی و بەنیشتمانی بکەین. زیاتر لە جاران یەک گوتاری و ئەنجامدانی چاکسازی ڕیشەیی بیرخستینەوە بۆ ئەوەی لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە تۆکمەتربین. ئەو بارودۆخەی داعش هێناویەتییە کایەوە چانسی گەورەی بۆ دروستکردووین لەسەر ئاستی ناوچەکە و نێودەوڵەتی، ماوەتەوە سەر ئەوەی خۆمان بڕیار بدەین چۆن سوود لەو چانسانە وەربگرین.

**ڕووداو: ئێستا ئەوروپییەکان زیاتر لە ئەمریکا بایەخ بە کوردستان دەدەن؟**

**د.یوسف محەممەد:** بەڵێ، بەڵام دەبێ بزانین ئەمریکا ئەوکاتە لەداعش هاتە دەست کە هێرشی کردە سەر هەرێمی کوردستان، دەبێ لەنێوخۆماندا یەکگرتوو بین و ئەوەش یارمەتیمان دەدات تاوەکو وڵاتان یارمەتی زیاترمان بدەن.

> ئەو بارودۆخەی داعش هێناویەتییە کایەوە چانسی گەورەی بۆ دروستکردووین

> ئیتاڵییەکان گوتیان قەرەبووی بێدەنگی ڕابردووشمان بەرامبەر کورد دەکەینەوە

> هەندێک لە سیناتۆرەکانی ئیتاڵیا باسی دەوڵەتی گەورەی کوردستانیان دەکرد نەک تەنیا باشووری کوردستان

> بە ئەوروپییەکانمان گوت ئەو چەکانەی نێردران بۆ سوپای عێراق دۆڕاندیان

> بەردەوام دادگای لاهای ئیمێلمان بۆ دەنێرێ


(فۆتۆ: AFP)

## کۆمەڵ داوای خۆگونجاندنی پەرلەمانتارەکانی دەکات

**ڕووداو- سلێمانی**

مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان داوا لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکەی دەکات لەپەرلەمانی کوردستان کە لەگەڵ "بارودۆخی ئەمڕۆ" کاری پەرلەمانتاری بکەن. تۆفیق کەریم ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەکۆبوونەوەکەدا جگە لەدەستخۆشیکردن لە پەرلەمانتارانی کوردستان، داواشمان لێکردن تەفەهومی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان بکەن، ڕاستە ئەوان لەماوەی ڕابردوودا دۆسیەی گەندەڵی دەستیان کەوتووە و بڵاویانکردووەتەوە، بەڵام هەندێجار حاڵەتی تایبەتیش هەیە کە زیانی لەقازانجی زیاترە". فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان خاوەنی 6 کورسییە.

# "ئەمریکا و تورکیا ڕێ نادەن چەکی پێشمەرگە لە کۆبانێ بمێنێتەوە"

## بارەگای پێشمەرگەکانی پارتی و یەکێتی لە کۆبانێ جیا بوون

**عوبەید ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**

کاتێ سێیەم کاروانی هێزی پێشمەرگە گەیشتنە کۆبانێ، ئەوکات هێشتا 25%ی شارەکە لەدەستی داعشدا بوو، بەڵام دوای 11 ڕۆژ لە گەیشتنی ئەوان شارەکە بە تەواوی کۆنترۆڵ کرا، ئێستا ئەمریکا و تورکیا داوا دەکەن ئەو چەکەی پێشمەرگە لەگەڵ خۆی بردبووی بۆ کۆبانێ بیگەڕێنێتەوە.

عەمید موسلێح زێباری، فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە کۆبانێ دەڵێت "قەناعەتی تەواوم هەبوو کە لەسەر دەستی کاروانی سێیەمی پێشمەرگە کۆبانێ ڕزگار دەبێ و ڕزگاریش بوو".

### پارتی و یەکێتی لە کۆبانێش جیابوون

عەمید موسلێح زێباری باسی یەکەم ڕۆژی خۆیان دەکات لە کۆبانێ و دەڵێ "کاتێک بارەگای پێشمەرگەم بینی، هێزی پشتیوانی یەک لە شوێنێک بوو، هێزی پشتیوانی دوو کە سەر بە یەکێتی بوو لە بارەگایەکی دیکە بوو، هەر کاتێک بەرپرسێک دەهاتە لای ئێمە، سەردانی هەردوو بارەگای دەکرد، بەڕاستی شتێکی ناخۆش بوو، بۆیە لەگەڵ هاوکارانمان گەیشتینە بڕیارێک کە دەبێ یەک بارەگامان هەبێ و واشمانکرد".



کاروانی سێیەمی پێشمەرگە لە کۆبانێ

(فۆتۆ: عومەر کالۆ)

### گەورەترین پلانی داعش

فەرماندەکەی هێزی پێشمەرگە دەربارەی ڕۆژەکانیان لە کۆبانێ دەڵێت "45 ڕۆژ لەکۆبانێ بووین، توانیمان 370 گوند کۆنترۆڵ بکەینەوە. داعش لە گوندی شێران بەرگرییەکی زۆری کرد، لەو گوندە ماوەی دوو ڕۆژ شەڕ بوو، فڕۆکەکان و هێزی پێشمەرگە بە چەکی قورس ئەو گوندەیان تۆپباران کرد، لەو شەڕەدا داعش 18 تەرمی بەجێهێشت و گوندەکەش ڕزگارکرا. هەروەها لە گوندی مشکۆ لە ڕۆژئاوای کۆبانێ چەکدارانی داعش پلانێکیان دانابوو کە گەورەترین زەرەر لە هێزی کوردی بدەن، چونکە داعش خۆیان لەژێر خاک شاردبووەوە، بەڵام دوای دوو ڕۆژ ئەو گوندەش کۆنترۆڵ کراو ئەمیرێکی داعش لەوێ کوژرا".

خەڵکی کۆبانێ ئەوانەی ئاوارەی باکووری کوردستان بوون، کاتێ هەواڵی ڕزگارکردنی شارەکەیان زانی لە ئێوارەی 2015/1/26، هەندێکیان دەستبەجێ گەڕانەوە نێو شار و هەلهەلەیان لێدەدا و دەستیان بە دیلان و گۆڤەند کرد. عەمید موسلێح دەڵێت "پێشمەرگەکانیان لە باوەش گرت و ئاڵای کوردستانیان ماچ کرد، هەر سوپاسی ئێمەیان دەکرد".

### بارزانییەکان تەلەفۆنیان کرد

عەمید موسلێح باسی ساتەکانی ڕزگارکردنی کۆبانێ دەکات و دەڵێت "دوای ئەوەی کە ڕاگەیێندرا کۆبانێ ڕزگار بوو، کاژێر 9ی شەو کاک نێچیرڤان بارزانی پەیوەندی پێوەکردم و گوتی سەری ئێمەتان بڵندکرد و مێژوویەکتان تۆمارکرد، چاوی هەموو پێشمەرگەکان یەک بە یەک ماچ دەکەم".

هەروەها دەڵێت "کاک نێچیرڤان پێیگوتم ئەگەر خوا یار بێ لە دهۆک ئێوە دەبینم و ئێوە جێی شانازیی ئێمەن، دوای کاژێرێک سیداد بارزانی تەلەفۆنی کرد و دوای پیرۆزبایی گوتی سەرۆک بارزانی دەیەوێ قسەت لەگەڵ بکات".

موسلێح زێباری باسی پەیوەندییەکەی بارزانی کرد و گوتی "یەکسەر جەنابی سەرۆک بە ناوی نهێنی کە لە ساڵی 1994ەوە ئەو ناوەم هەیە، قسەی لەگەڵ کردم و پیرۆزبایی لێکردین، زانیم زۆر زۆر خۆشحاڵە و گوتی، ئێوە کارێکتان کردووە هەموو جیهان شانازیی پێوە دەکات".

ڕۆژی دواتر وەزیری پێشمەرگە و زۆربەی بەرپرسانی دیکە پەیوەندییان پێوە کردوون و پیرۆزباییان لێکردوون، بەڵام دەڵێت "قەندیل پەیوەندی پێوە نەکردین".

دەربارەی هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و هێزی یەپەگە، موسلێح زێباری دەڵێ "قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان هەستمان نەکرد کە ئێمە دوو هێزین لە کۆبانێ و بۆ هەر شەڕێک پێکەوە پلانمان دادەنا و جێبەجێمان دەکرد. کاتێک کۆبانێش ڕزگارکرا، یەکەمجار ڕێگەیان بە ئێمە دا قسە بکەین".

### دەبێ چەکەکان بگەڕێننەوە کوردستان

چەکی پێشمەرگە کەم بوو، کاتێک کاروانی سێیەم گەیشت، پێشمەرگە بێ تەقەمەنی بوو، ئەوەی مابوو ئەویش تەواوبوو. فەرماندەی پێشمەرگە ناچاربوو پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە بکات "بەڵام ئاگادارکرامەوە کە ئەوە بیست ڕۆژە تورکیا ڕێگە نادات تەقەمەنی بگاتە دەستی ئێمە".

زێباری دەڵێ "ناچاربووم لەگەڵ دوو لە برادەرانی خۆم سەردانی ئۆرفا بکەم و لەوێ پارێزگاری ئۆرفا پێیگوتم کە ئەوە هیچ پەیوەندی بەمنەوە نییە. ئەفسەرێکی باڵای سوپای تورکیاش لەوێ بوو گوتی خەمتان نەبێ، ئەگەر داعش هێرشیکرد، ئەگەر فڕۆکەی هاوپەیمانانیش ئێوە نەپارێزێ، ئێمە ڕێگە نادەین داعش نزیکتان ببێتەوە، دوای چەند ڕۆژێک ڕێگە درا ئەو چەک و تەقەمەنییە بگاتە دەست پێشمەرگە. چەکەکە لەگەڵ کاروانی یەکەم ڕۆیشتووە، ئەوەی دێ تەنیا تەقەمەنییە. داوای چەند قەناسێک و چەکی میلانمان کرد، بەڵام ڕێگە نەدرا ئەو چەکە بگاتە دەست پێشمەرگە و گوتیان بەگوێرەی ڕێککەوتن ئەو چەکەی لەگەڵ یەکەم کاروانی پێشمەرگە هاتووە بۆ کۆبانێ، هەر ئەوەیە و نابێ چەکی زیاتر بڕوات، تەنیا ڕێگە بە تەقەمەنی دەدرێ و ئەمریکا و تورکیا ڕێگە نادەن یەک چەکی پێشمەرگە لە کۆبانێ بۆ هێزەکانی YPG بمێنێتەوە و دەبێ هەمووی بگەڕێندرێتەوە".

# 9 فەرمانبەری دهۆک لە شەڕی داعش شەهید بوونە

## برای یەکێک لەو فەرمانبەرانە: داواکارین بکرێن بە شەهیدی سەنگەر

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

لە سەرەتای هێرشەکانی داعشەوە بۆ سەر کوردستان تاوەکو ئێستا 9 فەرمانبەری فەرمانگە حکومییەکان لەدهۆک لە بەرەکانی شەڕدا شەهید بوونە و 30 فەرمانبەری دیکەش بریندارببوونە. برای یەکێک لەو شەهیدانە داوا دەکات وەکو شەهیدی سەنگەر حیسابیان بۆ بکرێت، بەڕێوەبەری گشتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوانیش لە دهۆک دەڵێت ئەو فەرمانبەرانە بە شەهیدی سەنگەر تۆمار دەکەین.

دایکی فەرهاد، وێنەی کوڕەکەی لە چوارچێوەیەک گرتووە و لە ماڵەوە هەڵیواسیوە و سەیرێکی وێنەکەی دەکات و چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمسێک. ئەو بەوە دڵی خۆی دەداتەوە "شەڕی داعش دژی هەموومانە، نابێت کەس بڵێت ئەمە شەڕی من نییە".

بەیانییەک فەرهاد زوبێر بە دایکی دەڵێت کە دەبێت بچێ بۆ زوممار بۆ هەڵگرتنەوەی مین. دایکی هەرچەندە دەزانێت ژیانی کوڕەکەی لە مەترسیدایە، بەڵام دەڵێت "پێمگوت بڕۆ وەغرت بەخێر". ئیدی فەرهاد بە زیندوویی نەگەڕایەوە. فەرهاد کە کارمەندی دەزگای گشتیی مین بوو، لەگەڵ چەند فەرمانبەرێکی دەزگاکەی لە ناوچەی زوممار ئەو مین و تەقەمەنیانەیان پووچەڵ دەکردەوە کە چەکدارانی داعش لە دوای خۆیان جێیانهێشتبوو، بەڵام ڕۆژی 28/12/2014 لەکاتی کارەکەیان بۆمبێکی چێنراوی پێدا دەتەقێتەوە و لەگەڵ سێ هاوڕێی دیکەی شەهید دەبن.

دایکی فەرهاد خۆی بە سەربەرز دەزانێ بە شەهیدبوونی کوڕەکەی و دەڵێت "ئەگەر کوڕی من و کوڕی یەکێکی دیکە نەچێت بۆ شەڕ، داعش دێت و کچ و ژنەکانمان تاڵان دەکەن".

فارس زوبێر کە برای فەرهادە و ئەویش کارمەندی دەزگای مینە، دەڵێت "من سەربەرزم بە شەهیدبوونی براکەم، بەڵام داوا لە حکومەت دەکەم وەکو شەهیدی سەنگەر حیسابیان بۆ بکرێ".

جگە لە وەزارەتی پێشمەرگە و خەڵکی خوبەخش، لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی دژی داعش، بەپێی پێوست فەرمانبەرانی مەدەنیش بەشداریی ئەو شەڕەیان کردووە و هاوکاری پێشمەرگە بوون، لەوانە فەرمانبەرانی وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و دەزگای مین. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لە سەرەتای شەڕی داعشەوە تاوەکو ئێستا 9 فەرمانبەری مەدەنی لە شاری دهۆک لە بەرەکانی شەڕ شەهید بوونە و نزیکەی 30 فەرمانبەریش بریندارببوونە.

نەسرەت بادی، بەڕێوەبەری گشتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان لە دهۆک دەڵێ "خەریکی کۆکردنەوەی زانیارین لەسەر ئەو فەرمانبەرانە، بەڵام پێشتر نووسراومان بۆ هاتووە کە جگە لەو پێشمەرگانەی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن، پێشمەرگەی خۆبەخش و فەرمانبەرانی مەدەنی کە لەبەرەکانی شەڕن، ئەگەر شەهید بوون، هەمان ئیمتیازی شەهیدی سەنگەریان دەبێت".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون لەبەرەکانی شەڕ، لە سنووری پارێزگای دهۆک هەر لە شنگالەوە تاوەکو چیای زرتک 800 فەرمانبەری فەرمانگەکانی دهۆک لە بەرەکانی شەڕن.

سەبارەت بە تۆمارکردنی ناوی شەهیدانی شەڕی داعش، نەسرەت بادی دەڵێت "هەتا ئێستا ناوی هیچ شەهیدێکی شەڕی داعش بۆ ئێمە نەهاتووە، چونکە ئەوانە دوای شەهیدبوونیان مووچەکەی خۆیان لە وەزارەتی پێشمەرگە وەردەگرن، کاتێک مووچەکەیان دەکرێت بە شەهیدانە، کەسوکاریان لە هەر شوێنێک پێویستیان بە پشتگیری ئێمە بێت، پشتگیرییان دەکەین".

هەر پێشمەرگەیەک کە شەهید دەبێت، دوو پلە دەچێتە سەر خزمەتەکەی و مووچەی شەهیدانەی بۆ دەبڕدرێتەوە. نەسرەت بادی داوا لە فەرمانگەکانی حکومەت دەکات کە هەمان کار بۆ فەرمانبەرە شەهیدەکان بکەن و دوو پلەی لە خزمەتی وەزیفی بۆ بەرز بکەنەوە، چونکە ئەم ئیمتیازە ئەوانیش دەگرێتەوە.

ئەندامێکی لێژنەی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت خەریکی کۆکردنەوەی داتا و ناوەکانی ئەو فەرمانبەرانەن کە لە بەرەکانی شەڕن.

نەجات محەممەد نهێلی، ئەندامی لێژنەی ناوبراو بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ئامارە بە فەرمی دەبەمە پەرلەمانی کوردستان و داوا دەکەم ئەو فەرمانبەرە شەهیدانە هەمان ئیمتیازی شەهیدی سەنگەریان هەبێت".

# لە 250 هامەر و تانکی ئەمریکی تەنیا 25یان دراون بە پێشمەرگە

**سیروان عەباس**
**ڕووداو- هەولێر**

لێژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند حکومەتی ئەمریکا وەکو قۆناغی یەکەمی هاوکارییە سەربازییەکانی بۆ حکومەتی عێراق 250 تانک و هامەری ڕادەستی حکومەتی عێراق کردووە، بەڵام تەنیا 25 لەو تانک و هەمەرانە دراون بە هێزی پێشمەرگە.

وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا سەبارەت بە هاوکارییە سەربازییەکەی بۆ عێراق ڕایگەیاندووە، بەهای هاوکارییەکان زیاترە لە 18 ملیۆن دۆلار، ئامانجی ئەم هاوکارییەش بەرزکردنەوەی توانستی سوپای عێراقە بەرامبەر بە داعش.

شاخەوان عەبدوڵڵا، بڕیاردەری لێژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕایگەیاند "لە کۆی ئەو هاوکارییە سەربازیانەی کە بە وەزارەتی بەرگریی عێراق گەیشتووە، تەنیا 10%ی بۆ هێزی پێشمەرگە نێردراوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە هێزی سەرەکی لە عێراق بەرامبەر داعش وەستابێتەوە و شەڕ بکات، هێزی پێشمەرگەیە".

شاخەوان عەبدوڵڵا گوتیشی "سەبارەت بە هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ هێزی پێشمەرگە لە ڕێگای بەغداوە، قسەمان لەگەڵ خالد عوبێدی، وەزیری بەرگریی عێراق کردووە و پێیڕاگەیاندووین، ئەمە هەنگاوی یەکەمی هاوکارییەکانە و بەڵێنی ئەوەشی داوە کە هەر هاوکارییەکی سەربازی بگاتە بەغدا پشکی کوردی تێدا دەبێت".

زۆربەی وڵاتان بۆ ناردنی چەک لە سەرووی هەموشیانەوە ئەمریکا، لە ڕێگەی بەغداوە مامەڵە لەگەڵ کورد دەکەن. زانا ڕوستایی، ئەندامی لێژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دوای کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراق، ڕێکەوتننامەیەکی سەربازی لە نێوان هەردوولادا واژۆ کراوە، بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیە حکومەتی ئەمریکا بەبێ گەڕانەوە بۆ وەزارەتی بەرگریی عێراق، ناتوانێت هاوکاریی سەربازی و لۆجیستی هیچ هۆز و لایەنێکی دیاریکراو بکات".

ڕوستایی گوتیشی "هەرچەندە دەستەی حەشدی شەعبی، ئێستا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دانی پێدا نراوە وەکو هێزێکی شەرعی، بەڵام هاوکاریکردنی ڕاستەوخۆی ئەو هێزە لەلایەن ئەمریکاوە پێچەوانەی یاسا و عورفی نێودەوڵەتییە".

سەبارەت بە خەرجییەکانی حەشدی شەعبی، شاخەوان عەبدوڵڵا بڕیاردەری لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت "ئەبو مەهدی، سەرۆکی گشتی حەشدی شەعبی پێیڕاگەیاندووین کە بە دوو قۆناغ و لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا 649 ملیۆن دۆلار و 500 ملیار دیناریان لە داهاتی گشتی عێراق بردووە".

لەبارەی بەکارهێنانی ئەو بڕە پارەیەشەوە، گوتی "144 ملیۆن دۆلاریان داوەتە وەزارەتی بەرگریی عێراق و 89 ملیۆن دۆلاریان داوەتە وەزارەتی ناوخۆ و 2 ملیار و 600 ملیۆن دیناریان داوەتە هێزی پاراستنی شنگال کە هێزێکی کوردییە، بەڵام ئەو کارەیان بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە".

بڕیاردەری لێژنەی ئاسایش و بەرگری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە بەدواداچوونەکانی بۆ دروستیی هەواڵی دابەشکردنی ئەو بڕە پارەیە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە، دەڵێت "بەئامادەبوونی سەلیم جبووری، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق داوای ڕوونکردنەوەمان لە خالید عوبێدی، وەزیری بەرگریی عێراق کرد و لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا چەند پارەتان لە حەشدی شەعبییەوە بەدەست گەیشتووە، گوتی: هیچ پارەیەکمان لە حەشدی شەعبی وەرنەگرتووە، بە پێچەوانەوە ئێمە هاوکاری حەشدی شەعبی دەکەین".

عەباس موسا زاملی، سەرۆکی لێژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق نایشارێتەوە کە داهاتی گشتی بە هەدەر دراوە و بە (ڕووداو)ی گوت "لێژنەی ئاسایش و بەرگری دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە لەسەر بەهەدەردانی داهاتی گشتیی عێراق، بە ناوی هاوکاریکردنی هێزی ئەمنی و حەشدی شەعبی".



ڕووداو
ژمارە (349) دووشەممە 2015/3/2

# ئیسرائیلیەکان شەیدای کچە شەڕڤانانی کوردن

لازار بێرمان
ڕووداو- ئۆرشەلیم



ڕۆژنامەڤـان ئیتای ئانخێل دەچێتە ریزەکانی پێشـەوەی جەنگی دژ بە دەوڵەتی ئیسـلامی و سەرنجی وڵاتێک بۆ خۆی رادەکێشێ.

دوو ئەندامـی دەسـتگیرکراوی دەوڵەتـی ئیسلامی بە چاوبەستراوی لە ژوورێکدا دانیشتوون و ڕۆژنامەڤانێکیش ڤیدیۆیان لێدەگرێ. گیراوەکان ناویان حوسێن شەداد و ئەمیر ئەحمەد عەلییە. ئەمـەی دووەمیان دەڵێت ئەمیـری 20 چەکدار بووە.

ڕۆژنامەڤانەکـە دەپرسـێت " چەند کەسـت کوشـتووە؟" ئەمیـر دەڵێـت" نازانـم، زۆرم کوشـتوون... تەقـەم لە هەندێکیان کـردووە و هەندێکیشیانم‌سەربڕیوە."

بەبێ سڵکردنەوە، شەداد باسی سەربڕینەکان دەکات " لەکاتی سـەربڕیندا ڕوومان پێدەکردنە باشوور و بە چەقۆ سەرمان لێدەکردنەوە."

شەداد بەردەوام دەبێت و دەڵێ "بە مەبەست چەقۆی کولم بەکاردەهێنا، بۆئەوەی ئازاری زۆرتر ببینێ لەکاتی لێکردنەوەی سەری".

دوو ئەندامەکەی داعش لە شەڕەکانی ناوچەی مەخموور کەوتبوونە دەست هێزەکانی پەکەکە.

ئـەو کەسـەی وێنـەی دەگرتن و پرسـیاری لێدەکـردن، ئیتای ئانخێـل، ڕۆژنامەوانی ئیتالی بـوو کە دەیان هەزار خێزانی ئیسـرائیلی بەدیار ڕاپۆرتەکانییەوە دادەنیشن.

## "ئێمە کابووسی داعشین"

ڕۆژی 22ی کانوونی یەکەم، ئیسرائیلییەکان بـە دیار بەرنامەیەکـەوە دانیشـتبوون بەناوی" Uvda" واتـە راسـتی. کـە لەلایـەن ئیتـای ئانخێڵـەوە ئامادەکرابـوو، ئـەو ڕۆژنامەڤانـەی لەلایەن ئیسـرائیلیەکانەوە لە بەرە جیاوازەکانی جەنگدا بینراوە، وەکو کۆسـۆڤۆ، ئەفغانستان، لوبنان و هەروەها فەللوجە.

ڕاپۆرتەکـەی ئانخێـل لەبـارەی داعـش و شەڕڤانانی کورد لە ئیسرائیل دەنگیدایەوە.

ئیسرائیلییەکان بەتاسـەوە بوون بۆ بینینی ڤیدیۆی تیرۆریستە دەستگیرکراوەکان.

پارتی لیکودی بنیامیـن ناتانیاهو بەمدواییە ڕایگەیاند کـە ڕکابەرەکەی، واتە پارتی یەکێتی زایۆنیسـتی، بووەتە هۆی زیادکردنی هەڕەشەی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ سەر ئیسرائیل. کۆنفرانسی سـاڵانەی توێژینەوە لە ئاسایشـی نەتەوەیی لە تەلئەڤیـڤ بەشـێوەیەکی سـەرەکی تەرکیزی خستبووە سەر داعش.

بەڵام ئیسـرائیلیەکان بەدیار شتێکی دیکەی نێو ڕاپۆرتەکەی ئانخێل-ەوە واقیان وڕمابوو: ژنە شەڕڤانانی کوردی سەر بە پەکەکە.

وەک وڵاتێکـی لیبـراڵ دیموکراسـی لـەو ناوچەیەی جیهاندا کە مافەکانی ژن بەشێوەیەکی ئاسـایی پێشـێل دەکرێن، ئیسـرائیل شـانازی دەکات بـە پێگەی ژنان لە کۆمەڵگادا. لە هێزی بەرگریی ئیسـرائیلدا، ژنان لە پۆسـتی جیاوازدا دەبینرێن، وەکو فڕۆکەوانی جەنگی، ئەفسـەری هەواڵگری و سەربازی سادە.

بـەڵام بینینی ژنانی شـەڕکەر لەنێو گەلێکی دیکـەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، هەروەهـا تێکشکاندنی داعش لەلایەن یەکەیەکی شەڕکەری ژنانەوە شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشە.

ئیسرائیلیەکان بینییان ژنە شەڕڤانانی کورد بێ دوودڵی لەدژی دەوڵەتی ئیسلامی شەڕدەکەن. لە راسـتیدا ئامادەیی ئەوان لە بەرەی پێشەوەی شـەڕدا بووەتە مایەی پەرێشانی و ترس لە دڵی جیهادییەکاندا کە باوەڕیان وایە ناچنە بەهەشت، یـان حـۆری وەرناگرن ئەگەر لەلایـەن ژنێکەوە بکوژرێن.

ئانخێل لەبارەی فیلمـە دۆکیومێنتارییەکەی قسـەی بـۆ (ڕووداو) کـرد و گوتـی "سـەیری کاردانەوەی ژنانی ئیسرائیل بکە، ئیسرائیلییەکان دۆکیومێنتارییەکـە دەبینن دواتر تێدەگەن چۆن شـەڕ دەکەن. شـتێکی زۆر سەرسـوڕهێنەرە و تێڕوانینی خەڵکی گۆڕیوە... کاریگەری هەبووە.

تەنانەت کۆمەڵێک ژن دەیانەوێ پەیوەندی بکەن بە یەپەژە و پەکەکەوە. بەڵام ناکرێ هاوکارییان بکرێ چونکە نایاساییە".

ژنە هونەرمەندێکی ئیسرائیلیش کە کەوتبووە ژێـر کاریگەریـی ژنـە شـەڕڤانان، نیگارێکـی میدیای کێشـابوو کە فەرماندەیەکـی یەپەژەیە و لـە دۆکیومێنتارییەکـەدا باسـی کـراوە، ژنە هونەرمەندەکـە داوای لـە ئەنخێـل کـردووە نیگارەکەی بۆ بنێریت.

ئانخێل لە دۆکیومێنتارییەکەدا دەڵێت "لەلای داعشـەوە هەر شتێک بجووڵێ، تەقەی لێدەکات و دەیکوژێ. ئێستا ئێمە چیرۆکێک لە چاوی ئەو شـەڕڤانانەوە دەبینین کە توانیویانە سەرکەوتن تۆمار بکەن لە وەسـتاندنی داعش... هەموومان دەزانین دەکرێ چ شـتێک ڕوویدات ئەگەر تەنیا چەند شەقامێک بچینە ئەولاوە".

ئانخێل لە ژنە شـەڕڤانێک دەپرسێ "ئایا لە داعش دەترسێی؟".

شـەڕڤانەکە بە خەنـدەوە دەڵێـت "نەخێر، بەپێچەوانـەوە ئـەوان لەئێمە دەترسـێن، ئێمە کابوسی داعشین. من چاوەڕێی هاتنی ئەوانم".

ڕاپۆرتەکـەی ئانخێـل تەرکیزێکـی تایبەتی خسـتووەتە سـەر میدیا کە ژنە فەرماندەیەکی شەڕڤانانی یەپەژەیە و ساڵی 2010 بۆیەکەمجار لەسـەر سنووری عێراق و تورکیا چاویان بەیەک کەوتووە.

میدیا بە ئانخێل دەڵێت "پێشـتر سـەردانی ئێمـەت کـردووە، بینیـت چـۆن لـە دژی ئەو دەوڵەتانـە چالاکیمـان دەکرد کـە زۆر لە ئێمە گەورەترن و خۆیان بە بەهێزتر دەزانن. سەیرکە، هەر لایەنێک خۆی بە هێزێکی سەربازیی گەورە نەزانـێ، ئەوە وەکو داعـش پروپاگەندە بۆخۆی دەکات. ڕاسـتییەکە ئەوەیـە ئەندامانـی داعش شـەڕکەری لێهاتوو نین. ئـەو ئازایەتی و گیانی شـەڕکردنەیان نییە کە لە ڤیدیۆکاندا نیشـانی دەدەن".

میدیا دەڵێت هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات بەرامبەر ژنە شەڕڤانەکان بۆ پاراستنیان لەوەی نەکەونە دەستی داعش.

ئەو پێکەنینی دێت بە بیرکردنەی چەکدارانی داعـش لەبـارەی ژنـان و ئەوەی لە بەهەشـت چاوەڕێیان دەکات "لەکاتێکدا زۆربەیان بەدەستی ژنان کوژراون".

## "عێراقی یەکگرتوو کۆتایی هات"

ئانخێل، 46 سـاڵ، لەسـەر کەناری دەریایی باشووری تەلئەڤیف چێژ لە هەڵچوون و داچوونی شـەپۆلەکانی دەریای ناوەڕاسـت دەبینێ. هەر لەوێ قسەی بۆ ڕووداو کرد و باسی ئەوەی کرد کە بە گەنجی سـەرباز بووە. پاشـان ڕوودەکاتە کاری ڕۆژنامەڤانی، کار بۆ ڕادیۆی سوپا دەکات. لەگـەڵ تێکچوونـی ئاسایشـی جیهان لـەدوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤێت، خواستی ئانخێل ئەوە بـوو خۆی بگەیەنێتە ئـەو ناوچانەی گۆڕانکاری مێژوویان تێدا ڕوودەدات. تەنیا بە کیسە خەوێک و ژمارە تەلەفۆنی دوو کەسـی ناوچەکە، ئانخێل بە گەشتێک ڕوودەکاتە کرواتیا.

دواتر ڕوومالّی شەڕەکانی بۆسنی و کۆسۆڤۆ دەکات، هەروەها دەچێتە رواندا، ئەفغانسـتان، لوبنان، عێراق و سووریا.

لە گەشتەکانیدا چەند جارێک چاوی بە جەیمز فۆڵی کەوتووە کە لەلایەن داعشەوە دەستگیرکرا و سەربڕدرا.

ئانخێـل سـاڵی 2003 ڕوودەکاتـە عێـراق، کەمێک دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام.

لـە هەمـان سـاڵدا سـەردانی کەمپەکانـی مەشـقپێدانی سـوپای نوێـی عێـراق دەکات. لەوبارەوە دەڵێت "کاتێک سـوپای نوێی عێراقم بینی، دوو شـتم دەزانی: یەکەم سـوپایەکی بێ سەروبەر دەبێت، دووەم دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دروست دەبێت.

ئـەو دەڵێت هەرگیز جارێکی دیکە عێراقێکی یەکگرتوودروستنابێتەوە.

## "ڕۆژاڤا دەوڵەتێکی نوێیە"

ئانخێل وا هەسـتدەکات دۆکیومێنتارییەکەی کاریگەریەکی گرنگی لەسـەر خەڵکی ئیسرائیل هەبووە بۆئەوەی چاویان بەڕووی کوردی سووریا و پشتگیریکردنی کورد بەگشتی بکەنەوە.

لەوبـارەوە دەڵێـت "ئێسـتا خەڵکـی ئیسـرائیل شـەیدای کـوردن، ڕەنگـە بەهـۆی دۆکیومێنتارییەکـەوە بێـت، هەروەهـا بـە لەبەرچاوگرتنی خراپبوونی پەیوەندیی ئیسرائیل و تورکیـا و بوونـی ئەردۆغـان بـە یەکێـک لـە کەسـایەتییە بێـزراوەکان لـە جیهانـدا... کاتێـک تێدەگـەی، ئەمانـە ئـەو کوردانەن کە جینۆسایدکراون".

تێگەیشتنێکی گرنگی دیکەش هەستکردنە بە تـاوان، ئانخێل دەڵێت پەیوەنـدی نزیکی نێوان ئیسرائیل و تورکیا واتای ئازاردانی کورد بوو.

"ئیسـرائیل بووەتە هۆی ئازاردانی زۆری ئەو کوردانەی کە ئێسـتا هەسـتمان بۆیان جولاوە، چونکـە ئێمە چەک و فڕۆکـەی بێ فڕۆکەوانمان دەفرۆشـتە تورکیـا بۆئـەوەی لـەدژی کـورد بەکاری بهێنێ. خەڵک کاتێک دەزانن فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی ئیسرائیل و بۆمبەکانی ئیسرائیل بـۆ کوشـتنی میدیا و هەڤالانـی بەکارهێنراون، بیرکردنەوەیـان دەگۆڕێـت. دەڵێن ئـەوە چەند بێمانایـە؟ ئێمە ئەوەمان نەدەزانی. ئێسـتا کە دەیزانن. بۆ من زۆر گرنگ بوو لەوە ئاگادار بن".

ئانخێل دەڵێت ڕای گشتیی ئیسرائیل هەمیشە لایەنگـری کـورد بـووە. سیاسـەتی حکومەت جیاوازە. سەرکردەکانی ئیسرائیل بە پشتبەستن بـە لێکدانـەوەی ڕووتی هێز بڕیاری سـتراتیژی دەدەن.

بـەڵام توانای سـەربازیی هێـزە کوردییەکان کاریگـەری خـۆی هەیە "کورد سـەلماندیان کە پێکهاتەیەکـی بەهێزن. نەک تەنیـا گەلێک کە سۆزت بۆیان بجووڵێ. بەڵکو دەبێ حسابیان بۆ بکەی لەبەرئـەوەی بەهێزن، ئەوە گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئیسرائیلدا دروست دەکات".

ئانخێل هیواخوازە کە ئیسرائیل ببێتە لایەنێکی سەرەکی بۆ یارمەتیدانی کورد لە بەدەستهێنانی سەربەخۆییدا. بەڵام مەبەستی تەنیا سەربەخۆیی هەرێمی کوردسـتان نییە. "ڕۆژاڤـا دەوڵەتێکی نوێیە لە جیهاندا، پێمان خۆش بێت یان نا".

دەیڤید کامیرۆن:

# بەبێ بەغدا ناتوانین ڕاستەوخۆ چەک بدەینە پێشمەرگە

## لە هۆکاری بانگهێشتنەکردنی کورد بۆ کۆنگرەکەی لەندەن دەکۆڵمەوە



(فۆتۆ: AFP)

گاری کێنت
ڕووداو- لەندەن

سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا ڕایگەیاند کە بەبێ پرسـی بەغدا ناتوانن ڕاسـتەوخۆ چەک بنێرن بـۆ هێزەکانی پێشـمەرگە. هەروەهـا هۆکاری بانگهێشتنەکردنی کورد بۆ کۆنگرەکەی لەندەن ئاشکرا دەکات.

لە کۆبوونەوەیەکی ئاساییدا لە نێوان دەیڤید کامیرۆن و سـەرۆکی لیژنەکانی ناو پەرلەمانی بەریتانیـا، بەرپرسـی کۆمیتـەی کاروبـاری دەرەوەی پەرلەمان چەند پرسـیارێکی لەبارەی هـاوکاری سـەربازیی بەریتانیـا بـۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە دەیڤید کامیرۆن کرد.

پرسـیار لەسـەر هاوکارییـە سـەربازییە سنووردارەکانی بەریتانیا بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا گفتوگـۆی لەبارەوە کرا کە بەمدواییە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی لێکەوتەوە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی بەریتانیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سـێر ریچارد ئۆتاوەی، بەرپرسی کۆمیتەی کاروبارەکانـی دەرەوە، پرسـیاری لە سـەرۆک وەزیرانی بەریتانیا دەیڤد کامیرۆن کرد لەبارەی هاوکاریکردنـی زیاتری بەریتانیـا بۆ هێزەکانی پێشـمەرگە. کامیرۆن گوتی کـە وڵاتەکەی 40 جۆر پارچە چەکی قورسی بۆ هێزی پێشمەرگە ناردووە لەگەڵ چەند شارەزایەک بۆ مەشقکردن لەسەر بەکارهێنانی ئەو چەکانە".

ئەو هاوکارییە سـەربازیانەی وڵاتان دەینرێن بـۆ حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان دەبێت لە ڕێگەی بەغداوە بێت، ئەمەش زۆرجار ئاستەنگ دروست دەکات و چەکی پێویست ناگاتە دەست پێشمەرگە.

دەیڤیـد کامیـرۆن لەوبارەیـەوە گوتی "ئەو هاوکاریانـەی بـۆ هەرێمی کوردسـتان دابینی دەکەیـن دەبێت لە ڕێگـەی حکومەتی بەغداوە بـڕوات کە ئەوەش پرۆسـەکە زۆر خاو و ئاڵۆز دەکات".

بەرپرسـانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان چەنـد جارێـک ڕایانگەیاندووە کە پێشـمەرگە پێویستی بە چەکی قورسە بۆ شەڕکردن لەگەڵ چەکدارانـی داعش. بـەڵام زۆر بەکەمی چەکی قورسی بۆ نێردراوە.

ئۆتاوەی پرسیاری لە سەرۆک وەزیران کرد کـە ئایا ناکرێـت بیر لە دابینکردنـی هاوکاری سـەربازیی زیاتـر بـۆ هێزەکانـی پێشـمەرگە بکرێتەوە؟ وەڵامی سەرۆک وەزیران ئەوە بوو کە "خۆشحاڵ دەبین بە وەڵامدانەوەی داواکان و تا ئێستاش هەر وامان کردووە".

هەروەهـا بـەو پەرلەمانتارانـەی گـوت کە هاوکاریەکانی بەریتانیا تاوەکو ئێسـتا ئەو 40 پارچە چەکە قورسـە و 500 هەزار فیشـەک و تەقەمەنی بووە لەگەڵ 50 تۆن لە پێداویسـتی و 1000 پارچە ئامێر بۆ دۆزینەوەی ئاسـن کە پێشتر لە ئەفغانستان بەکارهێنراون لەگەڵ 30 پسپۆڕکە مەشق بە هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن لەسەر پووچەڵکردنەوەی بۆمبی چێندراو.

کامیرۆن بەڵێنی دا بە دابینکردنی لیستێکی تـەواو لەسـەر هەمـوو ئەو شـتانەی کـراون، لەبەرئەوەی هەوڵ و کۆششـەکان بەرفراوانن و هاوپەیمانێتیەکە چەندیـن وڵات لەخۆدەگرێت. کامیـرۆن جەختـی کـردەوە کـە بەریتانیـا هەوڵدەدات هاوکارییەکانی لەو بوارانەدا بێت کە زۆرترین کاریگەری دەبێت.

هەروەهـا سـێر ریچـارد پرسـیاری کـرد و گوتـی "بەلەبەرچاوگرتنـی ئـەوەی کـە کورد متمانەپێکراوترین هاوپەیمانـن لەم جەنگەدا و تاوەکو ئێستا ژمارەیەکی زۆر قوربانییان داوە، بۆچی بانگهێشت نەکران بۆ کۆنفرانسەکەی ئەم دواییەی هاوپەیمانێتی لە دژی داعش لە لەندەن، بەڵام حکومەتی ئەڵمانیا کوردی بانگهێشت کرد بۆ کۆنفرانسی ئاسایشی میونخ؟

کامیرۆن سـەبارەت بـەوەش بەڵێنی دا کە بەدواداچـوون بـکات، بـەڵام گوتیشـی ڕەنگە لەبەرئەوە بووبێت کە قورسە هەرێمێک بخرێتە چوارچێوەی کۆنفرانسێک کە بۆ وڵاتانی خاوەن سەروەری بەستراوە و عێراقیش بۆ کۆنفرانسەکە بانگهێشتکراوە.

پرسـیارەکانی ئۆتاوەی لـە کۆبوونەوەیەکی گرنگی لەم جۆرەدا، هێمایە بۆ هۆشیاریی زیاتر لەسـەرە ئەوەی کە کورد هاوپەیمانێکی گرنگن لەو هاوپەیمانێتیـەی دژی داعش، بەڵام چەکی پێویستیان نییە.

رووداو
ئابووری
ژمارە (349) دووشەممە 2015/3/2

## هاوردەو ناردنکاران دەچنە ئەڵمانیا



**رووداو- سلێمانی**

مستەفا عەبدولڕەحمان، سەرۆکی یەکێتی هاوردە و ناردنکاران بەڕووداوی راگەیاند، رۆژی 10ی مانگی داهاتوو پێشانگایەکی نێودەوڵەتی بۆ خستنەڕووی کەرەستەی بیناسازی و ئامێری کارەبایی لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا بەڕێوەدەچێت و ماوەی سێ رۆژ بەردەوام دەبێت. ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد کە لەلایەن رێکخەرانی پێشانگاکەوە بانگهێشتنامەیەکی فەرمیان ئاراستە کراوە و ئەوانیش بەشداری دەبن. مستەفا عەبدولڕەحمان گوتی "بەشداریکردنمان لەو پێشانگایە گرنگی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە پێویستمان بەکەرەستەی بیناسازی و پێداویستی کارەبایی هەیە".

### چەند بەروبوومێکی نوێ دێننە کوردستان

# ژاپۆنیەکان کشتوکاڵی کوردستان دەگۆڕن

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**



پسپۆڕ و راوێژکارێکی رێکخراوی جایکای ژاپۆنی دەڵێت کەشوهەوا و خاکی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی تەواوی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و ئەگەر وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، کوردستان پێویستی بە بەرهەمی هاوردەکراو نامێنێ، بەڵام دەڵێت کێشەکە ئەوەیە جوتیاران شارەزاییان نییە.

ئاژانسی ژاپۆنی بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی (JICA) رێکخراوێکی حکومی ژاپۆنییە، هاوکاری هەمەجۆر لە بواری تەکنیکی و قەرز پێشکەشی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەکات، جگە لە پێشکەشکردنی رێنمایی و ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی بۆ دۆزینەوەی گرفتەکان.

رێکخراوەکە لەئابی 1974 دامەزراوە و ئێستا لە 150 وڵاتی جیهان چالاکی هەیە، لە 100 وڵاتیش نووسینگەی هەیە کە یەکێک لە نووسینگەکانی لە کوردستانە. جایکا لەزۆر بواردا چالاکیی هەیە، یەکێک لەو بوارانە گەشەپێدانی پرۆژە کشتوکاڵییەکانە. بۆ ئەم مەبەستەش نووسینگەیەکی لە وەزارەتی کشتوکاڵ کردووەتەوە و تاوەکو ئێستا لەسێ بواردا کاریان کردووە، وەک پرۆژەی دارشتنی سیاسەتی کشتوکاڵی، پرۆژەی پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی گەنم و پرۆژەی پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیای باخداری و رێنمایی کشتوکاڵی کە پرۆژەی یەکەم و دووەمیان تەواو بووە و پرۆژەی سێیەمیش لە ساڵی 2016 تەواو دەبێت.

تارق تاهیر، بەڕێوەبەری پلان و بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی توێژینەوە و رێنمایی کشتوکاڵی، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە رێکخراوی جایکا لە پرۆژەی پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای باخداری و رێنمایی کشتوکاڵی لەسەر دوو تەوەری سەرەکی کاری کردووە: سەوزە و میوە "لە تەوەری سەوزەدا کاریان لەسەر پرۆژەی پەرەپێدانی بەرهەمی تەماتە، برۆکلی و گەنمەشامیی شیرین کردووە. لەمیوەشدا 25 چەشنی جیاوازیان لەنەمامی خۆخ، نیکتارین، قەیسی، هەڵوژە و گێلاس لە ئیسپانیاوە هێناوە، هەروەها توێژینەوەیان لەسەر بنبڕکردنی کرمی قەدەسمە کردووە کە تووشی 60%ی بەرهەمی میوە ناوکە بەردینەکان بووە".

تارق تاهیر گوتیشی "بۆ بەرهەمی تەماتە کاریان لەسەر پرۆژەی پەرەپێدانی بەرهەمی تەماتە کردووە لە خانووی پلاستیکی، بۆ ئەوەی بەدرێژایی ساڵ بەرهەممان هەبێت، بەڵام ئەم پرۆژەیە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، چونکە ئەم شێوازە تێچووی زۆرە و بەرهەمەکەشی ناتوانێ کێبڕکێی بەرهەمی دەرەکی بکات لە نرخدا، بۆیە ئێستا لە هەوڵی دۆزینەوە رێگەیەکی دیکەدان".

پرۆژەی دووەمیان بەرهەمهێنانی برۆکلییە لە وەرزی زستاندا. تارق تاهیر دەڵێت ئەم پرۆژەیەیان سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناوە و جوتیارێکی زۆریش ئارەزووی چاندنی دەکەن و بەرهەمی باشیشیان هەیە، بەڵام گرفت لە بەبازاڕکردنی بەرهەمەکەدایە، لە نرخیشدا ناتوانێ کێبڕکێی بەرهەمی ئێرانی بکات.

پرۆژەی سێیەمی ئەو رێکخراوە هێنانی جۆرێکی تایبەتی گەنمەشامی ژاپۆنیی شیرینە، ئەم پرۆژەیەش سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناوە و جوتیارێکی زۆر حەز دەکەن ئەو بەرهەمە بچێنن.

هیرۆ یوکی ساکوما، سەرۆکی راوێژکاری پرۆژەی پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیای باخداری و رێنمایی کشتوکاڵی لە رێکخراوی جایکا دەڵێت "کەشوهەوا و خاکی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی تەواوی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، چونکە خاکەکەی زۆر بەپیتە و رۆژی پێویستیشی هەیە بۆ گەشەکردنی تەواوی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، بۆیە ئەگەر وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، هەرێمی کوردستان پێویستی بە بەرهەمی هاوردە نامێنێ".

بەڵام دەڵێت کەرتی کشتوکاڵ گرفتەکەی لە بەڕێوەبردن و پەرەپێداندایە "گرفتی سەرەکی جوتیار لە کوردستان ئەوەیە کە تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکانیان بەکاربهێنن، زیاتر پشت بە تەکنیکی کلاسیک دەبەستن، جگە لەوە شارەزایی باشیان لە بەڕێوەبردنی کێڵگەکانیان و بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیاندا نییە".

ئەو راوێژکارەی رێکخراوی جایکا ئامانجیان لە هێنانی برۆکلی وگەنمەشامیی شیرینی ژاپۆنی بۆ کوردستان بۆ (رووداو) روونکردەوە و گوتی "لەکوردستان بینیمان جوتیار زیاتر لە وەرزی بەهار و هاوین زەوییەکانیان بەکاردەهێنن، لە وەرزی زستان و پایز زۆر بەکەمی دەچێنن، بەمەش بێکار دەبن، بۆیە ئێمە برۆکلیمان هێنا بۆ ئەوەی جوتیار بتوانێ لەکاتی وەرزی زستان و پایز بیچێنێ، چونکە ئەم بەرهەمە سوودێکی باشی هەیە بۆ بەپیتکردنی زەوی و لەناوبردنی مێروو و نەخۆشییەکانی زەوی، جگە لەوەش دەبێتە سەرچاوەی داهاتێکی باش بۆ جوتیار".

ساکوما سەبارەت بەهێنانی گەنمەشامی شیرین گوتی "ئەوە بەرهەمێکی ستراتیژییە لەژاپۆن و داهاتی باشی هەیە بۆ جوتیاران، بۆیە بڕیارمان دا ئەم بەرهەمە بهێنینە کوردستان بۆ ئەوەی جوتیاران سوودی لێ ببینن".

هەروەها باسی شکستی خۆیانی کرد لە پرۆژەی پەرەپێدانی بەرهەمی تەماتە و گوتی "بۆمان دەرکەوت بەهۆی تێچووی زۆری پەرەپێدانی بەرهەمی تەماتە لە خانووی پلاستیکی، سەرکەوتوو نییە. ئێستا لەهەوڵی ئەوەداین بەتێکەڵکردنی تۆوی تەماتەیەکی خۆماڵی لە سەنگاو لەگەڵ جۆرێکی بیانی، جۆرێک تەماتە بەرهەمبهێنین کە زوو پێبگات و بەرهەمی باش بدات".

خەسرەو مامەند، بەڕێوەبەری مەشق و رێنمایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی توێژینەوە و رێنمایی کشتوکاڵی دەڵێت "رێکخراوی جایکا لە پرۆژەی پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیای باخداری و رێنمایی کشتوکاڵی زیاتر کار لەسەر رێنمایی و توێژینەوە و چارەسەرکردنی گرفتەکان و بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای تازە دەکات، نەک پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووریی کشتوکاڵ، بۆیە پرۆژەکانیان چاوەڕوانی ئەوەی لێناکرێت تەکانێک بە بەرهەمە کشتوکاڵیەکان بدات".

گوتیشی "کاری هەرە گرنگی ئەم رێکخراوە لە بواری رێنمایی و توێژینەوە، ئەوە بوو کە رووپێوییەکیان لەسەر 900 جوتیار لە کوردستان بۆ دەستنیشانکردنی گرفتەکانیان کرد، دواتر لێکۆڵینەوەیان لەسەر گرفتەکان کرد و دەستیان کرد بەدروستکردنی چەند ستافێک لە فەرمانبەرانی رێنمایی و توێژینەوە، دواتر چەندین خولی رێنماییان بۆ فەرمانبەران و جوتیاران کردەوە کە سوودێکی زۆری هەبوو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیان لە بواری گەشەپێدانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، لە خولەکاندا فەرمانبەرانمان فێرکران چۆن موتوربە لەسەر بەرهەمەکانی سەوزە بکەن کە ئەمە زانستێکی نوێ بوو بۆ ئێمە و فەرمانبەرانمان".



# باج دەخرێتە سەر هاوردەکردنی زێڕ

### گوتەبێژی سەندیکای زێڕینگران: زەرەرمەندی یەکەم لەو بڕیارە هەر هاووڵاتییە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەهۆی قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچە و راگرتنی پێشینەکان و هێرشەکانی داعش، کڕین و فرۆشتنی زێڕ لەبازاڕەکانی کوردستان لاواز بووە، هاوردەکردنی زێڕیش لە ساڵی رابردوودا بەڕێژەی 32% دابەزی.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆریی خشڵ، ساڵی 2013 بڕی 114 هەزار کیلۆگرام زێڕ لەڕێگەی هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانییەوە لە دوبەی و تورکیاوە هاوردەکراوە، بەڵام ساڵی 2014 بڕی هاوردەکراو بۆ 77 هەزار کیلۆگرام دابەزیوە.

بەکر عەزیز، بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی جۆریی خشڵ لە هەرێمی کوردستان هۆکاری کەمبوونەوەی هاوردەکردنی زێڕی بۆ قەیرانی دارایی کوردستان و بڕینی رێگای نێوان هەرێمی کوردستان و شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دوای هێرشەکانی داعش گەڕاندەوە و گوتی "بەشێکی زۆر لەو زێڕەی هاوردە دەکرا، بۆ شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەڕۆیشت، بەڵام بەهۆی شەڕەوە ئەم ئاڵوگۆڕە نەما، بۆیە هاوردەکردنی زێڕ لە ساڵی رابردوودا بە بەراورد لەگەڵ 2013 بەڕێژەی 32% دابەزی".

لە شاری هەولێر 33 کۆمپانیای هاوردە و هەناردەی زێڕ هەن کە زێڕی دروستکراو و قاڵب لە ئیمارات و تورکیاوە هاوردە دەکەن و زێڕی شکاویش هەناردە دەکەن.

شوان محەممەد، گوتەبێژی سەندیکای زێڕینگرانی هەولێر و خاوەنی زێڕینگری شوانە دەڵێت "کڕین و فرۆشتن و هاوردەکردنی زێڕ بەهۆی قەیرانی دارایی و راگرتنی پێشینەکان و دواکەوتنی مووچە، زۆر لاواز بووە، تەنانەت هەندێ زێڕنگر رۆژانە 2 پارچە زێڕ نافرۆشێ".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### ئێستا کێ کڕیاری زێڕە؟

شوان محەممەد، باسی کڕیارانی ئێستای زێڕ دەکات و دەڵێت "زیاتر ئەوانەن کە ژیانی هاوسەری پێکدێنن، یان ئەو فەرمانبەرانەن کە مووچەیان زۆرە، بەڵام ئەوانیش ئێستا بەراورد بە رابردوو کەمتر زێڕ دەکڕن". گوتیشی "بەشێوەیەکی گشتی ئێستا زاواکان 20 تاوەکو 50 مسقاڵ زێڕ بۆ هاوسەرەکانیان دەکڕن، زۆر بەدەگمەن دەگاتە 100 مسقاڵ زێڕ، بەڵام پێشتر هەبوو بە جارێک 500 مسقاڵ زێڕی بۆ ژنەکەی دەکڕی".

بە گوتەی ئەو زێڕینگرە، ئێستا لەشاری هەولێر کڕیارێکی دیکەی زێڕ پەیدابووە، ئەوانیش سەرمایەدارەکانن، شوان دەڵێت "دەوڵەمەندەکانی هەولێر وەکو کاڵایەکی بازرگانی مامەڵە بەزێڕ دەکەن و لەکاتی دابەزینی نرخ بە کیلۆ زێڕ دەکڕن، دوای بەرزبوونەوەی نرخیش دەیفرۆشنەوە. بەمەش قازانجێکی باش دەکەن، تەنانەت هەندێک خاوەن نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانووش، بەهۆی لاوازبوونی بازاڕیان، روویان لەو بازرگانییە کردووە".

لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا نرخی زێڕ لە کوردستان هەڵکشان و داکشانێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، بەتایبەت لەساڵی 2013 نرخی یەک مسقاڵ زێڕ گەیشتە 325 هەزار دینار، دواتر بۆ 200 هەزار دابەزی، بەڵام ساڵی رابردوو نرخەکەی تارادەیەک جێگیربوو، بەگشتی نرخی زێڕ لە نێوان 200 تا 225 هەزار دیناردا بوو.

### باج دەخرێتە سەر زێڕ

بەپێی نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان کە وێنەیەکی دەست (رووداو) کەوتووە، لە 2015/1/18 ئەم بەڕێوەبەرایەتییە سەرجەم بەڕێوەبەراتییەکانی باجی دەرامەت لە خەمڵاندنی باجی سەر هێنانی زێڕ ئاگادارکردووەتەوە، هەر کۆمپانیایەک زێڕ هاوردە بکات، دەبێت 5%ی قازانج بۆ هاوردەکردنی زێڕی دروستکراو و 3%ی قازانجی خام بدات لە بری هێنان.

هەر بەپێی هەمان نووسراو، هەر کەسێکی ئاسایی کە خاوەن کۆمپانیا نەبێت، دەبێت بڕی 6%ی قازانج بۆ هاوردەکردنی زێڕی دروستکراو و 3%ی قازانج بۆ هاوردەکردنی زێڕی خام بدات.

زانیار محەممەد قادر، بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری لە وەزارەتی دارایی و ئابووری، گوتی "هەر کۆمپانیایەک یان کەسی ئاسایی زێڕ هاوردە بکات، دەبێت ئەم باجە بدات، باجەکەش لەسەر قازانج دەبێت".

گوتیشی "لەسەر کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی زێڕ پێویست بوو میزانیەی ساڵانەی خۆیان پێشکەش بکەن کە لە 1/1 تاوەکو 2014/12/31 چەند زێڕی هاوردە کردووە و فرۆشتووە، دوای لێدەکردنی خەرجی لەسەر قازانجەکەی، دەبوایە 15%ی بدەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆری ئەو کۆمپانیایانە بێ ئاگابوون لەیاساکانی باج و گوایە زێڕیان بەقەرز هاوردە کردووە، ئێمە وەک هاوکاری بۆ ساڵی 2014 بڕیارمان دا بۆ هەر کیلۆیەک زێڕی هاوردەکراو تەنیا 10 هەزار دیناریان لێوەربگرین، بەڵام بەغدا ملیۆنێک و 200 هەزار دیناری وەرگرتووە".

ناوبراو ئاماژەی بەوە دا کە بەپێی نرخی رۆژ، ئێستا بەشێوەیەکی تێکڕا بۆ هەر مسقاڵێک زێڕ 1500 دینار باج لە زێڕنگران وەردەگرن.

قارەمان جەوهەر، سەرۆکی کۆمەڵەی زێڕینگرانی کوردستان، دەڵێت "پێشتر لەکوردستان باج لەسەر هاوردەکردنی زێڕ نەبوو، خاوەن کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی زێڕ ساڵانە نزیکەی 5 ملیۆن دیناریان بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتی کۆمپانیاکانیان دەدا، بەڵام لەساڵی 2013 کە داوای باجیان کرد، بەشێکی زۆری کۆمپانیاکان رەتیانکردەوە. ئێستاش دوای گفتوگۆ لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار، ساڵی 2013 لە باج بەخشراین، بۆ ساڵی 2014 رازی بوون بڕی 10 هەزار دینارمان بۆ هەر کیلۆیەک زێڕ لێوەربگرن، بەڵام بۆ ساڵی 2015 لەلایەن بەغداوە 20%ی قازانج بۆ هەر کیلۆیەک زێڕی هاوردە دیاری کراوە، ئەم بڕەش جارانی 15%ی باج دەکرێت کە دەکاتە نزیکەی یەک ملیۆن و 200 هەزار، بەڵام وەزارەتی دارایی لەسەر داوای زۆری ئێمە ئەو بڕەی بۆ 5% دابەزاندووە، ئەم بڕەش لەسەر ئێمە زۆر دەکەوێت، بەڵام ناچارین پارەکە بدەین".

بەبڕوای شوان محەممەد، زەرەرمەندی یەکەم لە دانانی ئەم باجە هاووڵاتییە "چونکە زێڕینگرەکان ناچارن ئەو باجەی لەبری هاوردەکردنی زێڕ دەیدەن بە حکومەت پارەکەی بخەنە سەر هەقدەست کە دەبێت هاووڵاتی بیدات".



عومەر ئەحمەد

# کارەساتی لیژنەی پیشەسازی و وزە

هیچ لۆژیکێکی تێدا نەبوو لەم کاتەدا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تووشی قەیرانی دارایی و شەڕێکی داسەپاو هاتووە، نرخی بەنزین دابەزێنی بۆ لیترێک 700 دینار. دیارە لەبەر گوشارە بەردەوامەکانی پارلەمانتاران، بەتایبەتی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان، حکومەت ناچار بووە ئەو کارە بکات. ئەگەر لێی وردبینەوە، ئەو بڕیارە جگە لە سەرلێشێواویی حکومەت و پارلەمانی کوردستان، هیچ لۆژیک و ستراتژییەکی پێوە دیار نییە.

ئەم قەیرانە داراییەی هەرێمی کوردستان کە تا دوو مانگی ڕابردوو نەوتی سەربەخۆ دەفرۆشت، لە ئاکامی دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوت دروستبووە کە لە نیوەی دووەمی ساڵی ڕابردووەوە بەردەوامە. خۆ ئەگەر نرخی نەوت لەسەر ئاستەکانی 90 تا 100 دۆلار بەردەوام بووایە، بەو بڕەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوتی خاو هەناردە دەکات، دەیتوانی بە ئاسانی بودجەکەی دابین بکات بێ ئەوەی پێویست بکات جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ بەغدا و بەناچار لەگەڵی ڕێکبکەوێت. خۆ دابەزینی نرخی جیهانیی نەوتیش خەتای پارتێک و هیچ لایەنێکی هەرێمی کوردستان نییە و کەس لە جیهاندا نەیتوانی پێشبینی بکات! ئاسۆیەکی ڕوونیش بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەی نێوان هەولێر و بەغدا دیارنییە، ئەگینا کێشە داراییەکانی هەرێمی کوردستان چارەسەر دەکران.

لەبەر ئەوەشە بەرپرسان و وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یارمەتی پارلەمانتاران دەبووایە بیر لە چارەسەرێکی بنەڕەتی و داڕشتنی ستراتیژییەکی تۆکمە بکەنەوە بۆ ئەوەی هیچ نەبێت لە کورتەخایەندا کێشە داراییەکانی چارەسەربکات، نە ئەوەی کە هەر جارێک و لەبەر ڕووداوەکان تەنیا کاردانەوە پیشان بدەن و بڕیاری کاتی دەربکەن.

هەرچەندە دیارە کە دەربازکردنی هەرێمی کوردستان لەم قەیرانە داراییەی ئێستا ئەرکێکی نیشتمانی و لەدەرەوەی بەرژەوەندیی حیزبییە، بەڵام هەڵوێستی پارلەمانتاران ئەوپەڕی کورتبینی و مەرامی سیاسی و تەنیا خۆشیرینکردن لەبەرچاوی جەماوەری حیزبی پێوە دیارە و لێدوانەکانی ئەو پارلەمانتارانە، نەتەنیا بیرۆکەی ستراتیژی و قووڵی پێوەدیارنییە، بەڵکو بەتەواوەتی پێچەوانەی ئەو ڕێکارانەیە کە دەکرێت بگیرێنەبەر بۆ دەربازبوون لە قەیرانی دارایی.

ئەگەرنا چ پارلەمان و حکومەتێک کە وەک هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی هاتووە، دەستدەکات بە هەرزانکردنی نرخی بەنزین؟ خۆ کەم نین ئەو وڵاتانەی وەک کوردستان بەرهەمهێنەری نەوتی خاون و تووشی ئەو قەیرانە داراییە هاتوون. لەبەر ئەوەی کە سەرچاوەی قەیرانی دارایی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت یەکێکە، دەکرا چاو لەو ڕێوشوێنانە بکرێت کە ئەو حکومەتانە گرتوویانەتە بەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.

هەر لە ڤەنزوێلا و ئێرانەوە بگرە تەنانەت تا وڵاتانی کەنداو، لەبەر دابەزینی نرخی نەوت ، هەموویان نرخی خزمەتگوزارییەکان و بەتایبەتی نرخی سووتەمەنییان بەرزکردووەتەوە، هیچ نەبێت بۆ ئەوەی تۆزێ قەرەبووی ئەو کورتهێنانە بکەنەوە کە لە بودجەکەیاندا هەیانە و بۆ ئەوەی دواجار بتوانن لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک کارەبا و سووتەمەنی و ئاوی پاک بەردەوام بن.

لە مانگی ڕابردوودا دوو وڵاتی ئێران و ڤەنزوێلا نرخی بەنزینیان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرزکردەوە، خۆ بەوە نییە کە ئەوان بەرهەمهێنەری نەوتن و نرخی نەوت هەرزان بووە. سەرچاوەی داهاتی ئەو وڵاتانە وەک هەرێمی کوردستان، فرۆشتنی نەوتە و ئێستا داهاتەکانیان بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە نیوە بووە، ئەوەش بەو مانایەیە کە ئەوان وەک هەرێمی کوردستان تەنانەت لە پێدانی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان تووشی کێشە هاتوون.

هەرێمی کوردستان ڕۆژانە نزیکەی 6 ملیۆن لیتر بەنزین دەسووتێنێ. خۆ دەکرا ئەو 200 دینارە لە هەر لیترێک وەک باج برۆیشتایە بۆ گەنجینەی حکومەت. لە جیاتی کەمکردنەوەی نرخی بەنزین و بە دووکەڵکردن و بەفیڕۆدانی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارلەمانتاران دەبووایە فشاریان بۆ حکومەت هێنابایە بۆ ئەوەی سەرچاوەی دارایی زیاتر دابین بکات و بتوانێت مووچە دابەش بکات و لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی بەردەوام بێت. ئەو 200 دینارە لە سەرەتای ئەم مانگەوە، 30 ملیۆن دۆلار مانگانە لە داهاتی هەرێم کەمدەکاتەوە، خۆ بەو 30 ملیۆن دۆلارە دەکرا مووچەی هەموو مامۆستایانی بدرێت کە هاواریان لەبەر دواکەوتنی مووچەکانیان بەرزبووەتەوە. من نەمبیستووە هیچ هاووڵاتییەک کە خاوەنی ئۆتۆمبیل بێت، لەبەر گرانیی نرخی بەنزین هاواری بەرزکردبێتەوە کەچی پارلەمانتاران ساڵێکە گوشاریان دروستکردووە بۆ ئەوەی خۆیان لەبەرچاوی خەڵک شیرین بکەن و نرخەکەی کەم بکەنەوە.

جا کوا کێشەی ئەم خەڵکە بە دابەزینی نرخی بەنزین چارەسەر دەکرێت؟ بۆ ئەو بەڕێزانە گوشار بۆ حکومەت ناهێنن بۆ ئەوەی لەڕێی دانانی باج و ڕووکردنە سەرچاوەی نوێی دارایی و گرتنەبەری دیسیپلینی دارایی مووچەی خەڵک دابین بکەن. دیارنییە دڵسۆزیی پارلەمانتاران بۆ هاووڵاتیان بۆچی زۆرجار دەڕواتە چوارچێوەیەکەوە کە دواجار بە زیانی ئەو خەڵکە دەشکێتەوە.



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم )



فەرهاد عەلائەدین

# پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکەی بەغدا لە قازانجی کوردستانە

لە دوا سەردانی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە 2015/2/15 بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا، گفتوگۆ بە شێوازێکی کتوپڕ کۆتایی هات بەبێ گەیشتن بەو ئەنجامەی شاندی هەرێمی کوردستان بۆی چووبوون کە بریتی بوو لە ڕادەستکردنی بێ شەرتی بەشە بودجەی کوردستان لە بودجەی ساڵی 2015ی حکومەتی فیدراڵی.

شاراوە نییە کە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان زۆر بە تاسەوە چاوەڕێی ئەنجامی ئەرێنی ئەم سەردانە بوون و بەهیوا بوون شاندەکە بە پارەیەکی زۆرەوە بگەڕێتەوە کوردستان، بەڵام ئەوەی کە ڕوویدا پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانیە بوو. شاندەکە بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە و نائومێدیەکی زۆر کەوتە دڵی هاووڵاتیانەوە بە تایبەتی توێژی فەرمانبەران و مووچەخۆران.

سەرەڕای ئەو کۆتاییە نەرێنیە، سەردانەکە چەند ئەنجامێکی ئەرێنی لێکەوتەوە، لەوانە: سەردانی شاندە باڵاکە نیەتپاکی هەرێمی کوردستانی نیشان دا بۆ عێراق و وڵاتانی دەرەوە و پەیامێک بوو کە هەرێمی کوردستان جددییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەغدا. ئەنجامێکی دیکەی ئەرێنی سازدانی چەند کۆبوونەوەیەکی فراوانی حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و دیداری فراوان بوو لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ زیاتر ڕۆشنایی خستنە سەر بابەتەکانی پەیوەست بە نەوت، هەروەها کۆبوونەوەی حکومەت لەگەڵ کارمەندانی بەغدا لە پەرلەمانتاران و وەزیرەکان کە بووە هۆکاری پێکهێنانی چەند لیژنەیەکی نوێ لە کارمەندانی کورد لە بەغدا بۆ بەردەوامکردنی گفتوگۆ و دایالۆگ و نزیککردنەوەی دیدەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی نوێ بۆ قەیرانەکان.

دیارە هەردوولا پابەندبوونی خۆیان ڕاگەیاند بە ڕێککەوتنەکە، بەڵام هەندێک لە خاڵەکانی جیاوازیی نێوان هەردوولا ڕۆشن نییە و لێکتێنەگەیشتنێک لەئارادایە کە پێویستە یەکلایی بکرێتەوە و بزانرێت چۆن چارەسەر بکرێن بۆ گەیشتن بە ئەنجام.

## خاڵە جیاوازەکان:

**یەکەم:** لێکتێنەگەیشتنێک هەیە لەسەر بڕی هەناردەکردنی نەوتی ڕۆژانە بۆ دەرەوەی وڵات، ئەو ژمارەیەی حکومەتی هەرێم دەیداتە حکومەتی بەغدا، یەکناگرێتەوە لەگەڵ ئەو ژمارەیەی حکومەتی عێراق لە حکومەتی تورکیا و کۆمپانیای نەوتی باکوور دەستیدەکەوێ.

**دووەم:** ڕێککەوتنەکەی نێوان هەردوولا کە لە 2014/12/2 لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری لەسەر درا و وەزیرە کوردەکان بە ڕەزامەندیی سەرکردایەتی سیاسیی کورد دەنگیان پێدا و بوو بە بڕیار، بەم شێوازە نووسراوە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان نابێ کەمتر لە 250 هەزار بەرمیل ڕۆژانە ڕادەستی حکومەتی فیدراڵ بکات بۆ مەبەستی هەناردەکردنی دەرەوە، هەروەها ڕێکەوتن کرا لەسەر بەکارهێنانی بۆڕیە نەوتیەکانی کوردستان بۆ هەناردەکردنی 300 هەزار بەرمیل لە نەوتی کەرکووک ڕۆژانە.

شاندی هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر وشەی "نابێ کەمتر" کە لەبڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا هاتووە، دیدی جیاوازیان هەیە. حکومەتی بەغدا دەڵێت ڕێککەوتنەکە دیارە و حکومەتی هەرێم ڕازی بووە کە ڕۆژانە بڕی 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی بەغدا بکات، حکومەتی هەرێمیش دەڵێت ئێمە ڕازین بەم بڕە، بەڵام ئەژمارکردنی ڕۆژانە نەبێت، بەڵکو هەر سێ مانگ جارێک ئەژمار بکرێت و لەم سێ مانگەش ڕێژەی هەناردەکردن ڕۆژانە بگاتە 250 هەزار بەرمیل. دیارە کە حکومەتی بەغدا ئەم شێوازەی ئەژمارکردنی لا پەسەند نییە، چونکە داهاتی عێراق لە فرۆشتنی نەوتە و ئەو پارەیەی کە دێتە خەزێنەی دەوڵەت، مانگانە بەسەر هەموو لایەنەکاندا دابەش دەکرێت و ئەگەر هەر مانگێک هەناردەی نەوتی کوردستان کورت بهێنێت، ئەوە دەبێت پارە لە بەشە بودجەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق بگێڕنەوە بۆ ئەوەی بیدەنە کوردستان. لایەنی عێراقی ئەم شێوازەی بەشکردنی بودجەیان لەلا قبوڵ نییە، بەتایبەتی کە بەشکردنی بودجە بووەتە یاسا و لە پەرلەمان دەنگی لەسەر دراوە.

**سێیەم:** ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری داوە سەرفکردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای ڕێژەی ڕادەستکردنی نەوتی هەرێمە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنەکەی نێوانیان لە 2014/12/2، بە واتایەکی دیکە، ئەگەر هەرێمی کوردستان 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە ڕادەستی بەغدا بکات، ئەوە 100% بەشە بودجەی خۆی وەردەگرێت بەپێی داهاتی مانگانە کە دەچێتە خەزێنەی دەوڵەت. بەڵام بۆ نموونە، ئەگەر هەرێم ڕۆژانە 125 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی بەغدا بکات، ئەوە 50%ی بەشە بودجەی خۆی وەردەگرێت. دیارە کە حکومەتی هەرێم بەم شێوازەی بەشکردنی داهات و پێدانی بەشە بودجەی ڕازی نەبووە، بەڵام حکومەتی بەغدا دەڵێت ئەمە کرۆکی ڕێککەوتنەکەیە و ژمارەکان جێگیرکراون و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی پێ دەرچووە بە ڕەزامەندی لایەنی کوردی، بۆیە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق هەست دەکات کە ناتوانێ بەپێچەوانەی ئەم بەندە پارە ڕادەستی هەرێمی کوردستان بکات، ئەگەرنا دەکەوێتە ژێر فشارێکی سیاسی زۆری نەیارەکانیەوە.

## هەناردەی نەوتی هەرێم و کۆمپانیاکانی نەوت

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەژێر باری قەرزێکی زۆری بازاڕ و کۆمپانیاکانی نەوت و دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەراندا دەناڵێنێ و ئەرکی گەورەی کەوتووەتە سەر شان، ئەمەش هۆکارە لە گەڕان بەدوای پەیداکردنی پارەی زیاتر جا بە ڕێگەی قەرز یان بە شێوازی فرۆشی ڕاستەوخۆی نەوت بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا، بەڵام ئەم هەوڵانەش زۆر قورسترە لەجاران بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت.

جێی سەرنجە کە ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم ڕۆژانە بە هەمان ئەندازە زیادی نەکردووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕوان بوو. وەزارەتی سامانە سروشتییەکان مەزەندەیان وابوو کە لە کۆتایی مانگی ئاداری 2015، بڕی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان دەگاتە 500 هەزار بەرمیل و لە کۆتایی ساڵی 2015 دەگاتە یەک ملیۆن بەرمیل. بەڵام چاودێرانی بواری نەوت بڕوایان وایە هەرێمی کوردستان ناتوانێت ئەم بڕە دابین بکات بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پلانی کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکانی نەوت کردووە لە کوردستان، زۆربەی کۆمپانیاکان ڕێژەی پلانی وەبەرهێنانیان بۆ ساڵی 2015 نزیکەی 30 تا 40% کەم کردووەتەوە و چاوەڕوانی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و ئەنجامی گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدان و بەهیوان کە هەولێر بتوانێ بگاتە ئەنجامێکی ئەرێنی لەگەڵ بەغدا. لەلای ئەوان ڕێکەوتنی هەولێر و بەغدا باشترین ڕێگایە بۆ چەسپاندنی سەقامگیریی باری سیاسی هەرێمی کوردستان و کەمکردنەوەی مەترسی لەسەر سەرمایەکانی وەبەرهێنانیان.

بەڕای چاودێرانی بواری نەوت، ئەگەر کێشە و قەیرانی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت، ئەوە ئەو متمانەیەی کە لە ساڵانی ڕابردوو بە هەرێمی کوردستان و سیاسەتی نەوتی هەرێمیان هەبوو، نامێنێت و ڕەنگە بەشێک لەم کۆمپانیایانە پشکی وەبەرهێنانەکانیان بفرۆشن یان جێیبهێڵن، بە تایبەتی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان فشاری زۆریان دەخاتە سەر بۆ پێدانی قەرز یان بۆ زیاتر خێراکردنی بەرهەمهێنان لەو کاتەی کە ئەو کۆمپانیایانەی نەوت بەرهەمدێنن، بەپێی پێویست پارەی نەوتەکانیان دەستناکەوێت و موستەحەقاتەکانیان وەرناگرن بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی کە دووچاری هەرێمی کوردستان بووە.

## گەڕانەوە بۆ بەغدا

قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان زۆر گەورەترە لەوەی باسی لێوە دەکرێت و قووڵتریشە لەوەی دانی پێدا دەنرێت. حکومەتی هەرێم هەرچی پارە و پوولی لەبەردەستی بوو لە قەیرانی ساڵی 2014 سەرفی کردووە، لەوانە شیرینی نەوت کە سەرووی 4 ملیار دۆلار بوو، بە قەرز وەرگرتنی زیاتر لە 17 ملیار دۆلار لە کۆمپانیا بیانی و لۆکاڵەکان. بەشێکی زۆری ڕەسیدی پارەی بانکە ئەهلییەکانی کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن لە ڕێگەی بانکی مەرکەزیی هەرێمەوە سەرفکراوە بۆ مووچە، هەروەها حکومەت مووچەی دوو تا سێ مانگی فەرمانبەران قەرزارە. ئێستاش حکومەتی هەرێم سەرقاڵی وەرگرتنی قەرزە لە بانکە نێودەوڵەتیەکان، لە سەردانی ئەم دواییەی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری بۆ تورکیا توانییان 500 ملیۆن دۆلار لە بانکێکی تورکی بەدەستبهێنن، بەڵام دیارە کە ئەم پارەیەش باری سەرشانی حکومەتی هەرێم قورستر دەکات و سووکی ناکات.

بۆیە باشترین و خێراترین ڕێگاچارە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندبوونی تەواوە بە ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ حکومەتی بەغدا کە چەندین دەستکەوتی لێدەکەوێتەوە، لەوانە:

**یەکەم:** ئەو بڕە پارەیەی لە بەغدا دەستیدەکەوێت زۆر زیاتر و خێراترە لە پارەی فرۆشتنی نەوت لە بازاڕی ئەمڕۆ کە نرخی نەوت زۆر دابەزیوە و کڕیارەکانی نەوتی هەرێمیش ئیستیغلالی بارودۆخی هەرێمی کوردستان دەکەن و پارەی کەمتر بە نەوتەکە دەدەن. هەروەها پارەی دەستکەوتوو لە بەغدا زۆر هەرزانتر دەکەوێت لەسەر هەرێم لەچاو ئەو پارەیەی بە قەرز و بەسوودی ساڵانە لە بانکەکان یان کۆمپانیاکان وەردەگیرێن.

**دووەم:** چەسپاندنی ڕێککەوتنەکە دەبێتە هۆی چەسپاندنی متمانە و سەقامگیری بۆ کۆمپانیاکانی وەبەرهێنەری نەوت لە کوردستان و ئەمانیش دەتوانن پلانەکانی وەبەرهێنانیان خێراتر بکەن بۆ زیاتر بەرهەمهێنانی نەوت، بەتایبەتی کاتێک دەبینن ئەو نەوتەی بەرهەمی دەهێنن، دەگاتە بازاڕەکانی دەرەوە و داهاتیان دەبێت.

**سێیەم:** لەڕێگەی کارکردن لەگەڵ بەغدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت قەرزی درێژخایەن و جۆراوجۆری دەستبکەوێ یان بەشێک لەو قەرزانەی بەرکەوێت کە حکومەتی فیدراڵ بە نیازە وەریانگرێت بۆ پاڵپشتیکردنی بودجەی ساڵی 2015. هەروەک چۆن بڕی 34 ملیار یەنی ژاپۆنی (284 ملیۆن دۆلار) لە قەرزی ژاپۆن بۆ عێراق بەر هەرێمی کوردستان کەوت بۆ پرۆژەی ئاوەڕۆی پارێزگای هەولێر.

**چوارەم:** سەقامگیریی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و هاتنی بودجەی مانگانە بەشێوازێکی بەردەوام نەک پچڕ پچڕ، جووڵەی بازاڕ و متمانەی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنانی کوردستان زیاد دەکات و پەرە بە بازاڕی کوردستان دەدات، شاراوە نییە کە لە ساڵی ڕابردووەوە بازاڕی هەرێم وەستاوە و زۆربەی پرۆژە حکومی و ئەهلیەکان ڕاگیراون و بێکاریەکی زۆر ڕووی لە بازاڕ کردووە، جوڵاندنی ئەم بازاڕە زەرورەتە.

**پێنجەم:** شەڕی داعش شەڕێکی درێژخایەن و توند و قورسە، حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرباری قەیرانی دارایی، توانای بەرەنگاربوونەوەی بە تەنیای ئەم شەڕە پڕ مەترسییەی نییە، لە کاتێکدا کە زۆربەی کۆمەکی سەربازی و دارایی لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانی و جیهانەوە دەدرێتە عێراق و کورد لەڕێگەی بەغداوە وەریدەگرێ. بۆ نموونە حکومەتی ئەمریکا ملیارێک و 600 ملیۆن دۆلاری لە بودجەی 2015ی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکی تەرخان کردووە بۆ هاوکاریکردنی هێزەکانی عێراق و لەم بەشە پارەیە 323 ملیۆن دۆلاری بۆ پێشمەرگەیە. بەڵام لەڕێی بەغدا و بە ڕەزامەندیی ئەو ئەم کۆمەکە دەگات. هەروەها حکومەتی عێراق خەریکە چەک و تەقەمەنییەکی زۆر دەکڕێت بۆ شەڕی داعش، بوونی ڕێککەوتن لە نێوان هەرێم و بەغدا واتای ئەوەیە کە هەرێمیش بەشی دەبێت لەم چەک و تەقەمەنیە.

ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا زیاتر لە قازانجی هەرێمە و ڕەنگە ببێتە هۆکاری دەرچوونی خێراتر لەم قەیرانەی هەرێمی تێکەوتووە، خۆ ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان پلانی درێژخایەنی هەبێت بۆ پاشەڕۆژی کوردستان، ئەوە هەر پلانە لەم ساتەی ئێستا، بۆیە پێویستیمان بە پلانی هەنووکەیی هەیە، باشترین پلانی هەنووکەییش ئەمڕۆ ڕێککەوتنی نێوان بەغدا و هەولێرە بە تایبەتی سەرۆک وەزیرانی عێراق زۆر ئارەزوومەندە بگاتە ڕێکەوتن لەگەڵ هەرێم و ئاشکراشە کە ئەمڕۆ کەشوهەوای سیاسیی بەغدا ڕوو لە هەولێرە نەک دژ بە هەولێر.

رووداو
هونەری
ژمارە (349)   دووشەممە   2015/3/2

## ژنە ئازاکانی کورد دەچنە نەرویج




**ڕێکەوت سەلام / رووداو- هەولێر**

دەرهێنەری کورد هەڵکەوت مستەفا فیلمێکی دیکۆمێنتاری بەرهەمهێنا لە ژێرناوی ئەو ژنانەی داعش لێیان دەترسێت و لە کەناڵێکی نەرویجی بڵاوی کردەوە. هەڵکەوت مستەفا بە (رووداو)ی گوت "فیلمەکە لە چەند رۆژی رابردوودا توانی زۆرترین بینەری نەرویجی لە خۆی کۆباتەوە و توانیویەتی ژنانی نەرویجی بە گشتی بە ئاگا بینێتەوە ئەگەر لە داهاتوودا داعش رووی لە ئەورووپا کرد، بتوانن چۆن بەرگری لە خۆیان بکەن". فیلمەکە باسی دوو ژنی کورد دەکات یەکێکیان لە نەرویج گەڕاوەتەوە و ژنان فێر دەکات چۆن بەرگری بکەن، ژنەکەی دیکەش خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە و بە قەناس چەکدارانی داعش لەناو دەبات.

لای بەنگلادیشییەکانی کوردستان

# عەزیز وەیسی یەکەمە و لۆکە و نازدار شاجوانی خەونەکانن

**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

ئەو بەنگلادیشی و ئەسیوپیانەی لە کوردستان دەژین، دەڵێن گۆرانیی کوردی سەرنجی راکێشاون و زۆربەشیان گوێ لە گۆرانییەکانی عەزیز وەیسی دەگرن. کوڕە بەنگلادیشییەکان دەڵێن سەرسامن بە کچە گۆرانیبێژانی وەکو لۆکە و نازدار.

لەگەڵ پێشکەوتنی کەرتی ئابووری لە هەرێمی کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا، ژمارەیەکی زۆر کرێکاری بیانی روویان کردە کوردستان کە بەشی هەرەزۆریان بەنگلادیشی و ئەسیوپی بوون و بەهۆی مانەوەیان لە کوردستان خەریکە دەکەونە ژێر کاریگەری هونەر و میوزیکی کوردی.

### عەزیز وەیسی و دەشنێ بۆ هەڵپەڕین و دانس

بەپێی بەدواداچوونێکی (تۆڕی میدیایی رووداو)، زۆربەی کرێکارە بەنگلادیشی و ئەسیوپییەکان گوێ لە گۆرانییەکانی عەزیز وەیسی و دەشنێ موراد دەگرن.

ڤیکتۆریا ناردۆس کە کچێکی ئەسیوپییە و لە شوقەکانی ناز سیتی لە هەولێر کار دەکات، گۆرانییەکی کەمال محەممەدی کردووەتە ئاوازی زەنگی مۆبایلەکەی. ڤیکتۆریا لەبارەی گوێگرتن لە گۆرانیی کوردی گوتی "زۆر گوێ لە گۆرانیی کوردی دەگرم، بەتایبەتی عەزیز وەیسی، دەشنێ موراد، زەکەریا عەبدوڵڵا و کەمال محەممەد، هەندێ لە هونەرمەندەکانیش دەناسم بەهۆی ئەوەی من لە شوقەکانی ناز ستی کار دەکەم و هەندێکیان لێرە دەژین".

ڤیکتۆریا گوتی "لە ئاهەنگەکاندا بۆ هەڵپەڕین و شایی عەزیز وەیسی دەخەینە سەر و بۆ دانس و سەماش لەگەڵ گۆرانییەکانی دەشنێ سەما دەکەین".



### سەرسامن بە لۆکە و نازدار

کوڕە گەنجە بەنگلادیشییەکان لۆکە و نازدار بە جوانترین هونەرمەندی ئافرەتی کورد دەزانن.

حافز نور ئیسلام، 24 ساڵ، کە ماوەی پێنج ساڵە لە شاری هەولێر کار دەکات، گوتی "گوێ لە گۆرانییەکانی عەزیز وەیسی و هەڤاڵ ئیبراهیم و دەشنێ و نازدار دەگرم، بەڵام لۆکە و نازدار زۆر زۆر جوانن".

جهانگیر محەممەد، کرێکارێکی دیکەی بەنگلادیشی کە ماوەی 3 ساڵە لە هەولێر کار دەکات، گوتی کە زۆر گوێ لە گۆرانیە کوردییەکان دەگرێت، بەتایبەتی گۆرانی "من ئاشقانە"ی گۆران ساڵح و وەک لە دەمی خۆشیەوە گوتی "لێ لێ لۆ لۆی نازدار".

جیهانگیر دەڵێت "لە نێو ئافرەتەکاندا نازدار زۆر جوانە، خۆزگە هاوسەرەکەم وەک ئەو جوان دەبوو هیچم نەدەویست".

عەبدولباست لەو بازاڕەی کاری تێدا دەکات، بە عەبدولباسیت بەنگلادیشی بانگی دەکەن، ئەو وەک ئەوەی نوێنەری بەنگلادیشییەکانی کوردستان بێت، گوتی "هەموو بەنگلادیشییەکان گوێ لە عەزیز وەیسی دەگرن".

ڕۆستەم سامسۆر، تەمەن 21 ساڵ، ماوەی پێنج ساڵە لە کوردستان لە ئۆفیسی کۆمپانیایەک کار دەکات و مۆبایلەکەی چەندین گۆرانی کوردی تێدایە، زۆربەیان گۆرانییەکانی عەزیز وەیسی و نازدار و هەڤاڵ ئیبراهیم بوو.

محەممەد شورون، 31ساڵ، لە بەردەم بازاڕی نیشتمان خەریکی شتکڕین بوو، ئەو گوتی من تەنیا گوێ لە یەک گۆرانی دەگرم و پێم خۆشە، بەڵام نە ناوی گۆرانیبێژەکە دەزانم نە ناوی گۆرانییەکە، تەنیا دەزانم گۆرانییەکە دەڵێت "شیرین شیرین شیرینی تو، شەکر شەکر شەربەتی تو، تو یارا منی".

عەریف، تەمەن 29 ساڵ، شێتی لۆکەیە و خەون بە کچێکی وەک ئەوەوە دەبینێ، وەک خۆی گوتی "بەخوا لۆکە زۆر زۆر جوانە و گوێ لە گۆرانییەکانی ئەو دەگرم، حەز دەکەم کچێک بێنم وەکو لۆکە جوان بێت".

عەزیز وەیسی بەهۆی ستایلی گۆرانییەکانی لە نێو بەنگلادیشی و ئەسیوپییەکاندا ناوبانگێکی زۆری هەیە و هەموویان دەیناسن، هەر پێیان بڵێ گوێ لە کامە هونەرمەند دەگریت؟ راستەوخۆ یەکەمین ناو عەزیز وەیسییە.

ئەحمەد کە گەنجێکی بەنگلادیشی تەمەن 31 ساڵە، گوتی "گوێ لە گۆرانی هیندی رادەگرم، لە کوردەکانیش عەزیز وەیسی چاومانە".

نور ئیسلام، گەنجێکی دیکەی بەنگلادیشییە و چوار ساڵە لە کوردستان کار دەکات و زۆر بیری خێزانەکەی دەکات لە بەنگلادیش. کاتێک داوامان لە نور کورد گۆرانییەکی کوردی بڵێت، کەمێک بیری کردەوە و دواتر گۆرانی (بۆ کوردستان)ی زەکەریا عەبدوڵڵای گوت.

لیندا رۆما، ماوەی 3 ساڵە لە کوردستانە و لە گوندی ئەڵمانی کار دەکات، دەڵێت زۆربەی ئەسیوپی و بەنگلادیشییەکان گوێ لە عەزیز وەیسی و دەشنێ موراد دەگرن "چونکە عەزیز وەیسی گۆرانییەکانی هەڵپەڕکێن و خەڵک حەزی لێدەکات، دەشنێ مورادیش ستایلێکی نزیکی ئەورووپایی هەیە، بۆیە لەکاتی ئاهەنگ و بۆنەکاندا سەمای لەگەڵ دەکەین".

### ئەسیوپییەکان گوێ لە هێڵی لەڤ دەگرن

هێلی لەڤ ئەگەرچی تەنیا یەک گۆرانی هەیە، بەڵام هەواداری ئەسیوپی زۆری هەیە، چونکە ئەسیوپییەکان ئینگلیزی دەزانن و لە گۆرانییەکەی تێدەگەن.

ئادێ کچێکی ئەسیوپییە و لەهەولێر لە ماڵێک کار دەکات. بەهۆی ئەوەی تەلەفزیۆنی ئەو ماڵە بەردەوام لەسەر کەناڵە کوردییەکانە، ئەویش گوێ لە گۆرانی کوردی دەگرێت. ئەو دەڵێت "گوێ لە گۆرانییەکانی دەشنێ و زەکەریا دەگرم، بە راستی گۆرانی کوردی زۆر زۆر خۆشە".

شاجوانی ئینستاگرام بۆ رووداو:

# نازانم چۆن نازناوی شاجوانی ئینستاگرامم پێ بەخشراوە





**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئینستاگرام، نازناوی شاجوانی ئینستاگرام بە کچە کوردێکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبەخشن، ئەو کچە دەڵێت سەری سوڕماوە لەوە و نازانێت خەڵک چۆن ئەویان بە شاجوانی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە هەڵبژاردووە.

لە هەموو جیهاندا، جوانیی هۆکار و پێوەرێکی گرنگە بۆ ناساندنی کەسایەتییەک، دەیان کەس ناوبانگێکی زۆریان پەیداکردووە بەبێ ئەوەی هیچ کارێکی هونەری یان زانستی و ئەدەبییان کردبێت و تەنیا بەهۆی جوانیی رووخسارەوە ئەو ناوبانگەیان بەدەستهێناوە. بۆ کوردستان، بەناوبانگبوونی کەسێک بەبێ ئەوەی لە بوارێکی دیاریکراو کار بکات، شتێکی نوێیە، بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا بەهۆی پێشکەوتنی ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا، کوردیش توانی هەنگاو بنێت و بەهۆی جوانیی رووخسارەوە ناوبانگی گەورە بەدەستبهێنێ کە شەبنم بارانی یەکێکە لەوانە.

شەبنم بارانی، کچە کوردێکی خەڵکی مەهابادی رۆژهەڵاتی کوردستانە. ساڵی 1994 لەدایکبووە و ئێستا لە نەرویژ دەژی، بارانی بەبێ ئەوەی لە هیچ بوارێکی میدیایی یاخود هونەری دەربکەوێت، ناوبانگێکی باشی بەدەستهێناوە. بە بەردەوامی هەواڵی ئەو لە ماڵپەڕە کوردی و عەرەبی و فارسییەکانیشدا بڵاودەکرێتەوە و نازناوی شاجوانی ئینستاگرامی پێبەخشراوە بەبێ ئەوەی خۆی ئاگادار بێت.

هەرچەندە هیچ ڕێوڕەسمێکی فەرمی نییە بەناوی هەڵبژاردنی شاجوانی ئینستاگرام لەلایەن ئەو تۆڕە یاخود هیچ لایەنێکی دیکە، بەڵام ئێستا بە شەبنم بارانی دەگوترێت شاجوانی ئینستاگرام. ئەو بە (رووداو)ی گوت "من ئاگادار نەبووم کە خەڵکی نازناوی شاجوانی ئینستاگرامیان بەمن بەخشی".

شەبنم بارانی گوتی "من جگە لە خوێندن هیچ کارێکی دیکە ناکەم، تاوەکو ئێستا لە هیچ کەناڵێک یاخود هیچ میدیایەک دەرنەکەوتووم".

سەبارەت بە نازناوی شاجوانی ئینستاگرامیش دەڵێت "من ئاگاداری هیچ نیم، ئەم نازناوە خەڵکی بەمنیان داوە، ئەکاونتێکی تایبەتیی خۆمم هەبوو لە ئینستاگرام کە تەنیا هاوڕێکانمی تێدابوو، ماوەیەک بوو ژمارەیەکی زۆر خەڵک فۆڵۆویان دەکردم، لەسەر پێشنیازی هاوڕێکانم ئەکاونتەکەم کردە ئەکاونتێکی گشتی بۆ ئەوەی هەموو خەڵک وێنەکانم ببینن".

زیاتر دەڵێت "من تەنیا وێنەی رۆژانەی خۆم لەو ئەکاونتە بڵاودەکەمەوە، ئێستا نزیکەی 30 هەزار کەس لە ئینستاگرام فۆڵۆویان کردووم و زۆربەشیان کوردن یاخود ئێرانین، خەڵکی عەرەب و بیانیش هەن کە فۆڵۆویان کردووم، بەڵام کەمترن".

میدیا فارسی و عەرەبییەکان پێشەنگ بوون لەوەی وێنە و هەواڵ لەسەر شەبنم بڵاوبکەنەوە و بەشاجوانی ئینستاگرام بیناسێنن، دواتر چەندین لاپەڕەی کوردی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک وێنەی ئەو خانمە کوردەیان بڵاوکردەوە. بارانی لەوبارەیەوە دەڵێت "ئاگادارم بە بەردەوامی لە ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەواڵ و وێنەم لەسەر بڵاودەکرێتەوە، زۆرجار بە فارس دەمناسێنن، بەڵام من کوردم".

رووخساری جوان هەمیشە هاوکارێکی زۆر باشە بۆ ناوداربوون، شەبنم نایشارێتەوە کە حەزدەکات لە بوارێکی هونەری یاخود میدیایی دەربکەوێت، بەڵام وەک خۆی دەڵێت "جارێ خەریکی خوێندنم، دەمەوێ لە داهاتوودا کاری هونەری یاخود میدیایی بکەم و زیاتر بناسرێم، بەڵام نامەوێ لەسەر حیسابی کەسایەتی خۆم یاخود کەسایەتی بنەماڵەکەم بەناوبانگ بم، دەمەوێ بەپلان ئەو کارە بکەم، زۆر جار هەیە کچی کورد ئەگەر کاری هونەری یاخود میدیایی بکات قسەی خراپی لەسەر دەکەن، ئەو قسانە لەسەر منیش کراون، خەڵکانێک هەن بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکیان هەبێت قسەی خراپم لەسەر دەکەن، من کچێکی پاکم و سەرەتای تەمەنمە، نامەوێ ناوم بەخراپ بڕوات".

ئەو کچانەی رووخساریان جوانە و خاوەنی ناوبانگن، هەمیشە بە لێشاو داوای هاوسەرگیرییان لێدەکرێت، بارانیش بەرەورووی هەمان ئەزموون بووەتەوە "زۆرجار لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە داوای هاوسەرگیریم لێدەکرێت، کوڕەکان زۆربەیان کورد یاخود فارسن، چەندین گەنجی عەرەبیش داوایان کردووە شوویان پێبکەم و دەڵێن چیت دەوێت بۆت دەکەین، بەڵام من جارێ تەمەنم بۆ هاوسەرگیری بچووکە و بیرم لەوە نەکردووەتەوە".

شەبنم لەبارەی هاتنەوەی بۆ کوردستان دەڵێت "من زۆر کەم کوردستانم بینیوە، پڕۆژەم هەیە بێمەوە کوردستان و سەردانی هەموو شارەکان بکەم، ئەوە وەکو حەزێکی خۆم دەمەوێت تەواوی وڵاتی خۆم ببینم، چەندین پڕۆژەی هونەریشم پێشکەش کراوە بۆ ئەوەی کاری تێدا بکەم، بەڵام تا ئێستا هیچیانم قبوڵ نەکردووە".

> دێمەوە کوردستان

> ئێستا گرنگی بەخوێندن دەدەم

> لە ئینتەرنێتەوە داوای هاوسەرگیریم لێکراوە

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (349) دووشەممە 2015/3/2



## کوردێک بەرزترین خەڵاتی ئەڵمانیای پێ دەبەخشرێت

**ڕووداو – بەرلین**

بەرزترین خەڵاتی ئەڵمانیا (بوندس ڤەردیسنت کرۆیس) لە شاری بەرلین بە سەرۆکی دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ بەخشرا کە کوردێکە بەناوی (سەلاح عارف ئەحمەد). ئەم خەڵاتە تەنیا بەو کەسانە دەدرێت کە ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لە بوارێکدا بەتایبەتی کاری مرۆیی. کارەکەی سەلاح عارف کارێکی مرۆییە، تاوەکو ئێستاش چەند کوردێک ئەو خەڵاتەیان پێبەخشراوە. ئەو خەڵاتە لەلایەن وەزیری پەرەپێدان و پشخستن دکتۆر گێردمیولەر بەخشرایە ناوبراو و پێیگوت "بەڕێزتان پردێکن لەنێوان هەرێمی کورستان و ئەڵمانیا، دڵنیاتان دەکەمەوە ئێمە پشتیوانی زیاترتان دەکەین".

# ئێزدییەکانی ڕووسیا دەستبەرداری کەلتووری خۆیان نابن

**خۆشەوی محەممەد**
**ڕووداو- نیژنی نۆڤگۆرەد**

نزیکەی سەدەیەکە ژمارەیەکی زۆر کوردی ئێزدی لە باکووری کوردستانەوە ڕوویان کردووەتە وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، بەڵام سەرەڕای تێپەڕینی ئەو هەموو ساڵە هێشتا دەستبەرداری کەلتووری خۆیان نەبوون.

لە شاری نیژنی نۆڤگۆرەد، ئێزدییەکانی ئەوێ سەرقاڵی ڕێوڕەسمی پرسە و شینی شێخەکەیان بوون. ئیبراهیم کە لاوێکی کوردی ئێزدییە، خۆی و چەند ناسیاوێکی دیکەی بەدوامدا هاتن بۆ میوانخانە و بەڕێکەوتین بۆ بەشداریکردن لە پرسەی شێخ. ئەوە یەکەمجارم بوو بەشداری پرسەی ئێزدییەکان بکەم. دەمێک بوو دەمویست بگەمە ڕاستیی ئەو قسانەی لەبارەی ئێزدییەکان بیستبووم. زۆرجار دەگوترا ئێزدییەکان ڕێگا بەکەسانی غەیرە ئێزدی نادەن لەکاتی ناشتنی مردووەکانیاندا ئامادەبن، دەکرێ ئەم قسەیە هۆکارەکەی ئەوەبێت کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێزیدییەکان و ئاینەکەشیان تاڕادەیەک داخراوە، بۆیەشە زۆر تۆمەتی ناڕەوا دراوەتە پاڵیان، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە دوورن لە حەقیقەت.

ئەو دەمەی گەیشتینە ئەو گەڕەکەی پرسەکەی لێ بەڕێوەدەچوو، دەیان ئۆتۆمبێل لەمبەر و ئەوبەری گەڕەکەکە وەستابوون. خەڵکێکی زۆر دەهاتن و دەچوون. سەرجەمیان غەمگین و نیگەران دیار بوون بە لەدەستدانی شێخ. هاوکات دڵخۆشیش بوون بە دیداری دۆست و ئازیزانیان کە وا دیاربوو چەندین ساڵە یەکدییان نەبینیوە بەهۆی دوورییان لەیەکدی. هەمووان سڵاو لەیەکدی دەکەن، ئافرەت و پیاوەکانی کە خزمن، یەکدی ماچ دەکەن.

کێشەی هەرە گەورەی ئەوان نەبوونی لالش و پەرستگای دینییانە، بۆیە ناچارن ماڵ یاخود هۆڵێک بەکرێ بگرن بۆ بەڕێوەبردنی پرسەکەیان. پرسەی شێخ لە هۆڵێکی گەورەی ئەو شارە بەڕێوەدەچوو، کاتێک چووینە ژوورەوە لەبری سڵاو گوتیان "براوۆ". سەرجەم ئامادەبووانیش "براوۆ"یان گوتەوە، مەبەست لە "براوۆ" برامان بوو، بەشدارانی پرسە هاوخەمیی خۆیان بەوە دەردەبڕن.

سەدان پیاو و ئافرەت لە هۆڵەکە دانیشتوون و بەشێکیشیان بەپێوە وەستاون، لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا تەرمی کۆچکردوو لەناو سندووقێک دانراوە. مردووەکە سێ ڕۆژ پێشتر شۆردراوە، دەستەیەک جلوبەرگی جوانی کراوەتەبەر و پاشان بەکفن داپۆشراوە. لە تەنیشت سەری کۆچکردوو، شێخ ڕەشیدی برای بەدیارییەوە وەستاوە و قەول و بەیت و دوعای بەسەردا دەخوێنێ. ئەو سندووقەی تەرمەکەی لەناودایە کراوەیە و سەر و سیمای کۆچکردوو دەبینی.



■ (فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

بەشێک لەوانەی دێنە پرسەکە، مردووەکە ماچ دەکەن، لە چواردەوری سندووقی تەرمەکە چەندین چەپکە گوڵ دانراون، لە دیواری پشتەوەی هۆڵەکەش پارچە فەرشێکی گەورە هەڵواسراوە. لەسەر ئەم فەرشە چەندین وێنەی قەبارە گەورە هەڵوسراون، ئەمانە وێنەی کەسوکار و هاوڕێ نزیکەکانی کۆچکردوون.

دوو کەسی باڵابەرز کە لە بۆنە خۆش و شادییەکاندا مرۆڤ دەخەنە کەیف و سەما، لەم پرسەیەدا ئامادەبووانیان نوقمی دڵتەنگی و غەمباری کردبوو. دوو نەیژەن ئاوازێکی غەمگین ئاوێزانی قەول و بەیتی شێخ ڕەشیدی برای کۆچکردوو دەکەن، هەر کە شێخ دەوەستێ دوو ئافرەتی بەتەمەن بەردەوامی دەدەن بە لاواندنەوەکانیان. سەیرکردنی ئەم دیمانانە مرۆڤ غەمگینتر دەکەن. لە کاژێر 6ی ئێوارە تا 10ی شەو لەناو هۆڵی پرسەکە مامەوە. لەو ماوەیەدا کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵک دەهاتن بۆ پرسەکە. لە تەنیشتمەوە کەسێک وەستابوو ناوی سیامەند بوو. سەبارەت بە ڕێوڕەسمی پرسەی ئێزیدییەکانی ڕووسیا گوتی "کاتێک ئێزدییەک دەچێتە بەر دلۆڤانی خودێ، چەند ڕۆژێک پرسەی بۆ دادەنێین، ئێمە سێ ڕۆژە لەم هۆڵە پێشوازی لە میوانەکان دەکەین. بەهۆی ئەوەی کوردی ئێزدی لە زۆر شار و هەرێمە دوورەکانی ڕووسیاوە دێن بۆ بەشداریکردن لە پرسە، بۆیە پێویستە سەرجەم خزم و کەسە نزیکەکان کۆچکردوو ببینن، لەماوەی ئەم چەند ڕۆژەی پرسەشدا سەرجەم میوانەکان لای ماڵە کوردەکان دەمێننەوە تا ڕۆژی ناشتن".

سیامەند درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی "ئەوانەی بۆ بەشداریی لە پرسەکە هاتوون، دابەشی سەر ماڵەکان کراون، خواردن و خواردنەوە و شوێنی نووستنیان بۆ دابینکراوە، هیچ میوانێک ناچێتە میوانخانە، بەڵکو هەرکەسێک لای خۆیەوە چەندین کەس دەباتەوە ماڵی خۆی. ئەمەش وەک هاوکاری و پشتیوانییەک بۆ خاوەنی پرسەکە کە یەکێکە لە جوانترین دابونەریتەکانمان".

هەر میوانێک بێتە ژوورەوە لە بری سڵاوکردن دەڵێت "براوۆ". سیامەند گوتی "مەبەست لە براوۆ ئەوەیە کە دەمانەوێ هاوسۆزی و خەمباریی خۆمان بۆ خاوەنی پرسەکە دەربڕین، براوۆ مەبەست برایە، واتە برامان بوو".

بەهۆی ئەوەی خزم و دۆستانی کۆچکردوو، ڕێگایان دوورە و پێڕاناگەن ڕۆژی یەکەم بەشداری بکەن لە مەراسیمی ناشتندا، بۆیە تەرمەکە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ ڕادەگیرێت و نانێژرێت. سەبارەت بە پاراستنی تەرمەکەش لە تێکچوون، سیامەند گوتی "بەهۆی بەکارهێنانی دەرمانێکی تایبەت یاخود دەرزی، تەرمەکە لە تێکچوون دەپارێزرێت.

لەناو ئێزیدییەکاندا چوار چین هەن: شێخ، پیر، مورید و فەقیر. ئەوەی کۆچی دوایی کردووە سەر بەچینی شێخە، کەواتە ڕێگا پێنەدراوە کەسانی چینێکی دیکە تەرمەکە بشۆن. شەوی چوارەم دوای تەوابوونی پرسەکە، بەرەبەیانی زوو تەرمەکە لەلایەن برای ئاخرەت (برای ئاخرەت: ڕۆژی پێش هاوسەرگیری کەسەکە، کەسێکی دیکە دەکاتە برای ئاخرەتی خۆی) تەرمەکە بە تەواوی دادەپۆشێت و خەتمی دەکات. بەرەبەیانی هەمان ڕۆژ بە ڕێوڕەسمێکی تایبەت تەرمەکە دەبردرێت بۆ گۆڕستان و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە مورید و شێخ و پیر، تەرمەکە دەخرێتە ناو گۆڕ. سەری مردوو دەخرێتە لای ڕۆژئاوا و قاچەکانیشی بۆ ڕۆژهەڵات، پاشان گرێی کفنەکە دەکەنەوە و دوعای بۆ دەکەن و تەلقینی دەدەن، دواتر هێدی هێدی تەرمەکە دادەپۆشن و گۆڕەکە پڕدەکەنەوە و کێلی بۆ دادەنێن. ئەوانەی هاتوونەتە سەر گۆڕستانەکە دوای دانانی چەپکەگوڵ لەسەر گۆڕەکەی، خواحافیزی لە مردووەکە دەکەن.

# کورد هاوخەمی خۆیان بۆ قوربانیانی کۆپنهاگن دەردەبڕن

**دەنیز سەرنجی**
**ڕووداو- کۆپنهاگن**

هاووڵاتیانی کورد بە ئاڵایەکی گەورەی کوردستانەوە ئامادەی بۆنەی ڕێزلێنانی ئەو قوربانیانە بوون کە لەمدواییەدا بە دەست لایەنگرانی دەوڵەتی ئیسلامی لە کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارک کوژران.

لارس ئاسلان ڕاسموسن، کە لە باوکێکی کورد و دایکێکی دانیماریکییە و سەر بە پارتی سۆشیال دیموکراتەکانە، ئامادەی ئەو مەراسیمە بوو کە هەفتەی ڕابردوو بۆ قوربانییەکان ڕێکخرا. هەروەها شای دانیمارک و سەرۆک وەزیرانی دانیمارک، هێلە تۆرنین- شمیت و زۆربەی سیاسەتمەدارانی دانیمارک و سەرکردەکانی وڵاتانی سکاندەناڤیا ئامادەبوون.

"ئێستا ئێمە هەست بەو ترسە دەکەین کە تیرۆریستان دەیانەوێت بیخولقێنن". سەرۆک وەزیرانی دانیمارک لەگەڵ ئەو قسانەدا داوای یەکێتی نیشتیمانیی کرد.

یادکردنەوەکە لە نزیک کافێیەکدا بەڕێوەچوو کە پێشتر کەسێکی تەمەن 22 ساڵ بەناوی عومەر ئەلحوسەینی بە دەستڕێژی گوللە هاووڵاتییەکی کوشت. عومەر کە دانیمارکییەکی بە ڕەگەز فەلەستینی بوو، چەند کاژێرێک دواتر لەلایەن پۆلیسەوە کوژرا، بەڵام دوای ئەوەی کە لە پەرستگایەکی جووەکانیش، پاسەوانێکی خۆبەخشی کوشت.

لە هەموو دەزگا و دامەزراوە دەوڵەتیەکانی دانیمارک ئاڵای وڵات تا نیوە هێنرایە خوارەوە و کوردی ئەو وڵاتەش کە ژمارەیان 3000 کەس دەبێت، ئاڵای گەورەی کوردستانیان شەکاندەوە.

کوردی دانیمارک ئەو هێرشەیان مەحکوم کرد و بەبیریان هێنایەوە کە هەمان ئەو بیرکردنەوە توندڕەوە، باشوور و ڕۆژئاوای کوردستانی تووشی شەڕ کردووە. ئەو بیرە توندڕەوە کە داعش ڕێبەرایەتی دەکات، ئێستا مەترسی تیرۆر بە سەرانسەری ئەورووپادا بڵاودەکاتەوە.

لە یادەکەدا کورد ئامادەبوونی خۆیان بە نمایشێکی میوزیکی بەهێزترکرد: فوئاد تالای، سازژەنی پێشووی شڤان پەروەر، گۆرانییەکی کوردی چڕی و زۆر ڕێکخراو و پارتی کوردی باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەی یادەکە بوون.

عەدنان ئاغاجان، سەرۆکی کۆنفیدراسیۆنی کوردی لە دانیمارک چەپکە گوڵێکی لە بەردەم پەرستگاکەدا دانا، ئەو شوێنەی کە هێرشبەرەکە پاسەوانەکەی تێدا کوشت.

ئاغاجان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەمان ئەو دوژمنە جیهادییەی کە ئێمە لە کوردستانی عێراق و کۆبانی شەڕیان لەگەڵ دەکەین، لە پشت ئەم هێرشەی کۆپنهاگنەوە بوو". گوتیشی "هەرچەندە دوژمن چەند ناوێکی جیاوازی هەیە، بەڵام هەمان ئایدۆلۆژیایە".

لە پایزی ساڵی ڕابردوودا، کورد لە چەندین شوێنی ئەورووپا لەگەڵ لایەنگرانی داعشدا دەستەویەخە بوونەوە، لە نێویشیاندا شاری هێرفۆرد و چێلێی ئەڵمانیا کە چەند کوردێک بریندار بوون.

ئاغاجان نەیشاردەوە کە ئەو ترسی هەیە لەوەی لایەنگرانی داعش هێرش بکەنە سەر کوردی دانیمارک و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا "هەڕەشەکە لە هەموو شوێنێکی ئەورووپادایە". ئەو گوتی "ئێمە بووین بە ئامانج، لەبەرئەوەی لە سووریا و عێراق شەڕی ئەوان دەکەین".

بۆ نیشاندانی هاوڕێیەتی نزیکی نێوان موسڵمان و جوو لە دانیمارک، ئۆزلەم چەکیج پەرلەمانتارێکی موسڵمان و کوردی دانیمارک دەست لەناو دەست لەگەڵ ڕابی بێنت مێلچێور ڕاوەستابوو.

"ڕق و کینە بە ڕق و کینە وەڵام نادرێتەوە"، ئۆزلەم هەروەها گوتی "وشە و دیالۆگ ئاشتی دێنن، لەبەرئەوە پێویستە جەخت لە خۆشەویستی و پەیوەندی دوو لایەنە بکەینەوە. کۆمەڵگە دیموکراتییەکەی ئێمە زۆر لە ترسی تیرۆر بەهێزترە".

ساڵح موسلم، سەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) لە سووریا لە ڕێگەی نیکۆلاژ ڤیلمسن، پەرلەمانتاری دانیمارکیەوە سەرخۆشیی خۆی ئاراستەی خەڵکی دانیمارک کرد.

"من هاوخەمی خۆم بۆ دانیمارک دەردەبڕم، ئامانجێکی هاوبەشمان هەیە لەشەڕی توندڕەویدا. ئیدی لە ڕۆژئاڤا بێت یان لە ئەورووپا".

ئەو پەرلەمانتارە ڕایگەیاند کە پەیامەکە ئەوەیە ئەم شەڕە دژی توندڕەوەکانە و ململانێی نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوا نییە، بەڵکو شەڕی نێوان دیموکراسی و بیری توندڕەوییە.

ئەو پەرلەمانتارە شەڕەکەی وەها ناوبرد کە شەڕی نێوان لایەنگرانی ئاشتی و هەمەڕەنگییە لەگەڵ ئەوانەی کە ترس و یەکڕەنگییان دەوێت.


ئەحمەد دەمیر، ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی کە کوردێکی باکووری کوردستانە، پاسەوانە کوژراوەکەی دەناسی کە دان ئوزانە و دەڵێت بە بیستنی هەواڵەکە تووشی شۆک بووە "بڕوام نەدەکرد، ئوزان کەسێکی زۆرباش بوو. بەڕووی هەموو کەسێکدا کراوەبوو، هەقی بەسەر ئەوەوە نەبوو کە تۆ موسڵمانی، کریستیانی یان جوو. هەموو کەسێکی بە مرۆڤ دەزانی".

عومەر ئەلحوسەینی، هاووڵاتییەکی دانیمارکی بوو کە پەیوەندی بە گرووپە توندڕۆکانەوە هەبوو. پێش هێرشەکە بە دوو هەفتە لە زیندان ئازادبووبوو کە هەر بە تاوانی هێرشی توندوتیژی خرابووە زیندان.

هێرشەکەی کۆپنهاگن دوای دوو مانگ لە هێرشی توندڕەوەکان هات بۆ سەر گۆڤاری چارلی هێبدو لە پاریس. ئەو گۆڤارە کاریکاتێری تەنزئامێزی بڵاودەکردەوە.

هونەرمەندی سویدی لارس ڤیلکس کە پێشتر هەڕەشەی کوشتنی لەسەر کارەکانی لێکراوە و باڵیۆزی فەڕەنسا فرانسس زیمەر لە شوێنی هێرشەکەدا ئامادەبوون، بەڵام هیچیان لەو هێرشەدا بەرنەکەوتن.






Empire World
Building the Future

Empire World:
Empire Business Complex C4, Erbil, Iraq
Tel: +964 (0) 66 257 6006 - +964 (0) 66 257 6007
info@empireiraq.com - www.empireiraq.com


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
- ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروستکراوە.
- کەرەستەی بەکارهاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە..
- چوار ئەسانسۆر (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لە هەر باڵەخانەیەکدا.
- کامێرای چاودێری.
- قوتابخانە.
- مزگەوت.
- نۆرینگەی پزیشکی.
- سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوەو داخراو.
- رووبەرێکی فراوانی سەوز.
- مۆڵی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
بەشێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - ڕێگەی کەرکووک - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبایل : 07707043131 \ 07502324343



SIDAR
AGENCY
سیدار ئێجێنسی، کۆمپانیای تایبەت بە کاری ڕێکلام و مارکتینگ و بەرهەم هێنانی میدیایی، تاکە بریکاری سەرەکی تۆڕی میدیایی ڕووداوە، بۆ ڕێکلام کردن لە تەلەفزیۆن و رادیۆ و رۆژنامە و پۆرتاڵی رووداو.
RÛDAW
RÛDAW
FM & MUSIC
بۆ ڕێکلام کردن لە تۆڕی میدیایی ڕووداو
پەیوەندی بکە بە:
for advertisement and media production
agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com
+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11

ڕووداو

ژنان

ژمارە (349) دووشەممە 2015/3/2

## ژنێک لە سلێمانی خۆی خنکاند



**رووداو- سلێمانی**

لەشــاری ســلێمانی یەکەمین حاڵەتی خۆخنکاندنی ئافرەت تۆمار کرا و پۆلیسیش دەڵێن لێکۆڵینەوە دەکەین. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند هەفتەی ڕابردوو ژنێکی تەمەن 42 ساڵ کە دانیشتووی گەڕەکی بەکرەجۆیە لەماڵەکەی خۆیدا خۆی خنکاندووە. سەبارەت بەهۆکاری خۆخنکاندنەکەش، گوتەبێژی پۆلیس گوتی "هۆکاری ڕووداوەکە نەزانراوە و تیمەکانمان سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن". خۆخنکاندنی ئەو ژنە لەشاری سلێمانی بەیەکەمین حاڵەتی خۆخنکاندن دادەنرێت کە ئەمساڵ لەسنووری شاری سلێمانی تۆمار کراوە.

سەرۆکی پەرلەمانی دانیمارک بۆ (رووداو):

# دەبێت هەوڵی بە پەلە بدرێ بۆ رزگارکردنی ژنە ئێزدییەکان



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

**دەنیز سەرینجی**
**رووداو- کۆپنهاگن**

سەرۆکی دەستنیشانکراو بۆ کۆبوونەوەی داهاتووی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای هەوڵی بەپەلە دەکات بۆ رزگارکردنی ئەو ژنە کوردانەی کەوتوونەتە دەستی داعش.

مۆجێنز لیکێتۆف، پەرلەمانتاری دانیمارکی کە وەک سەرۆکی داهاتووی کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستنیشانکراوە، دەڵێ هەوڵی جدی بۆ دۆزینەوە و گەڕانەوەی هەزاران ژنی کورد کە لەلایەن داعشەوە رفێنراون، پێویستە.

"بەکارهێنانی ژنانی دەستگیرکراو لەلایەن داعشەوە وەکو کۆیلە کارێکی بەربەریانەی نائەخلاقییە". لیکێتۆف کە پێشتر وەزیر بووە لە حکومەتی دانیمارکدا و ئێستا سەرۆکی پەرلەمانی ئەو وڵاتەیە، وایگوت.

ئەو بە (رووداو)ی گوت "پێویستە هەموو ڕێگایەک بگرینەبەر و هەموو هەوڵێک بخەینەگەڕ لەپێناوی ڕاگرتنی ئەو بەربەریەتە".

مانگی ئابی ڕابردوو، چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی هێرشیان کردە سەر شنگال و دەوروبەری. لە ئەنجامی ئەوەشدا سەدان ژن و پیاو و منداڵی ئێزدی کەوتنە دەستی ئەو ڕێکخراوە کە زۆربەی پیاوەکانی کوشتن. تاوەکو ئێستاش سەدان ژنی ئێزدی لەدەستی ئەو گرووپەدا ماون کە هەندێکیان بەگوێرەی بەڵگەکان وەکو کۆیلە و دەستکەوتی شەڕ لە بازاڕی کۆیلەفرۆشیدا فرۆشران بە عەرەبە دەوڵەمەندەکان و هەندێکیشیان بەزۆرەملێ لە چەکدارە توندڕەوەکان مارە کراون.

ژمارەیەک لەو ژنانە کە بە نزیکەی 400 ژن مەزەندە دەکرێن، بە هەوڵی تاکە کەسی رزگار کراون و بە زەبری پارە لە دەست چەکدارانی داعش دەرهێنراون. هەروەها چەکدارانی داعش لە ماوەی ڕابردوودا ژمارەیەک ژن و پیاوی بەساڵاچووی ئێزدییان ئازاد کردن، بەڵام ژنە گەنجەکان لەنێو ئەوانەدا نەبوون.

مۆجێنز لیکێتۆف گوتی دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوا لە وڵاتە عەرەبییەکان بکات بۆ گەڕان بەدوای ئەو کچانەدا "پێویستە داوای بەپەلە لەو وڵاتانە بکرێت لە چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ژنانە و دڵنیایی بدەن لە گەڕانەوەی ئەو ژنانە بۆ ناو کەسوکاریان".

لیکێتۆف لەم هەوڵەیدا لەلایەن پێر ستیگ مۆلەر، وەزیری دەرەوەی پێشتر و بەرپرسی کۆمیتەی کاروبارەکانی دەرەوەی پەرلەمان و چەند پەرلەمانتارێکەوە پشتگیری لێدەکرێت.

مۆلەر گوتی "دەبێت هەمان شت بکەین کە سوید کردوویەتی." مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوو، پەرلەمانتارانی سویدی ڕایانگەیاند کە دەستپێشخەری دەکەن بۆ هاندانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ دۆزینەوە و پاراستنی ئەو ژنانەی کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش، لەگەڵ ئەوانەی ئاوارە بوون بەهۆی جەنگی سووریا و عێراقەوە.

دێسێری پێسرۆس، پەرلەمانتار لە پارتی دیموکراتی مەسیحی سوید، لەگەڵ هەشت پەرلەمانتاری دیکەی سویدی داوایان لە وەزیری دەرەوەی سوید مارگۆت واڵسترۆم کرد کە فشار بخاتە سەر نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی ئەو ژنانەی بێ سەروشوێن بوون لە شەڕی عێراق و سووریادا.

"بۆ ڕێگریکردن لە جینۆسایدی زیاتر و دەستدرێژی بۆ سەر ژنان و ڕفاندنیان و بەکارهێنانیان وەک کۆیلە بۆ کاری سێکسی و فرۆشتنیان لە بازاڕدا بۆ سێکس، دەبێت بەر بە شەڕی ناوخۆی سووریا و داعش بگیرێت. دەبێت حکومەتی سوید بەشێک لەو بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆ بگرێت" پەرلەمانتارەکان لە نامەیەکدا بۆ وەزیری دەرەوەی سوید ئەمەیان نووسیبوو.

یڵدز ئەکدۆکان کە پەرلەمانتارێکی دانیمارکی بە ڕەچەڵەک کوردی باکووری کوردستانە، لە هەوڵی ئامادەکردنی سەمینارێکدایە بۆ کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی پەرلەمانی دانیمارک بۆ هۆشیارکردنەوە و لۆبیکردن لەپێناوی لێکۆڵینەوە لە شوێنی ئەو ژنانە.

"پێویستمان بەوەیە کە وڵاتان بە تەنیا و یەکێتی ئەورووپا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵی زیاتر بخەنەگەڕ بۆ دۆزینەوەی ئەو ژنە ئێزدییە ڕفێنراوانە". ئەکدۆکان هەروەها بە (رووداو)ی گوت "ناتوانم وێنەی ئەو ژنانە بێنمە بەرچاوان کە ئێستا لە چ بارودۆخێکدا دەژین".

هەندێک لە وڵاتانی کەنداو و تورکیا ڕەخنەی ئەوەیان لەسەرە کە لە وڵاتەکانیانەوە هاوکاری دارایی پێشکەش بە داعش دەکرێت یان ئەم وڵاتانە کۆششی پێویست ناکەن بۆ ڕێگرتن لە پەڕینەوەی ئەو توندڕەوانە لە تورکیاوە بۆ ناو سووریا.

بە وتەی نیکۆلاس ڤیلومسێن، پەرلەمانتار لە پارتی چەپ، دەبێت دانیمارک فشار بخاتە سەر تورکیا و وڵاتانی کەنداو لەسەر چارەنووسی ئەو ژنە بێ سەروشوێنانە "پێویستە فشار بخەینە سەر ئەم وڵاتانە، تاوەکو یارمەتیمان بدەن لە دۆزینەوە و ئازادکردنی ئەو ژن و کچە ئێزدییانەی دەستدرێژییان کراوەتە سەر و فرۆشراون بە چەکدارانی داعش".

یەڵماز یڵدز، سەرۆکی کۆمەڵگەی کەلتووریی ئێزدی لە دانیمارک گوتی زۆربەی ئێزدییەکانی دانیمارک کە ژمارەیان 500 کەس دەبێت، خزم و کەسوکاریان لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون. ئەوان خۆشحاڵ بوون بەوەی کە سیاسەتمەداران و پەرلەمانتارانی دانیمارکی بە پەرۆشن بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو ژنە ڕفێندراوانە "زۆر خۆشحاڵین بەو بەیاننامەیەی سیاسەتمەدارە دانیمارکییەکان. ئەوە پشتگیرییەکی ئەخلاقییە بۆ ئێمە". یەڵماز وایگوت.

هەر لەوبارەوە ڕەشیدە مانجۆی نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری توندوتیژی لەدژی ژنان گوتی "زۆر لەو کچە هەرزەکارانەی لەمانگی ئابی ڕابردووەوە لەلایەن داعشەوە ڕفێنراون، دەستدرێژییان کراوەتە سەر و هەندێکیان وەک کۆیلە فرۆشراون لەلایەن چەکدارانی داعشەوە."

مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوو 21 ئێزدی کە زۆربەیان ژن بوون، توانیبوویان لە دەست چەکدارانی داعش هەڵبێن بە هاوکاریی هێرشە ئاسمانییەکان بۆ سەر مووسڵ.

لیکیتۆف یەکەمین دانیمارکییە کە لە مانگی ئەیلولی داهاتوو سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سام کوتێسای ئۆگەندی وەردەگرێت.

# ژنە هەڕەشەلێکراوەکان لە شێڵتەرێکدا کۆدەکرێنەوە

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، پرۆژەیەکی تازەی هەیە بۆ یەکخستنی شێڵتەرەکانی ژنان، بەڵام پسپۆڕێکی سویدی ئەو کارە بە "هەڵە" دەزانێت.

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی خاوەنی 4 شێڵتەری پاراستنی ئافرەتانە لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک، لەگەڵا شێڵتەرێکی 72 کاژێری لەناوچەی گەرمیان، بەڵام ئێستا وەزارەتەکە بیر لەوە دەکاتەوە ئەم چوار شێڵتەرە لە تەنیا شێڵتەرێکدا کۆبکاتەوە.

محەمەد قادر هاودیانی، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە (رووداو)ی گوت، دەمێکە ئەو پرۆژەیەیان ئامادەکردووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی جێبەجێکردنی پرۆژەکەیان ڕاگرتووە.

هاودیانی ئامانجی پرۆژەکەی ڕوونکردەوە و گوتی "دەمانەوێ ئاستی خزمەتکردنی ئافرەتان وەکو ستانداری جیهانی بێت لەڕووی پاراستنی ئەمنیەت و خزمەتکردنیانەوە".

مونیرە عوسمان، ئەندامی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵا و خێزان لە پەرلەمانی کوردستان پاڵپشتی ئەو بۆچوونەی وەزیر دەکات، چونکە پێیوایە "دەتوانرێت بەشێوەیەکی باشتر خزمەتی ئەو ئافرەتانە بکرێت".

تاوەکو چەند ساڵێک لەمەوبەر، جگە لە حکومەت ڕێکخراوەکانی ژنانیش لای خۆیانەوە شێڵتەریان دەکردەوە بۆ داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو، بەڵام بەشێکیان بەهۆی هەڵە و کەموکوڕی لە بەڕێوەبردن و پێشێلکردنی مافی ژنانی داڵدەدراو داخران، ئێستا تەنیا یەکێتی ژنانی کوردستان شێڵتەرێکی بەنێوی (لانەی ئارام) هەیە.

بەرپرسانی ئەو شێڵتەرە پێیان باشە حکومەت یەک شێڵتەری مەرکەزی بکاتەوە و ئامادەن ئافرەتانی نێو شێڵتەرەکەیان ڕەوانەی شێڵەرە سەرەکییەکەی حکومەت بکەن لە ئایندەدا.

لەیلا عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری لانەی ئارام ئاشکرای کرد تاوەکو ئێستا 850 ئافرەتیان داڵدە داوە و زۆربەی ئەو ژنانەی داڵدەدراون کێشەکانیان چارەسەرکراوە و گەڕاونەتەوە نێو کەسوکاریان.

ئەو ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆئەوەی هاوکاریی شێڵتەرەکانی حکومەت بکات و ئەو ژنانەی لەلای ئەوان داڵدە دراون بنێرن بۆ شێڵتەرە ناوەندییەکە. لەیلا گوتی "ئامادەین ئەو ئافرەتانەی لامانن بیاندەینە دەست وەزارەت، پێمانگوتن شوێنمان بدەنێ بۆ ئەوەی ئافرەتەکانی لای ئێمەش لەوێ بن، بەڵام گوتیان ناتوانین".

### "ڕێگە دوور دەخاتەوە"


پرۆژەکەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەلای هەندێک لە ڕێکخراوەکانی ژنانەوە "گونجاو نییە". جوانە ڕەحیم یەکێک لە هەڵسوڕێنەرانی ڕێکخراوی ئاسوودە کە ماوەی 10 ساڵ شێڵتەریان هەبووە، پێی باش نییە شێڵتەرە حکومییەکان یەکبخرێن "چونکە ئەو ئافرەتانەی لەو شێڵتەرانەدان هەریەکە و لە کەلتورێکی جیاوازن، بۆیە تێکەڵکردنیان تاڕادەیەک قورس دەبێت".

هەروەها لایەنی نەرێنی دیکە باسدەکات و دەڵێ ئەگەر ئەو شێڵتەرە ناوەندییە بۆ نموونە لە هەولێر بێت "کەسوکاری ئافرەتەکان دەبێت ڕێگەیەکی دوور ببڕن بۆ سەردانکردنیان و ڕێگەیان دوور دەکەوێتەوە".

### "نابێ ڕێکخراو شێڵتەری هەبێت"

وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەڵێت بوونی ئەو شێڵتەرانە پەیوەندی بە ڕێکخراوەکان و ئەو وەزارەتانەوە هەیە کە مۆڵەتی کارکردنیان پێداون و گوتی "هەر ئافرەتێک هەڕەشەی کوشتنی لەسەر بێت بەپێی سیستەمێک کە لای ئێمە هەیە، وەریاندەگرین". بەڵام بەلایەوە ئاسایی نییە ڕێکخراو شێڵتەری هەبێت و ژن و کچی هەڕەشەلێکراو داڵدە بدات "ناتوانم بڵێم ئاساییە یان نا، چونکە لای ئێمە مۆڵەتیان وەرنەگرتووە".

بەڵام مونیرە عوسمان لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی پێی ئاسایی نییە ئەو شێڵتەرانە لەلای ڕێکخراوەکان هەبن و گوتی "ئاسایی نییە لە دەرەوەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی شێڵتەر هەبن، چونکە ئەرکی ڕێکخراوەکان هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەیە، نەک دامەزراندنی شێڵتەر و داڵدەدانی ژنان".



### خزمەتگوزارییان بۆ زیاد دەکرێت

بەشێک لەو چالاکوانانەی لە بواری شێڵتەرەکانی ئافرەتاندا کاریان کردووە، ئاماژە بە کەمیی خزمەتگوزاری و کوالێتی خواردنی شێڵتەرە حکومییەکان دەکەن و پەسەندی ناکەن، بەڵام وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی دەڵێت لەگەڵا وەزارەتی دارایی قسەیان کردووە بۆ ئەوەی ئەو یارمەتییانەی دەدرێن بەشێڵتەرەکان زیاد بکرێن.

### " تێکەڵکردن هەڵەیە"

پێشتر هەندێک ڕووداوی کۆمەڵایەتی دیکە لە شێڵتەرەکاندا دەقەومان، کاتێک خەڵک دەچوونە سەر شێڵتەرەکان و داوای ژنە داڵدەدراوەکانی خۆیان دەکردەوە، یان کەسانێک کە بەمەبەستی تۆڵەکردنەوە لە دەرگای شێڵتەرەکانیان دەدا.

دالیا ڕێبوار حەسەن، کچە کوردی دانیشتووی سوێد و هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە زانستەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی کە لە شێڵتەرێکی ژنان لە سوێد کار دەکات، ئێستا گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان و بە وردی باسی سیستەمی سوێدی بۆ پاراستنی ئەو ئافرەتانە ڕووندەکاتەوە و دەڵێ "لەوێ دوو جۆر شێڵتەر هەیە، یەکێکیان تایبەتە بە حکومەت و ئەوەی دیکەش لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بەڕێوەدەبرێن، بەڵام حکومەت ئاگاداری کاروباری کۆمپانیاکانیشە، پاشان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆمەڵایەتییەوە، جۆری شێڵتەرەکە بۆ ئەو کەسە دەستنیشان دەکرێت".

دالیا، تێکەڵکردنی ئەو ئافرەتانە لەیەک شوێندا بە "هەڵە"دەزانێ و وای دەبینێ تێکەڵکردنیان "لەڕووی ئاسایشەوە کارێکی باش نییە، چونکە ئەگەر هەموویان لەیەک شوێندا بن، ئەو کاتە شوێنەکەیان تاڕادەیەکی زۆر ئاشکرا دەبێت، جگە لەوەش ئافرەتەکان نهێنی ژیانی یەکدی دەزانن و ئەگەر ڕۆژێک بێنەوە نێو کۆمەڵگە، لەوانەیە باسی نهێنی یەکدی بکەن".

ئەو پسپۆڕە لەبارەی سیستەمە سوێدییەکەوە ئاماژەی بەوەش دا کە بەمەبەستی پاراستنی زیاتری ئەو ئافرەتانە، شێڵتەرەکە ئۆتۆمبێلی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ هاتوچۆپێکردنی ئافرەتانەکان بۆ دەرەوەی شوێنەکەیان و هێنانەوەیان، ئەو کەسانەشی لەو شوێنانە کار دەکەن، تەنانەت نابێت کەسوکاریشیان بزانن کە لەو شوێنەن، بۆ ئەوەی ژیانی ئافرەتەکان پارێزراو بێت.

دالیا گوتی "ئەگەر بزانن ئافرەتێک ژیانی زۆر لەمەترسیدایە، ئەوا حکومەت ڕەوانەی ناوچەیەکی زۆر دوورتری دەکات لە شوێنەکەی خۆی و شوقەیەکی بۆ دابین دەکات، هەروەها ناسنامەکەشی دەگۆڕن بۆ ئەوەی لە هیچ شوێنێک نەناسرێتەوە".

## ئەمساڵ 53 پیاو سکاڵایان تۆمار کردووە



**رووداو- سلێمانی**


تەنیا لەماوەی 2 مانگی ئەمساڵدا 53 سکاڵا لەلایەن پیاوان تۆمارکراون. بورهان عەلی، سکرتێری یەکێتی پیاوانی کوردستان لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی رایگەیاند هەرچەندە ئەوان هەر سێ مانگ جارێک ئامار بڵاودەکەنەوە، بەڵام بەپێی ئاماری 2 مانگی رابردوویان و تەنیا لەسنووری پارێزگای سلێمانی، 53 حاڵەتی توندوتیژی بەرامبەر پیاوان کراوە، لەگەڵ سێ خۆکوشتن و یەک کوشتن. ناوبراو روونیکردەوە بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستانەوە، کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش زۆرتر بوون.

# لە شەڕی نێوان دوو بنەماڵەدا پۆلیسێک دەکوژرێ

**عومەر چاوشین**
**رووداو – پشدەر**

بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، دوو بنەماڵەی دانیشتووی ناحیەی هەڵشۆ لە قەزای پشدەر دەبێتە شەڕیان و لە ئەنجامدا پۆلیسێک دەکوژرێت کە لایەنگری یەکێک لە بنەماڵەکان بووە، پۆلیسی ناوچەکەش دەڵێت هێشتا بۆیان روون نییە ئەو دوو بنەماڵەیە لەسەرچی بەشەڕ هاتوون.

شەڕی نێوان ئەو دوو بنەماڵەیە کاژێر 10ی بەیانی رۆژی 2015/2/27 لە سەنتەری ناحیەی هەڵشۆ روویداوە و شەڕەکەش قوربانییەکی لێکەوتووەتەوە بەناوی ئەرسەلان ئیسماعیل عەبدوڵڵا کە پۆلیس بووە لە ناحیەکە. ئەرسەلان کوڕی گەورەی باوکیەتی و دوو کوڕ و کچێکی لە دوای خۆی جێهێشتووە.



رەسول ئیبراهیم عەبدوڵڵا کە ئامۆزای پۆلیسە کوژراوەکەیە، بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوان کێشەیەکی کۆنی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ خزمەکانیان هەبووە و بکوژەکەش بن ئامۆزای خۆیانە و لەو باوەڕەدا نەبوون ئەو کێشەیە نوێ ببێتەوە و خوێنی تێدا برژێت.

رەسوڵ گوتی "چەند ساڵێک پێش ئێستا ماڵی ئامۆزاکەی بابم لەسەر راوکردن لەلایەن پۆلیسی دارستانەوە دەستگیرکران، ئەوان وایانزانیوە ئەرسەلان دەستی لە گرتنەکەی ئەواندا هەیە، داوتریش لەبەر ئەوەی دراوسێی یەکتربوون، بەردەوام کێشەی نێوانیان گەورەتر دەبوو، زوو زوو دەبووە دەمەقاڵەیان".

رەسول پێیوایە شەڕی نێوانیان تەنیا لەسەر کۆنە قینە "ئەگەرنا هیچ کێشەیەکی وەکو میرات و شەرەف و خوێن لە نێوانماندا نەبووە، ئێمە پێمانوایە کوشتنی ئەرسەلان تەنیا لەسەر کۆنە قینە".

بەپێی قسەی رەسول، ئەو ئامۆزایەی سەرەتا لە نێو شەڕەکەدا نەبووە، لە دەوام هاتووەتەوە و بینیویەتی قەرەباڵغییەکی زۆر لە بەردەم ماڵەکەیانە، کاتێک لە قەرەباڵغییەکە نزیکبووەتەوە کەسێک تەقەی لێکردووە و کوشتوویەتی "بن ئامۆزاکەمان لە نێو ئۆتۆمبێل تەقەی لە ئەرسەلان کردووە، چوار فیشەکی بەرکەوتووە، هەر بەوەش نەوەستاوە لە ئۆتۆمبێلەکەی دابەزیوە و چەند چەقۆیەکیشی لێداوە".

دوای رووداوەکە، تەقەکەرەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا. (رووداو) پەیوەندی کرد بە بنەماڵەی تۆمەتبار، بەڵام ئەوان ناحیەکەیان جێهێشتووە و مۆبایلەکانیشیان داخستووە.

رائیدی پۆلیس مستەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین گوتی "کاتژمێر 10ی بەیانی 2015/2/27 لە ناحیەی هەڵشۆ کارمەندێکی پۆلیسی پشدەر بە ناوی ئەرسەلان ئیسماعیل عەبدوڵڵا، تەمەن 40 ساڵ، لە نێو سەنتەری ناحیەکە لەلایەن کەسێکی تەمەن 32 ساڵ بەناوی (م.م.ئا) دراوەتە بەر دەستڕێژی گوللە و دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە". گوتیشی "دوای رووداوەکە تیمەکانی پۆلیس دەگەنە شوێنی رووداوەکەو پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان کردەوە، دوای ماوەیەکی کەم پۆلیس تەقەکەرەکەی دەستگیر کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی رووداوەکە تازەیە و کەس داوای تۆمار نەکردووە، بۆیە هۆکاری رووداوەکەش نەزانراوە".

هەروەها عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ بە (رووداو)ی گوت "دوای پشکنینی پزیشکی دادوەری دەرکەوت شوێنەواری چەند فیشەکێک بە جەستەی کەسە کوژراوەکەوە دیارە" ناوبراو هۆکاری کوژرانی ئەو پۆلسەی گێڕایەوە بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەو دوو خێزانەدا.



**موقەدەمی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر***

## بڕینی پەیوەندی خزمایەتی تاوانە

کوڕێک لەگەڵ باوکەکەی هانای بۆ هێنایین کە لەگەڵ هاوسەرەکەی ئاشتی بکەینەوە. ئەو کوڕە باسی کێشەی خۆی کرد و گوتی من لەگەڵ خێزانەکەم هیچ کێشەم نەبوو، لەگەڵ ژن براکەم بەشەڕهاتم، بەو هۆیەشەوە پەیوەندی نێوان من و خێزانەکەم تێکچوو. هەردوولامان راپۆرتی پزیشکیمان هەبوو کە لێماندراوە، بەڵام سکاڵامان لەسەر یەکدی تۆمار نەکرد. چونکە من نەمدەویست بە یەکجاری ماڵم لێ تێکبچێت و ژنەکەی خۆمم خۆشدەویست، جگە لەوەش هەردوولامان خزمین.

ئەو کوڕە درێژەی بە گێڕانەوەکەی داو گوتی من پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵ ژنەکەم هەبوو، بەڵام ماڵی باوکی رازی نەدەبوون هاوسەرگیری بکەین، چونکە قسەیان لەگەڵ دایکم نەبوو، دواتر بەو مەرجە رازی بوون بیخوازم کە دایکم و باوکم سەردانمان نەکەن، بەڵام خۆم ئازادم سەردانی ئەوان بکەم یان نا. ئێستا ماوەی 10 رۆژە ژنەکەم چووەتەوە ماڵی باوکی. ئێستا کێشەکەم قووڵتر بووەتەوە، باوکم دەڵێت بەو مەرجە رازیم ژنەکەت بهێنیتەوە دەبێت ئەو مەرجەیان نەمێنێت کە پێشتر دایاننــاوە. من بەرگەی دووریی ئەو ناگرم، دەمەوێت بە زووترین کات ئاشت بینەوە.

کاتێک بانگی ئافرەتەکە کرا لەگەڵ باوکی، یەکسەر باوکەکە گوتی دەبێ کچەکەم تەڵاق بدات، کوڕەکە تووشی شۆک بوو. بەپێویست زانرا کەسوکاری هەردوولا بچنە دەرەوە تەنیا ژن و پیاوەکە قسەیان لەگەڵ کرا. ژنەکە ئەمجارە مەرجەکەی قورستر کرد و گوتی بەهیچ شێوەیەک نابێت بچێتە ماڵی باوکی و ئەوانیش سەردانی ئێمە بکەن، پاش هەوڵێکی زۆر ژنەکە رازی بوو کە مێردەکەی بە تەنیا سەردانی ماڵی باوکی بکات، بەڵام ماڵی باوکی سەردانی ئەوان نەکەن.

کەسوکاری هەردوولا بانگکران بۆ ئەوەی ئاشتبوونەوەکەیان پێ رابگەیەنرێت. کاتێک باوکی کوڕەکە ویستی قسە بکات، کوڕەکە یەکسەر قسەکانی پێ بڕی و گوتی باوکە هیچ قسەیەک مەکە با دووبارە ماڵم لێ تێکنەچێ. باوکەکەشی گوتی با هەموو شتێک بە قوربانی تۆ بێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی ژمارە (8)ی ساڵی 2011 لە مادەی (2)دا هاتووە بڕینی پەیوەندی خزمایەتی بە توندوتیژی دادەنرێت، بکەرەکەی بەپێی مادە (7)ی هەمان یاسا سزا دەدرێت بە حەپسکردن بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ، هەروەها بە غەرامەکردن کە کەمتر نەبێت لە ملیۆنێک دینار و زیاتر نەبێت لە پێنج ملیۆن دینار، یان بە یەکێک لەم دوو سزایە.

کێشەی ئەو ژن و مێردە پێماندەڵێت بۆ ئەوەی ژن و پیاو پێکەوە بەختەوەر بن، بە تەنیا خۆشەویستی و رێزی نێوانیان بەس نییە، بەڵکو هەردوولا دەبێت رێزی کەسوکاری یەکدی بگرن و لەگەڵیان بگونجێن، بۆ ئەوەی دووربن لەو جۆرە دەستتێوەردانانە، چونکە تاکی کورد تاوەکو ئێستا نەگەیشتووەتە ئەو قۆناغەی ئازاد بێت لە بڕیاردان بەتایبەتی ئافرەتان.

***بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

## یاسناسێک داوای ساخکردنەوەی دەکات

# لیژنەی فەتوا قسە لەسەر "حەڵاڵ و حەرام"ی مەیخواردنەوە دەکات





**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

پەرلەمانتارێکی پێشووی گۆڕان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق داوا دەکات مەسەلەی "حەڵاڵی و حەرامی"ی مەیخواردنەوە ساخ بکەنەوە، لیژنەی فەتواش دەڵێت رۆژی سێشەممەی داهاتوو لەسەر ئەم مەسەلەیە کۆدەبنەوە، بەڵام یەکێتی زانایان و پسپۆڕێکی ئاینی رایدەگەیەنن کە مەیخواردنەوە حەرامە و پێویست بەوە ناکات لیژنەی فتوا گفتوگۆی بکات.

رۆژی 2015/2/28 حاکم شێخ لەتیف، کەسایەتی دیاری یاسایی لە کوردستان و ئەندامی خولی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە پەیجی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، پۆستێکی دانا کە دەڵێت "کۆمەڵەی نێودەوڵەتی موسڵمانانی قورئانخوێن بەیاننامەیەکیان دەرکردووە و دەڵێن کحول واتە (مەشروب) لە قورئاندا حەرام نەکراوە، بەپێچەوانەوە خوای گەورە لە سورەتی نەحل بە رزقی باش ناوی بردووە، زۆر زانای دیکە لەزۆر زووەوە وایانگوتووە. شێخی ئەزهەریش ماوەیەک پێش ئێستا هەمان فەتوای دا، ئێستا کاتی خۆیەتی ساخ بکرێتەوە و چیدی خەڵک بەناوی دینەوە سزا نەدرێ، چونکە ئەوانەی حەرام حەڵاڵ دەکەن، یان حەڵاڵ حەرام دەکەن، لەعنەتی خوایان لەسەرە. پرسیارەکەش ئەوەیە ئەوانەی 1500 ساڵە لەسەر ئەم بابەتە سزا دەدرێن گوناحەکەیان لە ملی کێیە؟".

حاکم شێخ لەتیف لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) تەنیا گوتی "هیوادارم لایەنە پەیوەندیدارەکان حەڵاڵ و حەرامیی مەشروب ساخ بکەنەوە بۆ ئەوەی موسڵمانان رێیان روون بێت".

لیژنەی فەتواو یەکێتی زانایان و پسپۆڕێکی بواری ئاینیش جەخت دەکەنەوە کە خوای گەورە بە سێ قۆناغ مەیخواردنەوەی حەرام کردووە، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەی فەتوا لە دانیشتنی ئەم هەفتەیەیاندا قسە لەسەر ساغبوونەوەی حەڵاڵی و حەرامیی مەی دەکەن.

مامۆستا محەممەد ئێنەیی بڕیاردەری لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی گوت، خوای گەورە بە هەموو شێوەیەک مەیخواردنەوەی قەدەغە کردووە و گوتی "خواردنەوەی مەی دەقی لەسەرە کە حەرامە، چونکە زیانەکانی زیاترە لە قازانج و هەر کەسێک خواردیەوە دەبێت 40 داری لێبدرێت".

هەروەها مەلا عەبدوڵڵا سەعید، سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان گوتی ئاینی ئیسلام بەهەموو شێوەیەک مەیخواردنەوەی قەدەغە کردووە و ئەوەش کۆدەنگیی زانایانی لەسەرە.

سەبارەت بەنێوەڕۆکی پۆستەکەی حاکم شێخ لەتیفیش، مەلا عەبدوڵڵا گوتی "بەدواداچوونم بۆ ئەو پۆستە نەکردووە تا بزانم رای کۆمەڵەی نێودەوڵەتی موسڵمانانی قورئانخوێنە یاخود تەعبیر لە ئەوان دەکات".

پسپۆڕانی بواری ئاینی ئیسلامیش ئاشکرای دەکەن کە پێش هاتنە خوارەوەی ئایەتی (نەحل) مەیخواردنەوە حەرام نەبووە، بەڵام دواتر حەرام کراوە.

د.عیرفان رەشید، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەزانکۆی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت، مەیخواردنەوە بە سێ قۆناغ حەرام کراوە "لەکاتی هاتنە خوارەوەی ئایەتی (نەحل) مەیخواردنەوە قەدەغە نەکرابوو، بەڵام دواتر لە سورەتی (بەقەرە) باسی خراپی مەیخواردنەوە کرا، لەئایەتێکی دیکەشدا خوای گەورە فەرمووی مەیخواردنەوە لە کارەکانی شەیتانە و خۆتانی لێ بپارێزن".

### لیژنەی فتوا لەسەری کۆدەبێتەوە

بۆ دانیشتن لەسەر ساغبوونەوەی حەڵاڵی و حەرامیی مەیخواردنەوە، ئەو مامۆستایانە رایان جیاوازە. مامۆستا محەممەد ئێنەیی گوتی ئەوان وەکو لیژنەی فەتوا رۆژانی سێشەممە کۆدەبنەوەو روونکردنەوەی خۆیان لەسەر بابەتە فیقهییەکان دەدەن و ئەو سێشەممەیەش باسی ئەو بابەتە دەکەن.

بەڵام مەلا عەبدوڵڵا سەعید گوتی کە دانیشتن بۆ بابەتێک دەبێت گومانی لەسەر بێت "هیچ گومانێک لە حەرامبوونی مەشروب خواردنەوە نییە تا دانیشتنی لەسەر بکەین، چونکە حەرامە و کۆتایی هاتووە". هەروەها د.عیرفان رەشیدیش گوتی مەیخواردنەوە قەدەغە کراوەو کۆدەنگی زانایانی لە سەرەو حەرامە، پێویست بەدانیشتن ناکات.

### ئایەتەکەی سوورەتی نەحل چی دەڵێت؟

خودای گەورە لە ئایەتی 67 لە سوورەتی نەحل دەڵێت "وَمِن ثَمَرَاتِ النَّخِيلِ وَالأَعْنَابِ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا حَسَنًا إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ (67).

واتاکەی بەپێی تەفسیری ئاسان "لە بەروبوومەکانی دارخورما و رەزی ترێکانیش (هەندێجار) شتی سەرخۆشکەر دروست دەکەن، (گەلێ جاریش) بەرهەمی چاک و بەسوود (وەکو دۆشاو و مێوژ و شەربەت،.. هتد)، بەڕاستی ئا لەوەشدا بەڵگە و نیشانەی ئاشکرا هەیە بۆ کەسانێک عەقڵ و ژیری خۆیان دەخەنەکار، (تا بیر بکەنەوە چۆن لەم دارو درەختە رەق و تەقانە ئەم بەرهەمانە دروست دەبێت، چ کارخانەیەک لە ناوکی خورما و ترێ و میوە جۆراو جۆرەکاندا حەشاردراوە تا لە بارودۆخی خۆیدا بکەوێتە کارو خزمەت بە ئادەمیزاد بکات... هتد)".




# لە کوێوە بۆ کوێ؟

## خوێندنەوەیەکی نیشانەناسانەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە بەرنامەی تۆپ ستۆری- دا



ناسر باباخانی

نیشانەناسی (Semiology) زانستێکە کە لە دەوری سیستمگەلی نیشانەیی وەک زمانەکان، ڕەمزەکان، کۆدەکان و بەگشتی هەر چەشنە سیستمی نمادی خول دەخوا. هەرچەندە ئەم زانستە زۆرتر ڕۆدەچێتە شرۆڤەی نیشانە غەیرە زمانییەکان و ڕۆڵان بارت گوتەنی زۆر جاران زمان بۆ ڕاگواستنی چەمکەکان ناتوانێ بە تەنیا ئەم ئەرکە بە ئەنجام بگەیەنێ. لەڕاستیدا نیشانە ڕاگواستنی بیر و ئەندێشەیە لەڕێی پەیامێکی تایبەتەوە و لە دوو بەشی دال و مەدلوول پێکدێ و بەپێی بیردۆزییەکەی سۆسۆر، زماننناسی فەڕەنسی، دال و مەدلوول دواجار بەیەکەوە مانا بەدەستەوە دەدەن. دەکرێ بڵێین مەدلوول چەمکێکی میتافیزیکییە کە لە پرۆسەی دەلالەتدا، دال دەگەیەنێتە ڕۆخێکی ئارام.

جەخت لەسەر غەیرەزمانیبوونی شرۆڤەکانی نیشانەناسی لەبەر ئەوەیە کە نیشانە هەمیشە یەک وشە نییە، بەڵکو بۆ وێنە گرتەیەکی ڤیدیۆیی، وێنەیەک، پارچە مۆسیقایەک، مرۆڤێک، جلوبەرگ، هەر چەشنە شتێکی سروشتی یان دەستکرد و... دەکرێ وەک نیشانە و نماد شرۆڤە بکرێن، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەمانە هیچیان یەک وشە نین.

لە میدیایەکی بینراودا کاتێ سەیری فیلمێک یان بەرنامەیەکی دۆکیومێنتاری دەکەی، سەدان نیشانەی غەیرە کەلامی هەیە کە دەکرێ شرۆڤەی تایبەتیان بۆ بکەی، ئۆمبێرتۆ ئیکۆ دەڵێ دەقە وێنەییەکان خاوەنی فرەمانایین. ئەم نیشانانە ڕەنگە زۆر جاران لە هەستی بینەردا یەکەوڕێ خۆبەدەستەوە نەدەن و شوێندانەر نەبن، بەڵام لە نەستی بینەردا دەنیشن، چون باری مانایی ئەم کردە غەیرەکەلامیانە وەک نیشانە دواجار یارمەتی بینەر دەدەن تا گرێ و ڕەمزەکانی نیشانەکان بدۆزنەوە و پەیوەندییان لەگەڵ سازبدەن.

ئەم وتارە سووکەئاوڕێکی خێرایە بۆ خوێندنەوەیەکی نیشانەناسانەی دوو ئاڵقە لە بەرنامەیەکی تۆپ ستۆری لە کەناڵی ئاسمانیی ڕووداو کە تەرخان کرابوو بۆ پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان. چون مەبەستی سەرەکی ئەم بابەتە شرۆڤەی نیشانە غەیرە زمانییەکانە، وتەکانی هێمن عەبدوڵڵا وەک پێشکێشکار لەسەر دەقی فیلمەکە، یان وتەکانی خالید عەزیزی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان و مستەفا هیجری سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (هاوڕێیانی پێشووی دکتۆر قاسملوو!) وەک نیشانەی کەلامی بەلاوە مەبەست نییە، هەرچەند ئەم وتانەش لەخۆیاندا هەڵگری زۆر کۆدی جۆراوجۆرن. بێگومان ئەو دال و مەدلوولانەی من دیاریم کردوون وەک خوێندنەوەیەکی نیشانەناسانە، بۆی هەیە شرۆڤەی تریش هەڵگرن. ناوی وتارەکەشم لە ناوی پێشەکی دیوانی تاریک و ڕوونی مامۆستا هێمن موکریانی وەرگرتووە، ئەوەی دەمێنێتەوە سوپاس و پێزانینە بۆ تەلەڤزیۆن و هەفتەنامەی ڕووداو کە لە یەکەم ڕۆژەوە بە پرسی یەکگرتنەوە ماندوو بوون و هەروەها هێمن عەبدوڵڵا وەک پێشکێشکار و ئومێد بەرین وەک پرۆدیوسێری ئەم دوو ئاڵقەیەی تۆپ ستۆری! ڕەنگە تەمەنی ئومێد بەرین ئەوەندە نەبێ کە بیرەوەرییەکی لە سەردەمانی ئەوپەڕی بەهێزیی حیزبی دێموکراتی لەیاد بێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە چیرۆکی ئەم حیزبەی لە زمانی خزم و کەسی خۆی بەردەوام بیستووە و ڕەنگە لە کاتی ڕۆیشتن بەرەو قەندیل و دیتنی ماڵەکەی دکتۆر و دواجار گەڕانەوەی بۆ دەشتی کۆیە، کاتێ لەم بەرزاییەڕا دێتەوە خوار، بەو ئاکامە گەیشتبێ کە ئەم دوو باڵە دەبێ سووچی ئەم پەردەیە لادەن کە ڕەنگی گوڵی سووری شۆڕشی وەکوو ئەفسانە لەبیر ماوەتەوە.

نمادەکان و نیشانەکانی ئەم دۆکیومێنتارە زۆرن و من دەپەرژێمە سەر ئەو نیشانانەی کە بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی هەنووکەیی حیزبی دێموکرات پێویستن، سەرەتا هێمن لە تەنیشت ماڵەکەی دکتۆر قاسملوو ڕاوەستاوە و دەڵێ 30 ساڵ تێپەڕیوە و حیزبی دێموکرات حیزبە گەورەکەی هەر چوار پارچەی کوردستان نەماوە و هەموو بڕیارەکانیشی لە یەک ماڵەوە دەرناچن. دەکرێ بەم بارەدا بۆ ئەم چەند ڕستەیە بچین کە ئەوان سەردەمان حیزبی دێموکرات گەورەترین حیزبی هەر چوار پارچەی کورستان بووە و بە هۆی یەکێتی و یەکڕیزی، سەرجەم بڕیارەکانی لە یەک شوێن دەردەچوون، لایەنی کارەساتباری پرسەکە کاتێ خۆی دەردەخا کە دەبینین ئەمڕۆ ئەم حیزبە نە تەنیا یەکەمی بێ ڕکابەر نییە، بەڵکو لە ئاستی پانتایی کوردستانی گەورە دەکەوێتە پاش پارتی و یەکێتی و گۆڕان لە باشوور، پەکەکە لە باکوور و پەیەدە لە ڕۆژئاوا، لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە هۆی لەتبوونەوە جیاوازییەکەی ئەوتۆی لەگەڵ حیزبەکانی تردا نەماوە.

نیشاندانی هێزی پێشمەرگە لەبەردەم پێشەوا قازی محەممەد وەک سەرکۆمای کوردستان لە خاکی خۆیدا، ئاماژەیەکە بۆ بوونی دەسەڵاتی کوردی و فیلمەکە هەر لە سەرەتاوە دەیەوێ ئەوە بە بینەرەکەی بڵێ کە حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزرانەوە تا ئێستا لە کوێوە هاتووەتە کوێ و ئەم نیشانانە بەردەوام دووپات و چەندپات دەبنەوە کە لەڕاستیشدا مەبەستەکە هەر ئەوەیە و پرسی یەکگرتنەوە دەکەوێتە خانەی دووهەمەوە.

ڕوخساری پێشمەرگە گەنجەکانی پاسەوانی قەڵا بۆ هەڵوێستەکردن دەبێ، ڕەنگە لەگەڵ لەدایکبوونی ئەوان، واتە نیزیک بیست ساڵێک لەمەوبەر دوایین فیشەکی پێشمەرگەیەکی دێموکراتیش مۆری کۆتایی لە شەڕی چەکداری دابێ. بەڵام ئەم ڕوخسارە نیگەران و بێگەردانە وەک بەدەنەی حیزب وێناچێ زۆر گەشبین بن بۆ داهاتوو و نیگەرانییەکی قووڵ بە ڕوخساریانەوە دیارە. وەک چۆن تۆزی پیری بە ڕوخساری کاک کەریم عەلیپوور پاسەوانی تایبەتی دکتۆر قاسملوو و باجە گوڵییەوە دیارە و حەسرەتی نەتەوەیەک بە قژە سپییەکانیانەوە (هێمایەک بۆ تێپەڕبوونی زەمەن) دەبینرێ، ئەوانیش بە نیگەرانییەوە لە دۆزی یەکگرتنەوە دەڕوانن. واتە بەرەی ڕابردوو و وەچەی نوێ یەک شێوە ڕوانینیان هەیە.

ناو ژووری قەڵا و ماڵە قوڕینەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی هەردوو باڵی حیزبی دێموکرات، کاتێ لەگەڵ هۆڵی ڕێکوپێکی کۆبوونەوەی پارتی دێموکراتی کوردستان کە بە ئیلهام وەرگرتن لە حیزبی دێموکرات ساز کراوە و دوابەداوی یەکتر نیشاندەدرێ، شرۆڤەیەکی ساکار هەڵدەگرێ ، ئەویش ئەوەیە کە بارودۆخی سیاسی و ئابووری ئەم دوو حیزبەی باشوور و ڕۆژهەڵات زۆر جیاوازە.

لەم فیلمە بەڵگەییەدا لێکدا لێکدا جاددە دەبینین، جاددە وەک نمادی چاوەڕوانییەکی بێ کۆتایی و تاقەتپڕووکێن، ڕێک وەک چاوەڕوانی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان. دیسان نیشاندانی جاددە، جاددەیەک کە دێموکراتی کردووە بە دوو لەت و لەمبەر و ئەوبەری جاددە مات و بێدەنگن. کامێرای تۆپ ستۆری کە جاددەیەکی دوور و درێژمان نیشان دەدا، هاوکات ڕووی لە ئاسمانی کۆیەشە، ئاسمانێکی لێڵ بە چەند پەڵە هەورێکی چڵکنەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کاتێ باسی پارتی دەکا، ئاسمانێکی شینە کە گەواڵە هەوری سپی لەخۆگرتووە و ئاڵای کوردستان و پارتی تێیدا دەشەکێتەوە، ڕێک ڕەنگی ئاسمانەکانیش گوزارە لە بارودۆخی ئەم دوو حیزبە دەکەن.

نیشاندانی هۆڵی کۆنگرەی 13 کە سەرجەم کەسایەتییەکانی هەردوو باڵی ئێستای تێدا بەدی دەکرێ، پێداگرتنە لەسەر ئەوەی کە لانیکەم لە چاو کۆنگرەکانی بەر لەخۆی و پاش خۆی گرینگییەکی تایبەتی هەبووە، چون پاش ئەم کۆنگرە نەحسە بە تەعبیرە خۆڕافییەکەی، لێکترازان ڕوویدا.



دانیشتنی باجە گوڵی پێشمەرگەی سەر سپی حدکا لەسەر عەرز نیشانەی باری نالەباری ئابووری و بێ قەدریی پێشمەرگەیە، ئەمە لە کاتێکدایە کاک کەریم بە هێمن دەڵێ پێشمەرگەی سەردەمی دکتۆر کرێکارییان نەدەکرد، حیزب نەیدەهێشت یەک پێشمەرگەش کار بکا، واتە پێشمەرگە پێشمەرگە بوو. دانیشتنی باجە گوڵی لە تەنیشت دیوارێکی قەڵش تێکەوتوو نیشانەی چرژی نێوان دێموکراتەکانە کە دەمێک ساڵە وەک چەکە هەڵپەسێردراوەکەی باجە گوڵی تەقەی تفەنگیان نەهاتووە.

نیشاندانی ژوورێکی تاریک و مێزێکی درێژ بە چەند قەڵەم و دەفتەری داخراو و چەند کورسیی بەتاڵ لە بەرامبەر یەکتر و جووڵانەوەی تارمایی، هێمای داخرانی دیالۆگە و باس لەوە دەکەن کە هێشتا بواری دانیشتنێکی جیددی و شەففاف لە ژێر تیشکی میدیادا نەڕەخساوە و ڕەنگە تارماییەکان لەمپەری ئەم وتووێژانە بن! لێرەدا نیشاندانی چەند دال بەیەکەوە مەدلوولێکی تەعلیقی دەخەنە زەین کە فرێ بەسەر دالەکانەوە نییە.

لە بناری قەندیل کە تیمی تۆپ ستۆری ناچار دەبن لەسەر ئەمری گەریلایەکی پەکەکە کامێراکەیان خامۆش بکەن بۆ ئەوەی مۆڵەتی چوونیان بدرێتێ بۆ گوندی بۆڵێ، ناوەندی بڕیار و بیری حیزبی دێموکرات لە دەیەی 1980ی زاینیدا، نیشانەیەکە لە نەمانی دەسەڵاتی هێز و هزری ئەم حیزبە، واتە شوێنێ کە زەمانێ ناوەند بوو، ئێستا تەنانەت وەک پەراوێزیش سەیر ناکرێ. زنجیرە شاخی قەندیل وەک هێمای بەرخۆدان کە ئەوکات پشتوپەنای پێشمەرگەی دێموکرات بوو، ئێستا پاسەوانەکەی دکتۆر قاسملوو، واتە خانەخوێیەکەی دوێنێ، وەک میوان سەیر دەکا. دارە ڕووتەڵەکانی دەوروبەری خانووەکەی دکتۆر گوزارە لە وەرینی لایەنگر و ئەندامەکانی هەردوو باڵی حیزب دەکەن. بێدەنگیی زاڵ بەسەر کەشوهەوای فیلمەکە وەک نمادێکی سروشتی کە بە داروديواری ماڵەکەی دکتۆرەوە دیارە و هەوای مەیلەوخۆڵەمێشی زستان ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیان بۆ وەستانی بزووتنەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساز کردووە.



ڕووداو
ژمارە (349) دووشەممە 2015/3/2



# "داعشی ئەفغانستان مەترسیدارتر دەبێت لەوەی عێراق و سووریا"



**ئاسۆ محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

تەنیا 72 کاژێر دوای دەستبەکاربوونی وەکو وەزیری بەرگریی نوێی ئەمریکا، ئاشتون کارتەر سەردانی کابولی پایتەختی ئەفغانستانی کرد. پرسیار ئەوەیە بۆچی کارتەر سەردانی عێراقی نەکرد کە ڕووبەڕووی گەورەترین قەیران بووەتەوە؟ لەلایەک شەڕی داعش تەنگی پێهەڵچنیوە و لەلایەکی دیکەش هەژموونی ئێران هەر لەسایەی ئەو شەڕەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر دەبێت. یان بۆچی سەردانی تورکیای نەکرد؟ بۆچی نەچووە سعودیە و میسر کە بەشێکن لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش؟ ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بەلای ئەمریکاوە لانیکەم لەڕووی سەربازی و ئەمنییەوە ئەفغانستان ئەگەر گرنگتر نەبێت لەو وڵاتانە، ئەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە حیساباتی ئەمنی و سەربازیی ئەمریکادا؟

ئەفغانستان ماوەی چوار دەیەیە بەردەوام جەنگ وێرانی دەکات، لە 1979 سوپای یەکێتی سۆڤێتی جاران هێرشی کردە سەر ئەو وڵاتە. دواتر شەڕی ناوخۆ و ئینجا هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان لە دژی تاڵیبان و ئەلقاعیدە کە هەتا ئەمڕۆش ئەو ململانێیە یەکلایی نەبووەتەوە و خوێنی شەڕی دژ بە تاڵیبان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی لێ دەچۆڕێ. ئێستاش خەریکە هەڕەشەی داعش ئەو سەقامگیرییە ڕێژەییەی چەند ساڵێکە بەخۆیەوەی دەبینێ، بەتەواوی لەبەین ببات.

دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا لە چەند مانگی ڕابردوودا هۆشداری داوە لە بەهێزبوونی ڕێکخراوی داعش. خاڵێک کە هەمووان زیاتر نیگەران دەکات کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانانە لە ئەفغانستان. لە 2014/12/31 ەوە بە فەرمی ئەرکی ئەو هێزە نێودەوڵەتییە تەواو بووە. ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ بەهێزبوونی چەکدارانی داعش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا.

لە دوای کۆنترۆڵکردنی شاری مووسڵ لەلایەن داعشەوە، ژمارەیەک چەکداری بزووتنەوەی تاڵیبان ڕوویان لە عێراق و سووریا کردووە و پەیوەندیان بە داعشەوە کردووە، هاوکات ژمارەیەکی دیکەش لە ناوچەکانی قەندەهار بەیعەتیان بە ئەبوبەکر بەغدادی داوە.

فەرید بەختوار، ئەندامی پەرلەمانی ئەفغانستان ڕایگەیاند چەکدارانی داعش لە ناوچەکانی فەرا چالاکیەکانیان چڕترکردووەتەوە، ژمارەیەک گرووپ و چەکدار هەن خۆیان بە داعش دادەنێن، هەندێک لەم چەکدارانە سەردانی عێراق و سووریایان کردووە.

لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونیخ ئەشرەف عەبدولغەنی سەرۆکی ئەفغانستان ڕایگەیاند "سیستەمێکی کارای تیرۆر هەیە لە جیهاندا، ئەفغانستان کەوتووەتە نێو ئەم سیستەمەوە، ئەگەر ئەم خاڵە فەرامۆش بکەین ئەوە ئەنجامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە، نابێت ڕووداوەکانی سووریا و عێراق و لیبیا لە ئەفغانستان دابڕین".

دەربارەی گرنگیی ئەفغانستان گرایم سمیس لە گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی پێیوایە هۆکاری گرنگیدان بە ئەفغانستان ترسە لە سەرهەڵدانی ڕێکخراوێکی ترسناکتر لە تاڵیبان کە ئەویش داعشە "داعشی ئەفغانستان زۆر بەهێزتر و مەترسیدار دەبێت لەوەی عێراق و سووریا".

بەڵام قەبارە و توانای داعش لە ئەفغانستان چەندە؟ بەبۆچوونی سمیس لە کابول دوو تێڕوانین هەیە: یەکەمیان دەیەوێت قەبارەی داعش بچووک بکاتەوە، چونکە ناخوازن باس لە هەڕەشەی نوێ بکرێت لە ئەفغانستان. دووەم دەیەوێت نان و پیازی پێوەبخوات و بەو هۆیەوە دەستکەوتی دارایی بەدەستبهێنن، بە تایبەتی کە هێزەکانی ناتۆ کشاونەتەوە، ئیدی پشتگیری دارایی بۆ ئەفغانستان کەمتر دەبێتەوە.

عەبدولغەفور لیوال، بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوە لە کابول پێیوایە ڕێکخراوی داعش هەڕەشەیەکی جدیە لەسەر ئاسایشی ئەفغانستان و هەموو ناوچەکە.

بەڵام سمیس هاوڕانییە لەگەڵ لیوال، ئەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بزووتنەوەی تاڵیبان هەڕەشەی گەورەیە لە ئەفغانستان. بە گوتەی سمیس ئاماری کوژراوەکانی دەستی تاڵیبان ساڵانە دەگاتە پتر لە 10 هەزار کەس، بەڵام هێشتا داعش ناتوانێت ئەو هەڕەشە گەورەیە لەسەر ئەفغانستان دروست بکات.

بەبۆچوونی ئەحمەد متەوەکیل، ڕاوێژکاری پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەفغانستان، داعش و تاڵیبان جیاوازیی زۆریان هەیە، تاڵیبان باوەڕی بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئەفغانیی هەیە کە خاوەنی سەروەریی تەواو بێت، بەڵام داعش باوەڕی بە ئەفغانستان نییە و ئەمە جیاوازییەکی ئایدیۆلۆژییە، ئەمەش وا دەکات کە تاڵیان بەهێزتر بێت.

متەوەکیل پێیوایە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ نزیکبوونەوە و دەستکردن بە گفتوگۆ و دانوستاندن لە دۆحە، ئاماژەیەکی ڕوونە کە داعش و تاڵیبان، نوێنەرایەتی دوو ئایدیۆلۆژیای جیاواز دەکەن.

خاڵێک کە هەموو لایەنەکان لەسەری کۆکن، ئەوەیە کە چ تاڵیبان بێت چ داعش، هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر ئەفغانستان دروستدەکەن.

کریستیان فەیر، پرۆفیسۆری ئاسایشی نێودەوڵەتی لە زانکۆی جۆرج تاونی ئەمریکا دەڵێت "داعش لە سووریا و عێراق و لیبیا هەڕەشەیەکی زۆر گەورە نین لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەڵام تیرۆر لە ئەفغانستان چ داعش بێت، یان تاڵیبان گەورەترین هەڕەشە دروستدەکەن لەسەر ئاسایشی جیهان، چونکە لەڕووی ئەمنییەوە لە ناوچەیەک چالاکی دەکەن زۆر لەرزۆکە، پاکستان و هیندستان خاوەنی چەکی ئەتۆمین و پەیوەندی نێوانیان ئاڵۆزە. چالاکیی تیرۆرستی لەم ناوچەیە یاریکردنە بە ئاگر، ڕەنگە جەنگێکی بێ پێشینە دروست بکات"، بۆیە کریستیان پێیوایە لەناوبردنی داعش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەرکێکی سەخت نییە، بەڵام ترسی هەرە گەورە لە ئەفغانستانە .ر ئەمەش نهێنیی ئەو هەموو سەردانەی وەزیری بەرگری و وەزیرانی دەرەوە و تەنانەت سەرۆکەکانی ئەمریکایە بۆ ئەفغانستان.

# ئیسپانیا فریای کچەکانی کەوت و بەریتانیا لە دەستی دەرچوون



**ئەیمی گەتمان و ئەلێکساندرا دی ستیڤانۆ**
**ڕووداو – لەندەن، بەرشلۆنە**

هەفتەی ڕابردوو وەزارەتی ناوخۆی ئیسپانیا دەستگیرکردنی گرووپێکی ڕاگەیاند کە هانی کچان و ژنانی ئیسپانی دەدا پەیوەندی بە چەکدارانی داعشەوە بکەن، ئەوە لەکاتێکدایە کە حکومەتی بەریتانیا وێنەی دوو کچی بەریتانی بڵاوکردەوە لەوکاتەی سواری فڕۆکەیەکی تورکیش ئێرلاین دەبن بەو مەبەستەی بگەنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش.

دەزگا ئەمنیەکانی ئیسپانیا چوار کەسیان بە تۆمەتی هاندان و مەشقکردن بە کەسانی دیکە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە داعشەوە بکەن، دەستگیرکرد.

وەزارەتی ناوخۆی ئیسپانیا ڕایگەیاند، دوو کەس لە شاری مێلیلا و دوو کەسی دیکەش لە شاری بەرشلۆنە و جیرۆنا دەستگیرکراون. ئەو هەڵمەتەی پۆلیسی ئیسپانیا لە کاتێکدایە کە پۆلیسی بەریتانی دەڵێت سێ کچە منداڵکاری موسڵمان (دووی 15 ساڵان و یەکێکی 16 ساڵان) لە سنوورەکانی سووریا پەڕیونەتەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ڕیزەکانی داعشەوە بکەن. خێزانەکانیان لە ڕێگەی شاشەی تەلەڤزیۆنەکانەوە لە منداڵەکانیان دەپاڕێنەوە تاوەکو بگەڕێنەوە.

وەزارەتی ناوخۆی ئیسپانیا ڕایگەیاند ئەو جیهادیانەی لە مێلیلا دەستگیرکراون، تۆمەتبارن بەوەی ماڵپەڕی ئینتەرنێتیان دروستکردووە بۆ بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکانی داعش. ئەو دوو کەسە کارەکانی داعشیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئیسپانی، ئەمەش هۆکاربووە بۆئەوەی ژنانی ئیسپانیا پەیوەندی بەو ڕێکخراوەوە بکەن.

بەپێی بەیاننامەیەکی وەزارەتی ناوخۆی ئیسپانیا، ئەو دوو کەسە کۆبوونەوەیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا ڕێکخستووە کە ئەگەری ئەوەیان هەبووە بچنە نێو داعش. لە ماڵەکانیاندا وێنە و ڤیدیۆی داعشیان بۆ نمایش کردوون "کارەکانی ئەو دوو کەسە وای لە هەندێک کەسی مێشک شۆڕدراوە کردووە کە دەست بە خۆئامادەکردن بۆ سەفەر بەرەو ئەو ناوچانەی تیرۆریستان تێیاندا چالاکن، بکەن".

کاربەدەستان ئێستا لێکۆڵینەوە لە ئەگەری پەیوەندی دەکەن لە نێوان دوو کەسەکەی مێلیلا و ئەوانەی کە لە بەرشلۆنە و جیرۆنا دەستگیرکراون. وەزارەتی ناوخۆ دەڵێت پرۆفایلی ئەو دوو کەسەی لە مێلیلا دەستگیرکراون جیاوازە لە پرۆفایلی جیهادییەکی ئاسایی کە کار بۆ ڕاکێشانی کەسانی دیکە بۆ داعش دەکات.

یەکێک لەو دووکەسە بە کەسێکی "دینامیکی" وەسفکراوە کە "کارەکانی داعشی دەستکاری کردووە و زۆر بڵاوی کردوونەتەوە". بەڵام ئەوی دیکەیان کەسێک بووە کە بە تەنیا و لەسەر ئاستی تاکەکەسی کاری کردووە. ئەو کەسە لە ڕاپۆرتێکی تۆڕی BBCدا دەرکەوتووە کە خۆی بە لایەنگری بزووتنەوە ئیسلامییەکان وەسف دەکات.

دەسەڵاتدارانی ئیسپانیا تاوەکو ئێستا چەندین کەسیان بە گومانی جیهادیبوون دەستگیرکردووە.

هەروەها ڕایانگەیاندووە کە 80 هاووڵاتی ئیسپانی گەشتی سووریا و عێراقیان کردووە تا پەیوەندی بە ڕیزەکانی داعشەوە بکەن.

## سێ کچی بەریتانی دەگەنە سووریا

لەکاتێکدا پۆلیسی بەریتانی لە هەوڵی گەڕاندن بۆ دۆزینەوەی سێ کچی هەرزەکار کە بەرەو سووریا دەڕۆن بۆ پەیوەندیکردن بە چەکدارانی داعشەوە، دیپلۆماتێکی باڵای ئەمریکی هۆشداری دەدا لە زۆربوونی ژمارەی ئەو بیانیانەی پەیوەندی بەو گرووپەوە دەکەن.

تۆماس کراجێسکی، ڕاوێژکاری باڵای ئەمریکی بۆ کاروباری چەکدارە بیانییەکان، ڕۆژی هەینی ڕابردوو لە پرێس کۆنفرانسێکدا هیچ جیاوازییەکی نەکرد لەنێوان ئەوانەی چەکدارن و ئەوانەی چەکدار نین لەڕیزی ئەو گرووپەدا.

"چەکدارەکان ئەوانە نین کە تەنیا چەکیان هەڵگرتووە، بەڵکو ئەوانەشن کە دەڕۆن بۆ پشتگیریکردنی ئیسلامییەکان. لێرەدا باس لە پشتگیری خەڵکانێک دەکەین کە دەڕۆن بۆ هاوکاریکردنیان بە چەند ڕێگایەک، بەو کچە هەرزەکارانەشەوە.. تەنانەت بە منداڵانیشەوە".

ئەو سێ کچە، سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو سواری فڕۆکەیەکی هێڵی تورکیش ئێرلاین بوون. ڕەنگە ئەو کچانە بە خەیاڵی ڕۆمانسیانەی بوونە دەستگیرانی جیهادییەکان ئەو بڕیارەیان دابێت.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی تایمز، ئەو کچانە کە قوتابی بوون، هاوڕێی دوو کچی دیکە بوون لەهەمان قوتابخانە کە پێشتر چوونەتە سووریا و هاوسەرگیرییان کردووە، بەڵام ئێستا بێوەژن بوون.

ئەو کچانە کە تەمەنیان لە خوار 18 ساڵە، بەتەنیا و بێ ئەوەی هیچ کەسێکیان لەگەڵ بووبێ توانیویانە بچنە ناو فڕۆکەکەوە، ئەوەش مشتومڕێکی ئەمنی دروست کردووە. کراجێسکی گوتی "بەهێزکردنی پشکنینی گەشتیاران فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ ڕێگریکردن لە چوونی خەڵکی بیانیی زیاتر بۆ عێراق و سووریا". گوتیشی سنووری نێوان تورکیا و سووریا هێمایە بۆ لاوازیی هەوڵەکانی ڕاگرتنی ڕۆیشتنی بەلێشاوی خەڵکی بیانی بۆ ناو سووریا.

"گفتوگۆی زۆرمان دەربارەی سنوورەکان و زەحمەتی کۆنترۆڵکردنی ئەو سنوورانە کردووە. بەم دواییە حکومەتی تورکیا چەند هەوڵێکی داوە بۆ کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان، بەڵام تێدەگەین لە قورسیی ئەو کارە".

کاتێک پرسیاری لێکرا دەربارەی کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی عێراق، کراجێسکی گوتی "کۆنترۆڵکردن و داخستنی سنوورەکان بە تەواوی شتێکی مەحاڵە و گفتوگۆی لەسەر ناکرێت، بەڵام دەکرێت هەوڵی گەورەتر بدرێت لە هەردوولای سنوورەکان لەپێناوی بەرگرتن بە تێپەڕینی خەڵک و چەک بەو سنوورانەدا".

کۆنفرانسەکەی کراجێسکی لە پاش کۆنفرانسێکی سێ ڕۆژەی دژە تیرۆر دێت کە لە واشنتن بەسترا و 60 وڵات بەشدارییان تێدا کرد، ئەوەش بە ئامانجی دروستکردنی تێڕوانینێکی هاوبەش بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش و گرووپە توندڕەوەکانی دیکە.

ڕەخنەی ئەوە دەگیرێت کە دواکەوتن و خاوییەک هەیە لە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی هەواڵگری لە نێوان وڵاتان، ئەمە شتێکە کراجێسکی گوتی دەکرێت باشتر بکرێت لەڕێی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە "پێویستە خێراتر زانیارییەکان بجوڵێنین بە بەکارهێنانی ئینتەرپۆل و بەشە تازە دروستکراوەکەی لەسەر چەکدارانی تیرۆریستی بیانی، ئەو بەشەی کە ئێمە لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر چالاکانە پشتگیری دەکەین بۆ زیادکردنی توانای ئینتەرپۆل لە گواستنەوەی زانیارییەکان بۆ خاڵە سنوورییەکان و بەرپرسانی ئەمنی و هەروەها ئەو ڕێکخراوانەی کە زۆر پێویستیانە".

ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی بیانی بە لێشاو دەچنە عێراق و سووریا بۆ پەیوەندیکردن بە داعش کە نزیکەی 3400 کەسیان دانیشتووی وڵاتانی ڕۆژئاوان لەنێو ئەو 20 هەزار چەکدارە بیانییەی هەیانە.

کراجێسکی گوتی "هاوپەیمانییەکی باشتر و کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و ڕێوشوێنێکی توندتر لە پشکنینی گەشتیاران لە فڕۆکەخانەکان، هەروەها بەکارهێنانی ئینتەرپۆل بەشێوەیەکی کاریگەر، ڕێکاری گرنگن بۆ هەوڵە نێودەوڵەتییەکان لە بەرگرتن بە ڕۆیشتنی ژمارەیەکی زیاتر لە گەنجان بۆ سووریا و عێراق و پاشان گەڕانەوەیان".

لە دژی سورێژە

# نزیکەی یەک ملیۆن منداڵ لە کوردستان دەکوترێن



**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

نەخۆشیی سورێژە ئەمساڵ نەک هەر وڵاتانی دواکەوتوو، بەرۆکی ئەمریکا و ئەورووپاشی گرتووە و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی داوای بەرەنگاربوونەوەی ئەو نەخۆشییە لە سەرجەم وڵاتان دەکات. هەرێمی کوردستانیش بەهۆی هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەوە لە مەترسییەکی زیاتردایە و دەستی بە کەمپەینی بەرەنگاربوونەوەی کردووە، بە تایبەتی پاش تۆمارکردنی حاڵەتی سورێژە لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک.

## لە سەردەمی ئیبن ڕازییەوە باسی دەکرێت

پزیشکی بەناوبانگی فارس ئیبن ڕازی لە سەدەی نۆهەمدا باسی سورێژەی کردووە، لەو سەردەمەوە باسی دەکرێ و هێشتا چارەسەری یەکجارەکی بۆ نەدۆزراوەتەوە، بۆیە گرنگترین ڕێگای بەرەنگاربوونەوەی بریتییە لە کوتان لە دژی نەخۆشییەکە کە ئەگەری تووشبوون بەو نەخۆشییە زۆر کەمدەکاتەوە. لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە کە ڤاکسینی دژی سورێژە دۆزرایەوە، ڕادەی تووشبوون و مردن بەو نەخۆشییە بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کرد.

## وەک هەڵامەت دەستپێدەکات

سورێژە نەخۆشییەکی ڤایرۆسییە. وەک پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێت، نیشانەکانی سەرەتا وەک نیشانەکانی هەڵامەتن، چونکە زیاتر تووشی کۆئەندامی هەناسە دەبێت.

د.کۆیان زاهیر هەڵگری بڕوانامەی بۆرد (دکتۆرا) لە نەخۆشییەکانی منداڵان بە (ڕووداو)ی گوت "منداڵەکە سەرەتا تووشی تا و کۆکە و ئاوکردنی لووت و چاو دەبێت، دوای پێنج ڕۆژ لەم نیشانانە، دواتر پەڵەی سوور لەسەر پێست پەیدا دەبن".

پەڵەکان سەرەتا لە پشتەوەی گوێ پەیدا دەبن، دواتر بەشەکانی خوارەوەی جەستەش دەگرنەوە، تەمەنی پەڵەکانیش لەنێوان 4-7 ڕۆژدایە و دواتر توێک هەڵدەدەن و بەرەو تەواوبوون دەچن.

## بەخێرایی دەگوازرێتەوە

پزیشکانی پسپۆڕی خۆپاراستنی تەندروستی هۆشداری دەدەنە دایکان و باوکان کە منداڵەکانیان بکوتن و لەکاتی هەستکردن بە نیشانەکانیشدا بە خێرایی سەردانی نزیکترین یەکەی تەندروستی بکەن.

د.عەبدولفەتاح هەورامی هەڵگری بڕوانامەی بۆرد (دکتۆرا) لە پزیشکیی کۆمەڵ دەڵێت "لە 4 ڕۆژ بەر لە دەرکەوتنی نیشانەکانەوە، نەخۆشەکە توانای گواستنەوەی ڤایرۆسەکەی هەیە بۆ کەسانی دی".

وەک ئەو پزیشکە باسی دەکات، ئەو پرژانەی لەگەڵ کۆکە و پژمین و لەڕێگەی بۆریی هەناسەوە دەردەچن، گرنگترین هۆکاری گواستنەوەی نەخۆشییەکەن، هەروەها بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ بە هەر شوێنێک کە بە پرژە دەرچووەکانی کەسی تووشبوو پیسبووبێت و خاوێن نەکرابێتەوە.

لەبارەی گرنگترین ڕێوشوێنەکانی بەرەنگاربوونەوەی سورێژە، دکتۆر هەورامی بە (ڕووداو)ی گوت "گرنگترین هەنگاو هاندانی دایکانە بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بکوتن، لەبەرئەوەی کوتان بە ڕێژەیەکی زۆر ڕێگری دەکات لەم نەخۆشییە ڤایرۆسییە".

## کوردستان لە نەخشەی نوێی سورێژەدا

لە دوایین بڵاوبوونەوەی سورێژەدا و بەپێی ئاماری 20ی شوباتی ئەمساڵ، لە وڵاتانی نێوەڕاستی ئاسیا و ئەورووپا 22 هەزار حاڵەتی سورێژە تۆمارکراون. بۆیە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی داوای کرد هەڵمەتەکانی کوتان توندوتۆڵ بکرێنەوە. وەک ئەو ڕێکخراوە باسی دەکات، بەهۆی هەڵمەتەکانی کوتان لە دژی سورێژەوە لەنێوان ساڵانی 2000-2013 لەسەر ئاستی جیهان تووشبوون بە ڕادەی 75% کەمی کردووە و بەوەش لەو ماوەیەدا 15 ملیۆن منداڵ لە مردن پارێزراون.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانیش لە سەرەتای ئەمساڵەوە هەتا 20ی شوبات 154 حاڵەتی سورێژە تۆمارکراون. بابەتەکە ئەوەندە لەو وڵاتە دەنگیدایەوە کە سەرۆک ئۆباما ڕاستەوخۆ هاتە سەرخەت و لە ڕێگای میدیاکانی ئەو وڵاتەوە تکای لە دایکان و باوکان کرد منداڵەکانیان بکوتن.

(ڕووداو) لە ڕێگەی ئاماری وەزارەتی تەندروستییەوە زانیویەتی لە هەرێمی کوردستان 109 تووشبووی نوێی سورێژە تۆمار کراون کە 37 حاڵەتیان لە هەولێر و 44 لە سلێمانی و 28ی دیکەیان لە دهۆک نیشتەجێن.

## چارەسەری تایبەتی نییە

وەک د.کۆیان بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە، دەرمانێکی تایبەت نییە بۆ چارەسەری سورێژە یان لەنێوبردنی ڤایرۆسەکە دوای ئەوەی کەسەکەی نەخۆش خست "چارەسەر تەنیا بۆ سەرکوتکردنی نیشانەکانی نەخۆشییەکەیە وەکو دەرمانی دژە تا و دژە هەستەوەری و پێدانی ڤیتامین ئەی".

## ڕەنگە ببێتە هۆی مردن

مردن لەم نەخۆشییەدا زیاتر بەهۆی ئاڵۆزکارییەکانیەوە دەبێ نەک نەخۆشییە سەرەتاییەکە. د.کۆیان دەڵێت گرنگترین ئاڵۆزکارییەکانی سورێژە بریتین لە "هەوکردنی توندی کۆئەندامی هەناسە، هەوکردنی مێشک و پەردەکانی، هەوکردنی گەدە و سکچوون، لە حاڵەتی دەگمەنیشدا هەوکردنی ماسولکەی دڵ و کەمکردنی پەڕەکانی خوێن".

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ساڵی 2013 لە سەرتاسەری جیهان 145 هەزار حاڵەتی مردن بەهۆی سورێژەوە تۆمار کراون. بەپێی توێژینەوەیەک کە پەیمانگەی تەندروستی نیشتیمانیی ئەمریکی بڵاویکردووەتەوە، ئاڵۆزکارییەکانی کۆئەندامی هەناسە و کۆئەندامی مێشک دەمار دوو هەرەبڵاوترین هۆکاری مردنن بەهۆی سورێژەوە.

## منداڵی ئاوارەکانیش دەکوترێن

دوا هەڵمەتی کوتان لەدژی سورێژە لە هەرێمی کوردستان لە 22ی شوبات دەستپێکرد و تاوەکو 5ی ئادار بەردەوام دەبێت کە بەپێی لێدوانی وەزیری تەندروستی، تەمەنی 9 مانگ تا 5 ساڵ دەگرێتەوە و پێویستە نزیکەی یەک ملیۆن منداڵ بکوترێن کە بریتین لە 673052 منداڵی نێوخۆ و 262931 منداڵی ڕاگوێزراو و 16778 منداڵی ڕۆژئاوای کوردستان.



**ئیکرام حوسێن**

# ئوردن دوورە و کوردستان نزیک

ئەرێ لای ئێوە زۆر سەیر نییە؟ فەرمانبەران و پزیشکانی وەزارەتی تەندروستی مووچەی چەند مانگێکیان وەرنەگرتبێ و پزیشکان سەرگەرمی کۆبوونەوە بن بۆ ئەوەی مانگرتن ڕابگەیەنن لەبەرئەوەی پارەی دوو ساڵی ئێشکگرییان وەرنەگرتووە!

هەندێک جۆری دەرمان لە نەخۆشخانەدا نەمابێ و نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی حکومیدا هەڕەشەی وەستانی لەسەر بێت لەبەر نەبوونی بەنج و بێ پارەیی، کەچی وەزیری وەزارەتی ئەو شتانە باسی هێنانی سیستمی ئوردنی بکات و سەفەریشی بۆ بکات!

ئەگەر مووچە هەر نەشمێنێ، دوو شت لە وڵاتدا باش بن ژیانی خەڵک بەگشتی پەکی ناکەوێ: بەشە خۆراکی مانگانە و خزمەتگوزاریی تەندروستی.

تازە سەفەرەکەی ئوردن کرا و ناگەڕێتەوە، بەڵام لەجێی ئەو سەفەر و مەفەرانە ئەگەر وەزیری تەندروستی دوو شت بکات باشتر دەبێت بۆ خەڵکی کوردستان و فەرمانبەرانی وەزارەتی تەندروستی:

یەکەمیان لە شوێنێک کۆبوونەوەیەک بە فەرمانبەران و ڕاوێژکاران و پزیشکان و کارمەندان بکات، لەوێ پلانێک دابنرێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم قەیرانەی ئێستا کە کەس خەبەری نییە تا کەی دەخایەنێ، دەکرێت لە پلانەکەدا ئەو مەڵبەند و بنکە تەندروستیانەی بۆ خاتری خاتران دروستکراون و خەرجییان تێدا دەکرێت، لانیکەم تا کاتێکی نادیار کارەکانیان یان هەڵپەسێردرێت، یان کەمبکرێنەوە بۆ تەنیا کارە زۆر پێویستەکان. هەروەها ئەو مەڵبەندە تەندروستیانەی ئەو نەخۆشانە دەبینن کە هیچ مەترسییەک لەسەر ژیانیان نییە، یان ئەو شوێنانەی کە وەزیر دەفەرموێ لەجێی پزیشک، کارمەندی تەندروستی دەسەڵاتی هەیە نەخۆش ببینێ و چارەسەری بۆ بنووسێ و بینێرێت بۆ نەخۆشخانەکان.

با لە جێی ئەو مەڵبەندانە کە بەپێی فەرمانە وەزارییەکەی جەنابی وەزیر بێت، هەر لۆ فشە و لە کاتی پارە زۆریدا کراونەتەوە، ئەگەر نەشبن هەر دەبێت، ئەو شوێنانەی کە دەبوو تەنیا کاری چاودێریی تەندروستی سەرەتاییان تێدا ئەنجامبدرێت، با لە جێیان، نەخۆشخانە گشتی و فێرکاری و فریاکەوتنەکان بەهێز بکرێن، ئاخر بە ڕیشی کێ ڕەوایە نەخۆشخانەی شار کە چەنای چەند ساڵ خەڵکی سلێمانی چاوەڕێی کردنەوەی بوون، چەندین جۆری داهێنانی لە گەندەڵیدا تێدا کرا، ئێستا دەرمانی ئازاری گەدەی تێدا نەبێت، یان بەنجی لێ ببڕێت! یان بڵێین لە نەخۆشخانەی جامیعەکە کۆبوونەوە دەکرێت بۆ قسەکردن لەسەر ڕاگرتنی نەشتەرگەری! باسی هەولێر ناکەم، چونکە لەوێ پێشتریش بە نزیکەیی هەر وابووە، ئەگەرنا خەڵکی هەولێر بۆ نەشتەرگەری نەدەهاتنە نەخۆشخانە حکومییەکانی سلێمانی.

دووەمیان با وەزیری تەندروستی سەردانێکی قاتی دووەمی وەزارەت بکات و بڕیار بدات ئایا تەوالێتەکانی ئەو قاتەی دووەمی وەزارەت تەندروستن یان نا.

کورد گوتەنی یەزد دوورە و گەز نزیکە، بۆ وەزیری تەندروستیش ئوردن دوورە و کوردستان نزیک.

# ئایا خواردنی شەکر تووشی شەکرەمان دەکات؟

**ڕووداو- webmd**

زۆر خواردنی شەکر ڕێی تێناچێ تووشی شەکرەت بکات. چونکە شەکرە بریتییە لە کەمبوونەوە یان لەدەستدانی توانای گۆڕینی خۆراک بۆ وزە.

بۆئەوەی تێبگەی تووشبوون بە شەکرە واتای چییە، دەبێت ئەوە بزانیت کە جەستەت زۆربەی ئەو خۆراکەی دەیخۆیت دەگۆڕێت بۆ گلوکۆز کە جۆرە شەکرێکی سادەیە و خانەکان وەک سەرچاوەیەکی وزە سوودی لێ دەبینن. پەنکریاس هۆرمۆنێک دروستدەکات پێیدەگوترێ ئینسۆلین کە یارمەتی خانەکانی لەش دەدات تاوەکو ئەو گلوکۆزەی هەیە وەک سەرچاوەیەکی وزە سوودی لێ ببینن.

**جۆرەکانی شەکرە و هۆکارەکانیان:**

### 1 - شەکرەی جۆری یەک:

کاتێک ڕوودەدات کە پەنکریاس ناتوانێت ئینسۆلین دروستبکات. بەبێ ئینسۆلینیش شەکر لە خوێندا کەڵەکە دەبێت. بۆیە تووشبووانی شەکرەی جۆری یەک ناچارن ئینسۆلین بەشێوەی دەرزی وەربگرن، بۆ ئەوەی شەکری خوێنیان بەرەو خانەکان بجووڵێنێ و بیکاتە وزە و کەڵەکەبوونی شەکر لە خوێندا نەهێڵێت. شەکرەی جۆری یەک بەزۆری لە تەمەنی گەنجێتی و منداڵییەوە دەستپێدەکات. توێژەران دەڵێن زۆرکات بەهۆی سەرلێشێوانییەوە، کۆئەندامی بەرگری بە هەڵە ئەو خانانە تێکدەشکێنێ کە لە پەنکریاسدا ئەرکیان دروستکردنی ئینسۆلینە.

### 2 - شەکرەی جۆری دوو:

لەم بارەدا ئینسۆلین لەلایەن پەنکریاسەوە دروستدەبێت، بەڵام بڕی ئینسۆلینەکە کەمە، یان ئینسۆلینەکە وەک پێویست کارناکات، یان هەردووکیانە. قەڵەوی ئەگەری تووشبوون بەم جۆرە شەکرەیە زیاتر دەکات. خەڵکی لە هەموو تەمەنەکاندا ئەگەری تووشبوونیان بەم جۆرەی شەکرە هەیە.

### 3 - شەکرەی سکپڕی:

لەکاتی سکپڕیدا لە هەندێک ئافرەتدا ڕوودەدات. لەو ژنانەدا، ئەو گۆڕانە هۆرمۆنییانەی لەکاتی سکپڕیدا ڕوودەدەن، کاری هۆرمۆنی ئینسۆلین تێکدەدەن.

زۆرکات تووشبووانی ئەم جۆرەی شەکرە، ناچار دەبن دەرزی ئینسۆلین بەکاربهێنن. دوای منداڵبوون، زۆرێک لە تووشبووان چاک دەبنەوە. بەڵام هەندێکیان بە یەکجاری تووشدەبن.



# گرووپی خوێنەکەت چی لەبارەی تەندروستیتەوە دەڵێت

**سەروەر سالار**
**ڕووداو- DW**

ئەفسانەیەکی کۆن هەیە دەڵێت "ئایندەی مرۆڤ پەیوەستە بە خوێنییەوە"، لە چاخە کۆنەکانیشدا مرۆڤ باوەڕی وا بووە کە خوێن سروشتی مرۆڤ دیاری دەکات. دوای دۆزینەوەی گرووپەکانی خوێنیش 100 ساڵ لەمەوبەر، دیسانەوە ئەفسانەکان دەربارەی خوێنی مرۆڤ سەریانهەڵدایەوە، ئەوەتا ژاپۆنییەکان بڕوایان وایە لە ڕێگەی گرووپی خوێنەوە دەتوانین سروشت و ڕەوشتی بخوێنینەوە. تەنانەت دەڵێن کاتێک سیڤی کارکردنی کەسێکت دێتە بەردەست، بە گرووپی خوێنەکەیدا دەتوانیت بزانیت بە کەڵکی ئەو کارە دێت یان نا.

بەڵام زانستی هاوچەرخ هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆی نەبینیوەتەوە لەنێوان سروشت و ڕەوشتی مرۆڤ و گرووپی خوێنەکەیدا. بۆیە قسەکردن لەبارەی کاریگەریی خوێن لەسەر سروشتی خەڵکی، هێشتا لە چوارچێوەی ئەفسانەدا ماوەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا پرۆفیسۆری ئەڵمانی مارکۆس لیرش لە زانکۆی گرایفسفاڵد دەڵێت زانست سەلماندوویەتی پەیوەندی هەیە لەنێوان گرووپی خوێنی کەسێک و ئەگەری تووشبوونی بە هەندێک نەخۆشی.

گرووپەکانی خوێن بریتین لە (A، B، AB، O) مرۆڤ توانای هەڵبژاردن و گۆڕینی گرووپی خوێنی خۆی نییە، بەڵکو بەو گرووپەوە دێتە دونیا.

لە خوێندا خڕۆکەی سپی و سوور هەن. لەسەر خڕۆکە سوورەکان پرۆتینی بچووک بچووک هەن کە دژی خڕۆکەی سووری بێگانەن، ئەم پرۆتینانەن گرووپی خوێنی هەریەکەمان دیاری دەکەن. ئەو پرۆتینانە ڕۆڵیان هەیە لە وروژاندنی کۆئەندامی بەرگری لە دژی نەخۆشییەکان و تەنە بێگانەکان و دروستبوونی دژەتەن لەدژی مادده نەخۆشخەرەکان، هەر گرووپێکی خوێن بە جۆرێکی تاڕادەیەک جیاواز کار لە کۆئەندامی بەرگری دەکات.

گرووپەکانی خوێن بۆ یەکەمجار لەلایەن پزیشکی نەمسایی کارڵ لاندشتاینەر لەساڵی 1900 دۆزرانەوە.

سیستم و شێوازی دەرەوەی هەندێک لە بەکتریاکان هەندێکجار نزیکە لە شێوازی ئەو پرۆتینانەی دەبنە شوناسی گرووپەکانی خوێن و بەوجۆرە هەر بەکتریایەک حەزی بۆ جۆرە گرووپێکی خوێنی گونجاو هەیە. بەو میکانیزمە، دەشێ هەر گرووپێکی خوێن، لەبارییەکی زیاتری تێدابێت بۆ تووشبوون بە بە بەکتریایەکی تایبەت. بۆ نموونە ئەوانەی لە گرووپی (A، B، AB) ین بەرگرییەکی بەهێزتریان هەیە لەدژی نەخۆشیی تاعون.


ئەوانەی گرووپی خوێنیان (B)ە ئەنزیمی لایپەیزیان بەرزە کە ڕۆڵی لە هەرسکردنی خۆراک و کاریگەری لەسەر چەورییەکان هەیە، ئەمانە دوو هێندە و نیوی کەسانی خاوەن گرووپەکانی دیکەی خوێن زیاتر تووشی نەخۆشییەکانی پەنکریاس دەبن.

ئەوانەشی کە لە گرووپی (AB)ن ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشیی لەبیرچوونەوە زۆرە، تەنانەت بە بەراورد بە هەڵگرانی گرووپی (O) ئەگەرەکە 80% زیاترە.



ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (349) دووشەممە 2015/3/2

## غولامی لەگەڵ ئاهەنگگێڕانی نەورۆزە



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی تاراوگەنشین نەجمەی غولامی ڕەتیدەکاتەوە کە لە سەری ساڵدا بەشداری هیچ کۆنسێرتێک و ئاهەنگێکی کردبێت، بەڵام دژی بێدەنگبوونە لە جەژنی نەورۆزدا. لە هەندێک پەیجی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وا بڵاوکراوەتەوە کە هونەرمەند نەجمەی غولامی بەشداری لە ئاهەنگەکانی سەری ساڵ کردووە و گۆرانی گوتووە، بەڵام غولامی ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە. سەبارەت بە سازدانی ئاهەنگ و کۆنسێرت بەبۆنەی نەورۆز کە زۆر لە هونەرمەندان بڕیاریان داوە بەشداری نەکەن، ئەو گوتی کە لەگەڵ ئەوە نییە "من لەگەڵ ئەوەم لە نەورۆزدا ئاهەنگ بگێڕین". نەجمەی غولامی مانگی ڕابردوو ئەلبوومێکی تازەی بڵاوکردەوە، بەڵام گلەیی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکات کە هیچ گرنگییان بە بەرهەمەکە نەدا، لە کاتێکدا ئەلبوومەکەی چەند گۆرانییەکی تێدابوو بۆ پێشمەرگە و شەهیدان.

# داهاتی کۆنسێرتەکانی ڕەزازی دزران


**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند ناسر ڕەزازی ئاشکرای کرد کە چەند کۆنسێرتێکی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ ئاوارەکان کردووە، بەڵام بەشێکی کەم لە داهاتی ئەو کۆنسێرتانە گەیشتووەتە دەستی ئاوارەکان و ئەوی دیکە خوراوە.

ناسر ڕەزازی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم ماوەیە 8 کۆنسێرتم لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا سازکردووە، توانیم پارەیەکی زۆر بۆ ئاوارەکان کۆبکەمەوە، بەڵام بەشێکی زۆر لە داهاتەکە خوراوە و تەنیا 25 هەزار دۆلاری گەیشتووەتە دەست ئاوارەکان".

ناسر دەڵێت لەگەڵ ڕێکخەری کۆنسێرتەکان ڕێکەوتبوو کە 6000 دۆلاری بدەنێ "بەڵام بە بیانووی ئەوەی کە گوایە زەرەریان کردووە، پارەکەیان نەدامێ".

ڕەزازی هەروەها گوتی "ئەوە جاری یەکەم نییە داهاتی کۆنسێرتەکانی من دەخورێن، من بە دڵێکی فراوانەوە دەچم ئەم کۆنسێرتانە ساز دەکەم، کەچی خەڵکانێک دێن فێڵمان لێ دەکەن و بازرگانی بە ناوی ئێمە و خاک و نیشتیمانەوە دەکەن".



# کیژانی سلێمانی دوو ئەلبووم بڵاودەکاتەوە

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- سلێمانی**

گرووپی کیژانی سلێمانی ئامادەکاری بۆ وەرزی دووەمی کار و چالاکییەکانی دەکات و دەیەوێت دوو ئەلبووم بڵاوبکاتەوە.

هونەرمەندی ئاوازدانەر ئەنوەر قەرەداخی بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا کارەکانی ئەلبوومی وەرزی یەکەمی گرووپی کیژانی سلێمانی کۆتایی هاتووە و خەریکی تەواوکردنی ئەلبوومێکی دیکەین".

قەرەداخی ئاماژەی بۆ ناوەڕۆکی بەرهەمەکان کرد و گوتی "ئەلبوومی یەکەم لە 10 تراک پێکهاتووە و ئەلبوومی دووەمیش بە هەمانشێوە دەبێت کە ئێستا پێنج تراکی تەواو بووە".

سەبارەت بە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکانیش ئەنوەر قەرەداخی گوتی "تاوەکو ئێستا کاتی بڵاوکردنەوەی دیار نییە، چونکە بە دوای کۆمپانیایەکدا دەگەڕێین بۆ ئەوەی چاپی بکەین و دواتر بڵاوی بکەینەوە". گۆرانیبێژانی نێو ئەم گرووپە پێکهاتوون لە چنار کەرکوکی، ئاڤان عوسمان، سروشت مستەفا و شانۆ کەمال.



# ژنێکی کورد بەشداری فیلمێکی وروووژێنەر دەکات



**میوا سەڵاح**
**ڕووداو-هەولێر**

فیلمی Stawberry flavour کە ژنە ئەکتەری کورد شەونم عادل تێیدا ڕۆڵێکی وروووژێنەر دەگێڕێت، ڕۆژی 2015/2/27 لە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی عێراقی نمایش کرا.

شەونم عادل کە نەوەی جەمال عیرفانی مێژوونووس و ڕووناکبیرە و لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا کاری کردووە، ئەکتەری سەرەکیی فیلمەکەیە.

شەونم بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند "ئەو فیلمە ماوەکەی 30 خولەکە و لە دەرهێنانی هونەرمەند جەعفەر مورادە و بە زمانی عەرەبییە. فیلمەکە چەند کێشەیەک دەوروژێنێ کە لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەردەوام ئامادەیە".

گوتیشی "من لە دیمەنێکی ئەم فیلمەدا جلێکی نیمچە ڕووتم لەبەرە، دیمەنی باوەش هەیە و دەچینە بن لێفە بەیەکەوە و گاڵتە دەکەین، ئەو دیمەنەش دەلالەت لە زۆر شت دەکات، من پێمخۆشە گەنجان و هونەرمەندانی کورد بتوانن هەندێ شت بکەن کە عەقڵی کۆمەڵگە قبوڵی ناکات".

هەروەها گوتی کە ئەو دەزانێ خەڵک قسەی لەسەر دەکەن، بەڵام گوێ بە قسەی خەڵکی نادات "ئەگەر بە قسەی خەڵکی بکەیت نابێ یەک هەنگاو بنێی، ئێمە ئەگەر ئازاد نەبین ناتوانین پەیامەکانی خۆمان بگەیێنین".



# هیندستان کوردێک خەڵات دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو دەرهێنەری کورد سەهیم عومەر، بەهۆی فیلمی میسی بەغدا، دوو خەڵاتی نێودەوڵەتی لە فێستیڤاڵێکی هیندستان وەرگرت.

سەهیم عومەر تاکە دەرهێنەری کوردە کە بەهۆی فیلمێکەوە زۆرترین خەڵاتی نێودەوڵەتی وەرگرتبێت، ئەویش 82 خەڵاتە بۆ فیلمی "میسی بەغدا". سەهیم باسی ئەو دوایین خەڵاتەی کرد کە هەفتەی ڕابردوو لە هیندستان بەدەستی هێنا و گوتی دوایین خەڵاتی فیلمی میسی بەغدا لە فێستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی Noida لە هیندستان بوو. فیلمەکە هەردوو خەڵاتی باشترین سیناریۆ و باشترین ئەکتەری وەرگرت".

سەهیم عومەر خەلیفە خەڵکی زاخۆیە و لە بەلجیکا نیشتەجێیە. بەم دوو خەڵاتە کۆی خەڵاتی فیلمەکانی گەیشتوونەتە 82 خەڵاتی نێودەوڵەتی.




# شاجوان دەچێتە کۆبانی



**میوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

دالیا ڕێبوار، شاجوانی ئینتەرنێت لە کوردستان، بەنیازە بۆ هاوکاری و کاری خێرخوازی بچێتە کۆبانی و لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو شارەدا بەشداری بکات.

دالیا ڕێبوار لە سوێدەوە زانیاری زیاتری بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند "ئێمە ڕێکخراوێکمان دامەزراندووە بەناوی کچە شەڕڤان ئارین میرکا کە لە کۆبانی شەهید بوو. ئەم ڕێکخراوە ئێستا خاڵم دکتۆر تەها ڕەسوڵ سپۆنسەری دەکات و منیش لە سوید خەریکی کۆکردنەوەی هاوکاریم لەگەڵ حکومەتی سوێد".

دالیا گوتیشی "بڕیارە ئەم مانگە سەردانی کۆبانی بکەین و بڕێک هاوکاری بۆ دانیشتووانی کۆبانی لەگەڵ خۆمان ببەین و بزانین ئەوان ئێستا زیاتر پێویستیان بە چ کەلوپەلێکە بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی سوێد بە زووترین کات یارمەتییەکان کۆبکەینەوە.

## بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
دان بەخۆتدا بگرە و پەلە لە کارەکان مەکە، دەست لە خەرجیی ناپێویست بگرەوە، کاتێکی گونجاوە بۆ ئەڤینداری یان هەڵگرتنی هەنگاوێک، گرفتەکانیشت بەرەو چارەسەر دەچن.

**گا**
چالاکییەکانت زۆر دەبن و کەمێک ماندوو دەبیت، بەڵام هەواڵێکی خۆش دەبێتە هۆی ئاسوودەبوونت. بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی باش سوود لە ژیری و توانای دەربڕینت وەردەگری. ئەگەر کارەکانت بە ڕاوێژ بکەیت، دڵنیا دەبیت و لە ڕاڕایی دووردەکەویتەوە.

**جمک**
بڕوا بەو کەسانە مەکە کە هەڵوێستەکانت لە دژی خۆت بەکاردەهێننەوە. سۆزدارەکەت بەرامبەرت ڕەشبین دەبێت ئەگەر گرنگی پێنەدەی. بەهۆی گەشتێکەوە دەتوانی پەیوەندی نوێ دروست بکەیت. شتەکان لە قەبارەی خۆیان گەورەتر مەکە.

**قرژاڵ**
هەمیشە فرسەتی باشت بۆ دێتە پێشەوە، بەڵام ئەگەر بەباشی کۆنترۆڵی نەکەیت هیچ سوودێکی نابێت. هەوڵ بدە گفتوگۆ لەسەر بابەتی زۆر گرنگ نەکەیت لەگەڵ هاوڕێکانت، بڕوات بەخۆت هەبێت و گەورەتر بە لە گرفتەکان.

**شێر**
هەڵوێستی توندت لەهەندێ شت نەرمتر بکەرەوە، لەم هەفتەیەوە بەشێکی خەم و بێزارییەکانت نامێنێ. گۆڕانێک بەسەر دۆخی ماڵەوەدا دێت و ئەرکەکانت زیاد دەکات، بەڵام ئاسوودە دەبیت. باشترین کاتە بۆئەوەی پلانێک بۆ ژیانی خۆت دابنێی.

**گوڵەگەنم**
ئەو کارەی لە مانگی ڕابردوو نەگەیشتە کۆتایی، لەم مانگە نوێیەدا فرسەتێکی دیکەی بەهێزت بۆ دروست دەبێت و ئەنجام بەدەست دەهێنی. پێویستییەکانی ماڵ زۆر بوون و دەتوانی پڕیان بکەیتەوە.

**تەرازوو**
ئەگەر ئەرکەکانی سەرشانت لە کاردا بەباشی ئەنجام نەدەیت، گرفتت لەگەڵ هاوکارەکانت بۆ دروست دەبێت. کاتێک پلان بۆ چاککردنی شتێک دیاری دەکەیت، هەندێ لە کارە ناتەواوەکانی دیکەش بەئاسانی بەدەستەوە دێن.

**دووپشک**
کاتێکی باشە بۆ سەردانی ئەو جێگایانەی کە دڵت پێیان دەکرێتەوە. چەند گۆڕانکارییەکی کتوپڕ لە ماڵدا بەقازانجت دەکەوێتەوە، کەسانێک دەناسیت لە ئاواتەکانت نزیک دەکەنەوە، ڕەنگە بتوانی کارێکی نوێیان لەگەڵ بکەیت.

**کەوان**
مرۆڤی بەتوانا هەنگاوی گەورە و قورس دەنێت، بۆیە زیاتر ماندووت دەکات و کاتی زیاتریشی پێویستە. ئەو نەخشەیەی بۆ کارکردنی نوێ دیاریت کردووە سەرکەوتنی باش بەدەست دەهێنێت، توانات هەیە، یارمەتیشت لەکاتی پێویست دەستدەکەوێت.

**کارژۆڵە**
تەنها لەو ڕێگایانەدا هەنگاو بنێ کە لەئەنجام دڵنیات دەکات. توانات لە وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری بەکاربهێنە. پێویستت بە هاوڕێ و ناسینی خەڵکانی نوێیە. سەرکەوتنی هاوڕێکەت بەکەم مەبینە.

**سەتڵ**
هاوسۆزەکەت هەوڵ دەدات کاریگەریت بخاتە سەر بۆ ئەوەی بڕیاری خێرا بدەیت. بەهۆی کارەکەتەوە پەیوەندی نوێ دروست دەکەیت. کەشێکی لەبارە بۆ دەستپێکردنەوەی ئەو پرۆژانەی ماوەیەکی زۆرە وەستاون.

**نەهەنگ**
هەموو هەنگاوەکانی ژیانت بەشێوەیەکی باش بەڕێوە دەچن، بیرکردنەوەکانت بەئاڵۆزی دەمێننەوە، باشترین چارەسەر ئەوەیە خۆت هێمن بکەیتەوە و کۆنترۆڵی ئاڵۆزییەکان بکەیت. پێویستە گرنگی زیاتر بەباری تەندروستیت بدەی.

ڕووداو
ژمارە (349) دووشەممە 2015/3/2

# یەشار کەمال بەدەم بۆنکردنی گوڵی کولتوورە جیاوازەکانەوە "مرد!"



**فەرهاد چۆمانی**

نووسەری کتێبەکانی حەمەدۆک و ئەفسانەی چیای ئاگر، یەشار کەمال، کۆچی دواییکرد، کە ناوە ڕاستەقینەکەی کەمال سادق گۆکچەلی بوو، پاڵەوانەکانی ئەو خەڵکە ڕەشۆک و هەژار و تۆزاوییە بوون، کە تا مرد، لەگەڵیان ژیا.

دەڵێن کە نووسەرێک کتێبێکی نووسی، چیتر بەتەنیا خاوەنداری لە کتێبەکەی ناکات، بەڵکو خوێنەریش دەبێتە شەریکەبەشی نووسەر لە خاوەنداریکردنی کتێبەکە، بەڵام یەشار کەمال ئەم مافە بە هەموو کەس نادات و دەڵێ: "ئەوانەی کتێبەکانی من دەخوێننەوە با نەبنە بکوژ، دوژمنی شەڕ و کوشتاری بن و لە دژی چەوساندنەوەی مرۆڤ بوەستنەوە، کەس سووکایەتی بە کەس نەکات. با کەس ئەوی دیکە پاکتاو نەکات. بوار بەو دەوڵەت و حکومەتانەی کە لە هەوڵی پاکتاوکردنی مرۆڤدان نەدرێ، با خوێنەرانی کتێبەکانم بزانن ئەو مرۆڤانەی کولتوورێک لەنێودەبەن، کولتوور و بەها مرۆڤایەتییەکانی خۆشیان لە دەست دەدەن".

دوێنێ ڕۆماننووس و نووسەری نێوداری کورد یەشار کەمال لە تەمەنی 92 ساڵیدا بەهۆی وەستانی ئۆرگانەکانی جەستەیەوە کۆچی دواییکرد.

یەشار کەمال لەساڵی 1923 لە گوندی گۆکچەلی باکووری کوردستان، بەماوەیەکی کەم پاش دروستبوونی کۆماری تورکیا لەدایکبوو.

پەرتووک و نووسینەکانی یەشار کەمال وەرگێڕاونەتە سەر چل زمانی جیاواز. ڕۆمانی ئینجە مەمەد (بەکوردی حەمەدۆک) و لەساڵی 1955 بڵاوکراوەتەوە، نێوبانگێکی وەها جیهانی پەیداکرد کە ساڵی 1973بووە هۆی ئەوەی بپاڵێورێت بۆ خەڵاتی نۆبڵ.

یەشار کەمال لەسەرەتای لاوێتیدا ئەندام و چالاکڤانی پارتی مارکسی لینینی بوو لە تورکیا.

زۆربەی نووسینەکانی باسی ژیانی سەخت و پڕ لەنەهامەتی گەلەکەی دەکات لەژێر دەستی فەرمانڕەوایی چەوسێنەردا.

لەساڵی 1995یەشار کەمال لەلایەن ناسیونالیستە توندڕەوەکانی تورکیاوە تۆمەتبار دەکرێ بە بانگەشەکردن بۆ جوداخوازیی کورد و سەرئەنجام دادگایی دەکرێت لەسەر ئەوە.

لەکاتی دادگاییکردنەکەیدا، یەشار کەمال تۆمەتەکان ڕەتدەکاتەوەو دەڵێت: "هەموو تەمەنی من تەرخانبووە بۆ زمان و کولتوری تورکی. من دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ناخوازم. کەس ئەوە ناخوازێت. هەموو کورد تەنیا داوای مافە مرۆڤییەکانی خۆیان دەکەن. مافی پاراستنی زمان و کولتوورو ناسنامەی خۆیان."

یەشار کەمال لەتەمنی مداڵیدا بەهۆی ڕووداوێکەوە بەچەقۆ چاوی ڕاستی لەدەستدەدات. دواتر لەتەمنی پێنج ساڵیدا باوکی لەلایەن کوڕێکی خۆیەوە لەکاتی نوێژکردندا لەمزگەوت بەرچەقۆ دەدرێت و دەکوژرێت. لەبەر ئەم هۆکارانە ژیانی منداڵی یەشار کەمال ژیانێکی ئاسان نابێت.

دەڵێن یەشار کەمال مرد!، بەڵام حەمەدۆک دەمرێ؟، ئەو باڵندانە لەئاسمانی ئەدەبیاتدا لەفڕین دەکەون کە بە بەرچاوی یەشار کەمالەوە کۆچیان کرد؟. یەشار کەمال لەنێوان فرەکولتووری تورکیا و ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان کولتووری تورکی و کوردیدا دەڵێ: "چ دڵخۆشییەکە، دونیاکەمان باخچەیەکە بە دەیان هەزار گوڵی کولتوورەوە، هەر کولتوورە و ڕەنگ و بۆیەکی هەیە".

مانگی ڕابردوو، ئەوکاتەی یەشار کەمال دەبرێتە نەخۆشخانە بۆ چارەسەر، یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا گوتی: یەشار کەمال بۆ ئێمە جێگەی ڕێزو شانازییە. وەک کورد مافی خۆمانە شانازی بەم نووسەرە گەورەیەمانەوە بکەین.

یەشار کەمال لەتەمەنی 29ساڵیدا لەساڵی 1952لەگەڵ سیلدا سێرێرۆ، کچی ماڵێکی نێوداری جوولەکەی تورکیا هاوسەرگیری دەکات. باپیری هاوسەرەکەی پزیشکی تایبەتی سوڵتانی عوسمانی بوو. سیلدای هاوسەری 17 دانە لەپەرتووکەکانی یەشار کەمال وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی. لەساڵی 2001و لەتەمەنی 78ساڵیدا کۆچی دواییکرد.

یەشار کەمال بۆ دووەمجار لەساڵی 2002 لەگەڵ عایشە بابان کە مامۆستای زانکۆی بیلگییە لە ئیستەنبول هاوسەرگیری دەکات.

یەشار کەمال چەندین خەڵاتی مەزن و دکتۆرای فەخری لە زانکۆکانی ئەورووپا وەرگرتووە. لەوانەش خەڵاتی ئاشتی پەرتووکی ئەڵمانیا لەساڵی 1997 و میدالیای نارێگاتسی وڵاتی ئەرمینیا و چەندین خەڵاتی ڕێزلێنان لەفەرەنسا، نەرویج ، ئەڵمانیا، ئیتاڵیاو سوید.

ڕۆمانی (تەنەکە)ی ساڵی 1955 لە وڵاتی سوێد کرا بە شانۆگەری و بۆ ماوەی یەک ساڵ لەو وڵاتە نمایشکرا . یەشار کەمال خۆی بۆ ماوەی دوو ساڵ لەکۆتایی ساڵانی 1970کان لە وڵاتی سوێد ژیا.

مۆزیکڤانی ئیتاڵی فابیۆ ڤاچی هەمان ڕۆمانی لەسێ پارچەی جیاوازدا گۆڕی بۆ موزیکی ئۆپێراو ساڵی 2007لە شاری میلانۆ پیشکێشکرا.

لەکاتی بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دواییکردنی، سەرەک وەزیرانی تورکیا ئەحمەد داودئۆخلو ستایشی یەشار کەمالی کردو گوتی: نووسەرێک بوو کە توانی هەستی ناڕەزایی خۆی درێژە پێبدات و بێسڵەمینەوە ڕاستییەکان بڵێت لەسەردەمێکدا کە گوتنی ڕاستی کارێکی گران بوو.

لەسەروبەندی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ئەو دەمەی ڕووسەکان هاتوونەتە ناوچەکە و ئەوکاتە لەترسی هێرشی ڕووسەکان ماڵباتەکەیان دوای کۆچێکی درێژ لە گوندی حامیتە-ی گۆکچەلی سەر بە ناوچەی عوسمانییە لە باشووری تورکیا دەگیرسێنەوە، لە ساڵی 1923 منداڵێک لەدایکدەبێت (هەندێک دەڵێن لەساڵی 1926 لەدایکبووە) ئەودەم کەس نازانێ ئەو کۆرپەلەیە دەبێتە دڵخوازترین نووسەری تورکیا و بەربژێری خەڵاتی نۆبڵ لە ساڵی 1973 .

یەشار کەمال ئەو کاتەی قوتابی دوایین قۆناخی ناوەندی بووە، قوتابخانە بەجێدەهێڵێت و سەرەدەری لەگەڵ کاری مامۆستای یاریدەدەر، فەرمانبەری کتێبخانە، شۆفێری تراکتۆر، چاودێری کێڵگەکانی چەڵتووک کردووە، لە تەمەنی 17 ساڵیشدا بەهۆکاری سیاسی بۆیەکەمجار خراوەتە زیندانەوە.

لە ساڵی 1946 دەچێتە ئیستەنبوڵ و لەوێ لە کۆمپانیایەکی گازی فەرەنسی کار دەکات، دوای دوو ساڵ دەگەڕێتەوە سەر کاری چاودێریکردنی کێڵگەی چەڵتووک لە گوندەکەی خۆی. دواتر کاری عەرزو حاڵنووسی کردووە، لە ساڵی 1950 بەبیانووی بانگەشەکردن بۆ کۆمۆنیزم دەستگیرکراوە.

لە ساڵی 1952 یەکەم کتێبی چیرۆکی خۆی بە ناوی "زەردی گەرم" بڵاوکردەوە. لە ساڵی 1955 "حەمەدۆک"ی نووسی، ئەو ڕۆمانەی کە لە ساڵی دەرچوونییەوە تاوەکو ئێستا بۆ زیاتر لە چل زمان وەرگێڕدراوە.

یەشار کەمالی کاکۆڵ بە بۆن و بەرامەی کوردی لەساڵی 1988 کە کۆمەڵەی نووسەرانی PEN دامەزرا ، بووە یەکەم سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە.

بە یەکێک لە پێشەواکانی بواری نووسین و ئەدەب دادەنرێت لە تورکیا. بە جۆرێک کە زمانی تورکی زۆر پێشخستووە، چەندان خەڵاتی وەرگرتووە، لەوانە خەڵاتی نێودەوڵەتی کەتەلۆنیا و بڕوانامەی دکتۆرای فەخری لە زانکۆی بەرلینەوە. کتێبەکانی بۆ 39 زمانی جیاواز وەرگێڕدراون.

لە ساڵی 1946 دەست بە نووسینی حەمەدۆ دەکات، بەڵام بەهۆی کێشەی ماددییەوە دەستبەرداری دەبێت و دوای ئەوەی لە ڕۆژنامەی جمهوریەت دەستبەکار دەبێت لە ساڵی 1953 بە دڵگەرمییەوە دەستدەکاتەوە بە نووسینی حەمەدۆک و تەواوی دەکات و لەساڵی 1955 چاپدەبێت.

یەشار کەمال لە ساڵی 1993وە بەردەوام قسەی لەسەر کێشەی کورد کردووە و بوێرانە ڕەخنەی ئاراستەی حکومەتەکانی تورکیا کردوە، لەساڵی 2007 دا کاتێک کۆنفرانسی "تورکیا بەدوای ئاشتیدا دەگەڕێ" بەسترا، یەشار کەمال لەوێ بوو، لە گوتارێکدا گوتی: "ئێمە بووینەتە وڵاتێک کە شەڕ لەگەڵ میللەتەکەی خۆی دەکات".



### بەرهەمەکانی :

**چیرۆک:**

زەردی گەرم- 1952

سەرجەمی چیرۆکەکان- 1975

**ڕۆمان:**

حەمەدۆک

تەنەکە-

چینی ناوەند- ڕووی دیکەی شاخ 1

زەمین پۆڵا و ئاسمان مس- ڕووی دیکەی شاخ 2

گیای نەمری- ڕووی دیکەی شاخ 3

کوشتاری کۆڵانی ئاسنگەران

یوسفیلەی یوسف

مارەکەیان بکوشتایە

سەربازانی خودا

باڵندەکانیش کۆچیانکرد

دەریا تۆرا

دارهەنارەکەی هویوک

باڵندەی باران

دەرگای قەڵا

دەنگی خوێن

بروانە فوڕات خوێناوییە

ئاوخواردنەوەی مێرووله

دەریای ڕووت، دوورگەی ڕووت

باڵندەی یەکباڵ

و چەند بەرهەمێکی دیکە.

## وەسیەتنامەی یەشار کەمال بۆ خوێنەرانی

ئەم پەیامەی یەشار کەمال، لەو ڕێوڕەسمێکدا خوێندرایەوە کە مانگی تشرینی دووەمی 2014 لە زانکۆی بیلگی لە ئیستەنبوڵ بە بۆنەی پێدانی دکتۆرای فەخری پێی سازکرابوو. خۆی بەهۆی باری ناتەواوی تەندروستییەوە نەیتوانی بەشداری لەم ڕێوڕەسمەدا بکات.

یەشار کەمال لەم پەیامەیدا کە وەک وەسییەتنامەی بۆ خوێنەرانی دەبینرێت دەڵێت "ئەوەی کتێبەکانی من دەخوێنێتەوە نابێت ببێت بە پیاوکوژ، دەبێت ببێت بە دوژمنی شەڕ. دووەم، دەبێت ڕووبەڕووی قۆرخکردنی مرۆڤ ببێتەوە لەلایەن مرۆڤەوە. نابێت کەس ئەوی دیکە بە کەمتر لەخۆی بزانێت و هەوڵی سڕینەوەی بدات. نابێت ڕێگە بدرێت بەو دەوڵەت و حکومەتانەی کە هەوڵی سڕینەوەی مرۆڤەکان دەدەن". لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا یەشار کەمال دەڵێت: "خوێنەرانی من با بزانن کە ئەوانەی کولتوورێک ناهێڵن، کولتوور و مرۆڤبوونی خۆیانیان لەدەستداوە".

بەدەر لەمانە، نووسەر داوا لە خوێنەرانی دەکات کە لەگەڵ هەژاران یەکبگرن و دەڵێت: "ئەوانەی کتێبەکانی من دەخوێننەوە با لەگەڵ هەژاران ببن بە یەک. هەژاریی شەرمە بۆ هەموو مرۆڤایەتی. خوێنەرانی من دەبێت لە هەموو خراپەکان خۆیان پاکبکەنەوە".

# "کچە فیلم گێڕەرەوەکە"




## ڕۆمانێک بۆ گێڕانەوەی فیلمەکان

**کاروان محەممەد فەتاح**

"گێڕانەوەی فیلمێک، هەروەک ئەوەیە خەونێک بگێڕیتەوە. گێڕانەوەی ژیانێکیش هەروەک ئەوەیە خەونێک، یاخود فیلمێک بگێڕیتەوە" لە (ل 68)ی ڕۆمانەکەوە.

ماوەیەکە بەردەوام لە سەیرکردنی فیلمدام و چێژی زۆریان لێوەردەگرم، وەک چۆن چێژ لەوە دەبینم وەک «ماریا مارگارێتا» لە سەربانەکەی خۆمانەوە بە خەمباری لە ئاوابوونی خۆر بڕوانم. چەند ڕۆژێک لە کتێب دادەبڕێم. بڕیار دەدەم ڕۆمانێک بخوێنمەوە. لەنێوان کتێبەکاندا «کچە فیلم گێڕەرەوەکە»ی «ئێرنان ریڤێرا لێتێلییێر»ی شیلی هەڵدەبژێرم. ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە هەر لە ناونیشانەکەدا دیارە ئەم ڕۆمانە لەگەڵ فیلمدا نزیکییەکی زۆری هەیە. هەروایش بوو. هەندێ کات لەناو لاپەڕەکاندا هەستمدەکرد کتێب دەخوێنمەوە و هەندێ کاتی تریش وامدەزانی تەماشای فیلمێک دەکەم. سروشتی ڕۆمانەکە بەمشێوەیە بوو:

"نووسەری چاک ئەوەیە دزی بکات، نەوەک لاسایی کەسانی دیکە بکاتەوە". فلیپ ڕۆس

دەبێ شتێک لە گوتەکەی «فریدریک نیتچە» بخوازم کە دەڵێت: «ئێمە بە تەنیا هونەر شکدەبەین، تا حەقیقەت نەبێتە مایەی مردنمان». دەمەوێ ڕستەکە بەم جۆرە دەربڕم: «ئێمە بە تەنیا گێڕانەوە شکدەبەین، تا واقیع نەبێتە مایەی مردنمان".

نەنکم تا لە ژیاندا مابوو، ئەگەر بیویستایە چیرۆکێک کە پێشتر کەسێک بۆی باسکردبوو، بگێڕێتەوە، دەستەواژەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشی بەکاردەهێنا، نەیدەگوت فلان کەس بەسەرهاتێکی بۆم گێڕایەوە، بەڵکو دەیگوت «گەڕاندەوە»، یانی ئەو چیرۆکەی لە زەمەنی ڕابردووەوە بۆ ئێستا گەڕاندووەتەوە. لای من دەستەواژەکەی نەنکم زۆر جوان و هونەری بوو، بەڵام لێرەدا وەک پێڕەویکردنێک لە یاسای باو، چەمکی «گێڕانەوە» بەکاردەهێنم.

گێڕانەوە یەک لە ڕەگەزە زۆر گرنگەکانی تێکستی ئەدەبییە، بە تایبەت «چیرۆک و ڕۆمان»، کە ئەم دوو ژانرە سەر بە هونەری گێڕانەوەن. دەتوانم زیاتر بڕۆم و بڵێم لەناو تێکستدا هیچ ڕەگەزێک وەک گێڕانەوە بەهێز و بنەڕەتی نییە. لە دووتوێی لاپەڕەکاندا ڕووداوەکان لە چەند ساتێکی کەم تێناپەڕن، بەڵام بە درێژایی تێکستەکە دەگێڕدرێنەوە.

هەمیشە کاتێک دەگێڕینەوە، واتا لەبارەی ڕابردووەوە قسە دەکەین. لەبەر ئەوەی هەردوو چەمکی «گێڕانەوە» و «ڕابردوو»پێکەوە لە پێوەندییەکی دانەبڕاو و بەردەوامدان. بەمپێیە بێت، چەمکی ڕابردوو چ لە ئێستا و چ لە داهاتووش بەهێزترە. گێڕانەوەی ڕووداوەکان وامان لێناکەن هەست بکەین لە ڕابردووداین، بەڵکو ئەو هەستە بەسەرماندا زاڵ دەبێت کە ئەو ڕووداوەی ڕابردوو، وا ئێستا ڕوودەدات. ئەم نووسینە هەروەک ڕۆمانەکە لە بازنەی ڕابردوودا دەسووڕێتەوە و لەسەر ئەو چەمکە و هێزی گێڕانەوەکانی «ماریا مارگارێتا» دەوەستێ.

### کچێک فیلم دەگێڕێتەوە

تاکە کەناڵی دەوڵەمەندبوونی خێزانێکی هەژار لە گوندێکی پڕ لە کان و بارووتی ڕەش، بە هۆی گێڕانەوەوەیە، گێڕانەوەی فیلم لەلایەن کچێکی تاقانەی دە- یانزدە ساڵانەوە بە ناوی «ماریا مارگارێتا» ئەمە چیرۆکی ڕۆمانەکەیە.

### خێزانە هەژارەکان بەختەوەرن

تێکستەکە باس لە خێزانێکی هەژار دەکات کە لە گوندێکدا دەژین. باوکی «ماریا» کرێکاری یەکێک لەو کانە زۆرانەیە کە لەو گوندە بیابانییەدان. بە هۆی کارەوە کەمئەندام دەبێت. ئەندامانی خێزانەکە لە حەوت کەس پێکدێن، دایک و باوک، چوار برا و خوشکێکی بچووک، کە دواتر لە گوندەکەدا دەبێتە باشترین گێڕەرەوەی فیلم. گرنگترین شت لای خەڵکی ئێرە سەیرکردنی فیلمەکانە لە سینەما. پارەیەکی زۆر دەدەن، تا لەوێ تەماشای فیلمەکان بکەن. لەبەر هەژاری، دەبێت هەر جارێک تەنیا کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکە بۆ سینەما بچێت، بەهۆی لێزانی و لێهاتوویی خۆیەوە «ماریا مارگارێتا» هەڵدەبژێردرێت بچێتە سینەماکە و دواتر ئەوەی بینیویەتی بۆ خێزانەکەی بگێڕێتەوە. بەهۆی گێڕانەوە سەرنجڕاکێشەکانی و جووڵەی جەستە و نواندنە جوانەکانییەوە، نەک هەر لە ماڵ و گەڕەکەکەی خۆیان، بەڵکو لە هەموو گوندەکە ناوی بە لێزانترین و زیرەکترین کەس بۆ گێڕانەوەی فیلمەکان دەڕوات.

### گێڕانەوەی فیلمەکان لە خودی فیلمەکان سەرنجڕاکێشترن

هێزی هونەری و سەرنجڕاکێشیی «ماریا» لەوەدا بووکە توانی خەڵکی گوندەکە لە سینەما دووربخاتەوە و لە دەوری خۆی کۆیانبکاتەوە. ئەو، ئەو فیلمانەی دەگێڕانەوە کە لە سینەماکە پێشان دەدران. هەندێ کەس پارەیان نەبوو، دەهاتن و گوێیان لە گێڕانەوە چێژبەخشەکانی «ماریا مارگارێتا» دەگرت، چونکە خێزانەکەی لە چاو سینەماکە پارەیەکی ئێجگار کەمیان لە گوێگران وەردەگرت. تا لە کۆتاییدا وای لێ هات ئەوانەیشی بۆ سینەما دەچوون، ئیدی وازیان هێنا و بۆ گوێگرتن لە گێڕانەوە پڕ ئەفسوونەکانی ئەم دەهاتن، چونکە گێڕانەوەکانی ئەم کچە دەربارەی فیلمەکان لە خودی فیلمەکان سەرنجڕاکێشتر بوون. بەم کارە خێزانی «ماریا مارگارێتا»دەوڵەمەند بوون.

### کۆتاییەکان تراژیدین

هیچ گێڕانەوەیەک نییە تراژیدی نەبێ، چونکە گێڕانەوە بە سروشتی خۆی ڕوو لە کۆتایی دەکات، هەموو کۆتاییەکیش مرۆڤ خەمناک دەکات. کۆی ئەندامانی خێزانی«ماریا مارگارێتا» کۆتاییەکی تراژیدییان دەبێت. دایکی دەمرێت. باوکی دەمرێت. براکانی هەر یەکەیان بە هۆی شتێکەوە دەمرن و ون دەبن. لە دواجاردا ئەم بە تەنیا لە گوندەکەدا دەمێنێتەوە. لە ئێوارانداا بە خەمباری لە ئاوابوونی خۆر دەڕوانێت.

ڕۆمانەکە بە تەکنیکی تاکدەنگی گێڕدراوەتەوە. ڕووداوەکان زنجیرەیین و یەک بە دوای یەکدا هاتوون. نووسەر بە تەنیا لە زمانی «ماریا مارگارێتا»وە باسی ڕابردووی گوندی کانەکە دەکات کە چ ئارەزوویەکی گەورەیان لە سەیرکردنی ئەو فیلمانەدا هەیە لە سینەمای گوندەکە پێشان دەدرێن.

# زمانی شیعریی سەرلەنوێ جیهان بنیات دەنێتەوە



## "ئەوەی بە شیعر دەگوترێ بە فەلسەفە ناگوترێ". ئەرستۆ

**ئەرسەلان چەلەبی**

پێناسەیەک کە هەموو کات بۆ زمانی دەکەن: "زمان ئامێرێکە بۆ پەیوەندیگرتن"، بەڵام ئەو "پەیوەندییە" لە پشت ڕواڵەتی سادە و ساکاری خۆیەوە، جیهانێکی ئاڵۆزی لەنێو خۆیدا حەشارداوە. پەیوەندییە مرۆڤییەکان لەنێو جیهانی مرۆڤایەتی ڕوو دەدەن و جیهانی مرۆڤایەتی بێجگە لە "پەیوەندی" شتێکی دیکە لەخۆ ناگرێ. بەڵام جیهانی مرۆڤایەتی جیهانی بایەخ و مانایە. واتە، جیهانێک کە لەنێویدا هەر شتێک بەپێی بایەخ و مانای خۆی پێگەی هەیە و زمانی مرۆڤیش بە واتای بایەخەکان و ماناکانە.

شاعیرە ڕاستەقینەکان ئەو کەسانەن کە لەوپەڕی قووڵاییدا هەست بە زمان دەکەن، خاوەنی ئەو هەستە قووڵ و جوانەشن لە زماندا. لەڕێگەی تاوتوێکردن و ئەو شێوازەی کە بە زمانی دەدەن، ڕێگەیەک بۆ دیتنەوەی تواناکانی مانا و داڕشتنی وشەکان دەدۆزنەوە، هەروەها دیتنەوەی ئەو هەستە قووڵەی کە لە وشەکاندا هەیە و جێگیرکردنی ڕواڵەتی شیعر بەسەر هەموو لایەنە جوان و سیحراوییەکانی زماندا. ئەوە ئەو هونەرە ڕەسەن و جوان و دەگمەنەیە کە لەنێو نەتەوەیەکدا بەدرێژایی مێژوویەک، ڕەنگە چەند کەسێک پێی بگەن و هەر ئەوانیش دەبنە زمانحاڵی نەتەوەی خۆیان و هەموو لایەنە جوانەکانی زمان و جیهان ئاشکرا دەکەن.

شاعیر ڕاستەوخۆ سەرەدەری لەگەڵ زماندا دەکات، بەردەوام لەهەموو وشەکان کەڵک وەردەگرێ و لە دەقەکەیدا بەکاریاندێنێ، زمان لە شیعردا دونیایەکی یەکجار بەربڵاوترە لە زمان لە هزر و فەلسەفە و زمانی لۆژیک، واتە شاعیر لە جدیترین واتا و بەیانی خۆیدا دەتوانێ جەفەنگ و گاڵتە بەکاربێنێ، بەڵام هزر و زمانێکی لۆژیکی ڕێگە بەم کارە نادات. کەسێکی ئاسایی لەدەمی بەکارهێنانی زمان و فەرهەنگی وشەکاندا، بەشێوەیەک کەڵک لە زمان وەردەگرێ کە بەتەواوی لە بەرامبەر وشە بێ خەیاڵە و هەوڵدەدا هەر وشەیەک تەنیا لە یەک مانادا بەرتەسک بکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەو تەنیا لە یەک بەشی وشە کەڵک وەردەگرێ، بەڵام شاعیر هەوڵدەدا لە هەموو لایەنەکانی وشە کەڵک وەربگرێ، زمانی زانستی، لاوازترین زمانی بەکارهێنانە، پسپۆڕێک پێویستی بە یەک مانا هەیە بۆ وشەکان، ئەو ڕاستییە کە وشەیەک دەتوانێ هەڵگری هەموو لایەن و مانایەک بێت، بۆ پسپۆڕێک فرە واتایی لە زمانە زانستییەکەی خۆیدا بەربەستێکە بۆ ئەوەی کە بە ئامانجی خۆی بگات. زمانی باش و بەکەڵکی ئەو زمانێکە کە هەر وشەیەک مانایەکی بێ کەم و زیادی هەیە و بۆ هەر مانا و گوزارشتێک تەنیا یەک وشەی هەبێت. لە زمانی ئەودا گوزارشتێکی وەها هەیە:

$So + H_2o = H_2So_3$

لە وەها گوزارشتێکی ماتماتیکیدا هەموو شتێک ڕوونە و بە تاکە ڕەهەندێکی ماناوە تێیدەگەین، وشەی "سۆلفۆر" ئەگەر لە شیعردا کەڵکی لێوەربگرین، دەتوانرێ هەڵگری مانا و گوزارشتی وەکو: ئاگر، دووکەڵ، گۆگرد، دۆزەخ و نەفرین و... چەند واتایەکی دیکەش بێت، بەڵام لە زمانی زانستدا تەنیا یەک مانا لەخۆ دەگرێ ئەویش: ئەسیدی سۆلفۆرە.

ئیڤۆر ئارمسترۆنگ ریچاردێز کە یەکێکە لە گەورەترین ڕەخنەگرانی ئەدەبی، دەڵێ: "شیعر زانستی ئێمە لەبارەی لایەنە گرنگەکانی ژیان قووڵتر و بەرفراوانتر دەکاتەوە. شیعر دەتوانێ ڕزگارمان بکا، تەنیا شیعر دەتوانێ بەسەر فیتنە و ناهەمواریدا سەربکەوێ، کەواتە شیعر و مانای گشتیی ئەو دەتوانێ ڕزگارمان بکا، چونکە لە شیعر و هونەردا ئەوە بەڕاستی و بە شێوازێکی هەرمانە بەهاداری دەکا."

ئامانجی زمان لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بریتییە لە گەیاندن، هەروەها گواستنەوەی زانیارییەکان لە قسەکەرێکەوە بۆ قسەکەرێکی دیکە. ئەو زمانە ئاست کۆمەڵییە و ڕەشۆکە بە پلەی یەکەم زمانێکی هەواڵدەرییە و بەو دەلالەتە کۆمەڵایەتییانە بارگاوی کراوە کە پێشتر لەسەر شەرعیەتی گەیاندنیان ڕێککەوتوون. کەچی زمانی شیعر زمانێکی تایبەتە و ئامانجی یەکەمی بریتییە لە داهێنان. لە کاتێکدا زمان ئاماژە بۆ شتەکان دەکا، زمانی شیعر ئاماژە بۆ زمان خۆی دەکات. مەبەستم ئەوەیە پەیوەندی نێوان زمان و شتە دەرەکییەکان، یان شتە ئەزموونگەرییەکان، پەیوەندییەکەی ڕاستەوخۆیە، ئەگەرچی زمانزانەکان ئەو پەیوەندییە وا وەسف دەکەن کە بریتی بێ لە پەیوەندییەکی خۆبەخۆیی، کەچی پەیوەندیی نێوان شیعر و شتەکان تەنیا بە هۆی زمانەوە تەواو دەبێت. واتە شیعر زمانێکە لەنێو زماندا، لێرەوە زمانی ئاسایی لە هەناویدا وەسفێکی بۆ جیهان تێدایە، کەچی زمانی شیعر هەڕەشەیەکی بۆ جیهان تێدایە، یان جارێکی دیکە بەرهەمی دێنێتەوە، چونکە زمانی ئاسایی ئاماژە بۆ جیهان دەکات، بەڵام زمانی شیعری سەرلەنوێ ئەو جیهانە بنیات دەنێتەوە.

هەموو ئەو کارانەی کە شیعر دەیکات و هەروەها هەموو ئەو نووسەرانەی کە لەو باوەڕەدان شیعر هونەرێکی یەکجار گرنگە و دەتوانێ بناغەی هزر و بیرکردنەوە بێت، هەموو ئەوانە لەسەر شانی زمانە و زمانیش گرنگترین تەوەری شیعرە و ئەگەر لە شیعرێکدا زمان لاواز بوو و گرنگیی پێنەدرا، بەدڵنیاییەوە ئەو شیعرە ناتوانێ هەرمان (نەمر) بێت و ببێتە زمانحاڵی نەتەوەیی خۆی و خوێنەری خۆیشی بدۆزێتەوە. واتە ئەگەر زمان لە شیعردا وێران بوو، ئەدەبیات بەپێی تێپەڕینی کات، بەبێ هیچ شەرم و شکۆیەک گوێی دەق و خاوەن دەق دەگرێ و لە ناو ماڵی خۆیدا فڕێی دەداتە دەرەوە.



گۆران محەممەد

# یاهوو کاهوو

کاتی خۆی، کە عەبدولعەزیز تەیب بووە وەزیری پەروەردە، یەکەمین (چاکسازی) کە کردی، لابردنی وانەی کشتوکاڵ بوو لە پرۆگرامەکانی خوێندن. کابینەیەک دوای ئەوە، عەبدولعەزیز تەیب بووە وەزیری کشتوکاڵ! ئەو وەزیرە چونکە هیچ هیوای بە خەیاری کوردیی نەبوو، لەسەردەمی ئەودا خەیاری کوردی هەر بە پووچی مایەوە، تەماتەی خۆماڵییش هەر لەباوەشی خەیاری تورکیدا دەگیرسایەوە.


ساڵان هاتن و چوون، عەبدولعەزیز بوو بە عەبدولسەتتار. لە نێوان هەردوو عەبدوودا داهێنانی وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی کوردستان، لەوە تێنەپەڕی کە کیلۆی تەماتەی توندوتۆڵی تورکی، پێنجسەت دینار لە تەماتەی تەپیوی کوردی هەرزانتر بێت.

جا قوربان نە عەبدولعەزیز، عیززەتی خەیاری کوردیی ڕاگرت، نە عەبدولسەتتاریش، تەماتەی کوردیی سەتر کرد، لەوانەیە وەزیری ئایندەی کشتوکاڵ، ناوی عەبدولڕەحمان بێ و ڕەحمێ بەم خەیار و تەماتە داماوە بکا.

ئەمڕۆ دوو هەواڵی گرنگ لە کوردستاندا هەبوون، لە سلێمانی کۆنفرانسی حکومەتی ئەلیکترۆنی بەڕێوە دەچوو، لە هەولێریش کاهووی ئێرانی بازاڕی تەنیبوو. من یەک پرسیار دەکەم، وڵاتێ نەتوانێ کیلۆیەک کاهوو بەرهەم بهێنێ، چۆن دەتوانێ حکومەتی ئەلیکترۆنی بەڕێوەببات؟ حکومەتی ئەلیکترۆنیی چی کلۆڵ خۆتان، جارێ وەرن سایتی ئەلیکترۆنیی لەکارکەوتووی وەزارەتی کشتوکاڵ چاکبکەنەوە دوایی باسی حکومەتی ئەلیکترۆنی بکەن. ئاخر وڵاتێ توانای حکومەتی ئەلیکترۆنیی هەبێت، (یاهوو)ش بەرهەم دەهێنێت، وڵاتەکەی عەبدولسەتتاریش توانای بەرهەمهێنانی (کاهوو)ی نییە، ئاخر وەزیرە ئیسلامییەکەی کشتوکاڵ، ئەگەر لەجیاتی جنێو بە نووسەران، دوعای بۆ جوتیاران بکردایە، لەوانەبوو حاڵی وەزارەتەکەی لە ئێستا باشتر بووایە. ئەگەر ئەو، لەبری ئەوەی جنێوی ئاگرین بۆ ڕووناکبیران بهۆنێتەوە، خەیاری خۆماڵیی بۆ تەماتەی کوردیی پەیدا بکردایە، گەلێ باشتر بوو.

تێناگەم بۆچی خەڵک لە هاتنی قاسم سولەیمانی بۆ جەلەولا ناڕەحەتن، ئەی ئەوە نییە بەر لە خۆی، عەیب نەبێ خەیارەکەی لای هەموومانە؟ ئەی ئەوە نییە ئەگەر ئێران نەبێ، زەڵاتەش نابێ! زەڵاتەی کوردی، بە سپۆنسەریی جمهووری ئیسلامییە، هەر وەک چۆن نانی بەیانیش بە سپۆنسەریی تورکیایە، خۆ داگیرکردن هەر بە پۆستاڵ نابێ، بە لەبلەبیش دەکرێ، ئێمە کە مەسینەی ئێرانی بۆ قوونمان ببەین و خەیاری تورکی لە دەممان بنێین، ئیدی پێویست ناکا بە هاتنی سولەیمانیش قەڵس بین.

کورد وەزیری بۆ بێکارەبایی هەیە، وەزیری بۆ بێپارەیی هەیە، وەزیری بۆ بێپلانیی هەیە، وەزیری بۆ مەلای داعش هەیە، وەزیریشی بۆ بێخەیاریی هەیە، جا توخوا ئەمە پێی دەڵێن ئەنجوومەنی وەزیران و حکومەت، یان ئەنجوومەنی خاوەن پێداویستیی تایبەت؟



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# دەستوور یان مانەوەی بارزانی؟

لەم ڕۆژانەدا میدیای کوردستان ناوبەناو بابەتی مانەوەی بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەرح دەکات. لێدوانی جیاواز لە کەسایەتییە سیاسییەکانەوە دەبیسترێ (چونکە تا ئێستا حیزبەکان بە ڕەسمی بۆچوونی خۆیان دەرنەبڕیوە).

پێش ئەوە با کەمێک بچینەوە دواوە و زاکیرەی مێژووییمان بخەینەوە ئیش. یاسای درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی بارزانی و پەرلەمانی کوردستان کە یەک پاکێج بوون، چۆن و کەی دەرچوو؟ پێش ئەو چی ڕوویدا؟

چەند مانگێک ماوە بۆ تەوابوونی ئەو وادەیەی لە یاسای درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیدا بە دوو ساڵ دیاری کرابوو، بەڵام لەڕووی ئەساس و کرۆکی مەسەلەکە، گۆڕانێکی ئەوتۆ ڕووی نەداوە و، هەنگاو بە ئاراستەی هەڵگرتنی ئەو بەربەستانەی کە پێش هەڵبژاردنەکانی 2013 لە ئارادابوون نەنراوە.

بارزانی یاسای درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی خۆی نە ئیمزا کرد و نە ڕەتیشیکردەوە، بەڵام لە پەیامێکی درێژدا داوای لە پەرلەمانی چوارەم کرد کە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا مەسەلەی چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆک یەکلایی بکاتەوە. ئەو ڕۆژە ئۆپۆزیسیۆن درێژکردنەوەی ماوەی حوکمی بارزانییان بە (کودەتا بەسەر شەرعییەتدا) پێناسە کرد و، پارتی و یەکێتیش بە تەنیا مەخرەجی یاسایی ناویان برد. ئەگەرچی ئەوڕۆ ئەو موناقەشە گەرموگوڕەی پێش هەڵبژاردنەکان و تەوابوونی ماوەی سەرۆکایەتیی هەرێم لەئارادا نییە و، شەڕ و ئەو بارە نالەبارەی تووشی کوردستان هاتووە باڵی بەسەر هەموو نیقاشێکی دیکەدا کێشاوە، بەڵام زوو یان درەنگ (چەند مانگێکی دیکە) پارتە سیاسییەکان، میدیا و خەڵک بەرەوڕووی هەمان مشتومڕ دەبنەوە.

گفتوگۆی جەوهەری کە دەبووایە لە ماوەی ساڵ و نیوی ڕابردوودا لە پەرلەمانی کوردستان بکرایە و ساغ بووبایەوە، ئەوە بوو کە کوردستان خوازیاری چ جۆرە سیستەمێکی سیاسییە؟ پەرلەمانی یان سەرۆکایەتی (بە هەردوو جۆری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ)، ئایا کوردستان پێش هەموو شتێک پێویستی بە دەستوورە یان نا؟ بەو یاسایانەی کە ئەوڕۆ لە پەرلەمان دەرچوونە بەڕێوە دەچین؟

ئێستا ئەوە نەکراوە و پێشناچێ وا بە ئاسانی ئەو بابەتە بخرێتە ژێر نەشتەر. چونکە زرووفی ئێستا و فراوانبوونی سنووری کوردستان، ئەو پرسیارەش دەوروژێنێ کە ئایا لەمەودوا هەڵبژاردنەکان و دەنگدانەکانی کوردستان و خەڵکەکەی لەکام ناوچەی جوگرافیدا بەڕێوە دەچن؟ بە هەماهەنگی لەگەڵ بەغدا یان بە شێوەی سەربەخۆ؟

حیزب و پارتە سیاسییەکانی کوردستان لە قۆناغی داهاتوودا پێش ئەوەی موناقەشەی ماوەی سەرۆکایەتیی هەرێم بکەن، دەبێ بە شێوەیەکی بنبڕ وەڵامیان بۆ ئەو پرسیارانەی سەرەوە پێبێت و ئینجا دەربازی قۆناغی داهاتوو بن کە ئەویش بریتییە لە مانەوە یان نەمانەوەی بارزانی (کە خۆی چەندینجار ڕایگەیاندووە خوازیاری پۆست و پلە و پایە نییە و لای ئەو گەورەترین پۆست ئەوەیە کە پێشمەرگە بێت). چونکە بێ وەڵامدانەوە و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ ئەو ئاریشانەی سەرەوە، مەحاڵە بتوانرێ باس لە دەرهاوێشتەی ئاریشەکان بکرێت، کە ئەگەر بارودۆخ هەروا بچێتە پێشەوە، سبەینێ شتی دیکەشی بەدوادا دێت.

بۆ ئەم قۆناغە بارزانی کاریزمایەکی نەتەوەیی و نیشتمانییە. سیاسەتمەدارێکی جێی متمانە و خاوەن پێگەیە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، بۆیە ناکرێ نە بیر لەوە بکرێتەوە کە بۆ جێبەجێکردنی یاسا جێگەی پێ چۆڵ بکرێت و نە بیریش لەوە بکرێتەوە کە تا هەتایە سەرۆک بێت (کە خۆشی ئەوەی ناوێ). بۆیە ئەگەر حیزبە سیاسییەکان لەخەمی دەربازکردنی ئەو قۆناغەدان و باوەڕ و متمانەیان بە سەرۆکایەتیی بارزانی هەیە، بە ئاسانی دەتوانن لە قۆناغی یەکەمدا و لە ژێر چەتری پەرلەماندا بگەنە ڕێککەوتن و دەبێ لە نیەتی پاکی بارزانیش تێگەیشتبن، ئەگەرنا ئێستا بەشی هەرە زۆری حزبەکان لە کوردستان داوای لێدەکەن کە باری نائاسایی لە وڵاتدا ڕابگەیەنێ (ئەوەش بە مانای هەڵپەساردنی بەشی هەرە زۆری یاساکان دێت و مانەوەی خۆی مسۆگەر دەکات)، بەڵام ئەو ڕایناگەیەنێ.



عارف قوربانی

# مەترسی بەستنەوەی سایکۆلۆژیامان بە بەغداوە

ئێمەی کورد کەمجار هەست بە مەترسییە شاراوەکان دەکەین، میللەتێکی ئازاین لە ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاری و خۆپارێزی لەکاتی هەڕەشە و مەترسییەکان. ئەوەی تا ئێستاش ئێمەی هێشتووەتەوە خوێنی ڕۆڵەکانی خۆمان بووە.

زۆرجار درک بە تەڵە و تەڵەکەبازی و پیلانگێڕیی نەیارەکانمان ناکەین، تا تێیدەکەوین و دەبێت بە قوربانیەکی زۆر هەستینەوە. ئەگەر ناوەندێکی بیرکردنەوەمان هەبووایە پێشوەختە ئەگەر و پێشهاتەکان، مەترسی و تەنانەت هەل و دەرفەتەکانی بخستایە بەردەستمان، ئەوە بەدڵنیاییەوە لە ڕابردوودا تووشی ئەو هەموو نەهامەتی و چەرمەسەریە نەدەبووین، پێویستیش نەبوو ئەو هەموو قوربانیە ببەخشین و دۆخیشمان لە ئێستا باشتر دەبوو.

مەینەتی لەوەش گەورەتر ئەوەیە کە لەناو ئێمەی کورد تەنها هەڕەشە و مەترسیە بەرجەستەکان هەستپێدەکەین، کەمجار بیرمان لەو مەترسیانە کردووەتەوە کە دەخرێتە سەر سایکۆلۆجیای تاکی کورد. مانەوەشمان بە ژێردەستەیی و تێکوپێکدانی کەلتور و داب و نەریت و ڕەگوڕیشەی ئاینیمان، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە نەیارانی کورد کاریان لەسەر سایکۆلۆجیای کورد کردووە بۆ قبوڵکردنی ئەوەی ویستوویانە بیسەپێنن.

ئەگەر ئەم بەشەی کوردستانی بە عێراقی عەرەبیەوە لکێنراو بکەینە نموونە، ئەو دەرفەتە زێڕینانەی بۆ کورد هاتوونەتە پێش و لەدەستماندراون شیتەڵاً بکەین، بە دڵنیاییەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تێکدانی سایکۆلۆجیای خۆمان شانبەشانی فاکتەرەکانی دیکە هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ لەبارچوونیان.

میللەتێکین قوربانیەکی زۆرمان بۆ ئازادی داوە، لەناخی زۆرینەی ڕەهای هەر تاکێکی کورددا خواست و خەونی ئەوە هەبووە ڕۆژێک بێت ببینە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان. کەچی هەرجارێک هەلێکیش هاتبێتە پێش، پێش ئەوەی هیچ هەڕەشە و مەترسیەک درکی پێکرابێت، یاخود بێ بوونی هیچ هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە و مەترسیدار، لەژێر ڕۆشنایی و کارتێکردنی سایکۆلۆجیای خۆماندا دەیان بیانووی ناواقیعیمان کردووە بە پاساو و ڕێگەمان لە بەرەوپێشچوونی خۆمان گرتووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان.

بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بیەوێ توێژینەوەیەکی زانستی بکات دەربارەی دەوڵەتی کوردی، دەگاتە ئەو ئەنجامەی ترسێکی شاراوە بەردەوام حزوری هەبووە لەناخ و دڵاً و دەروونی سەرکردەکان و تا دەگاتە زۆرینەی کۆمەڵگە، بەوەی ئەمە مەترسی گەورەی لەدوایە. لەکاتێکدا دەبێت مەترسی لەوە گەورەتر چی بێت کە تۆ میللەتەکەت جینۆساید دەکرێت. یان ئەگەر کەسێک لەوە بکۆڵێتەوە کەرکووک و خانەقین و ناوچە کوردستانیەکانی تری دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە دوای ڕووخانی سەدام، بۆچی تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە، هۆکار و کۆسپ و لەمپەرەکانی دەستنیشان بکات، بەزوویی دەگەیتە ئەو قەناعەتەی کە ئەوە سایکۆلۆجیای خۆمانە زۆر جار پاساوی ناڕەوای کردووەتە لەمپەر لەبەردەم بڕیاری دروست بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچانە.

کۆی ئەو قسانەی سەرەوەم بۆ ئەوەیە کە بڵێم ئێستا لەبەردەم مەترسییەکی تردابن، ئەویش مەترسی بەستنەوەی سایکۆلۆژیای کوردە بە بەغداوە. لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە یان ڕاستتر بڵێم لە لکاندنی ئەم بەشەی کوردستانەوە بە عێراقی عەرەبی تا بڕینی بودجە لەلایەن مالکییەوە، ئەم مەترسیە ڕەنگیداوەتەوە لەسەر بڕیار و ڕەفتار و دونیابینی و لەسەر بازاڕ و سیاسەتکردنمان. بەڵام لەوکاتەوەی مالیکی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستانی بڕی، ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە بووەوە. واتا مالیکی سەرباری دوژمنایەتیەکانی بەرامبەر بە کوردستان، سەرباری ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی کردی، سەرباری ئەو نەهامەتیانەی بەسەر ئەم میللەتەیدا هێنا، بەڵام خزمەتێکی گەورەی بە سایکۆلۆجیای مرۆڤی کورد کرد، کە کورد بتوانێ پشت بکاتە بەغدا. لەوکاتە بەدواوە ژمارەیەکی ئێجگار کەم باوەڕیان بەوە مابوو کە پێویستە هەمیشەو بەتەنها هەر ڕوومان لە بەغدا بێت. پرسی سەربەخۆیی و مەسەلەی دەوڵەت بۆ کوردستان لێرەوە چوونە قۆناغی جدیەتەوە و کاری زۆر و هەنگاوی باشیش لەو ڕووەوە نران.

بەڵام جارێکی دیکەش ئەو ڕاستیە دەرکەوتەوە کە هەمیشە نەیارانی کورد لە ئێمە بەدیقەتتر و لێزانانەتر سیاسەت دەکەن. ئەوەتا لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگ و بە گەمەیەکی سیاسیانە جارێکی دیکە سایکۆلۆجیای تاکی کوردیان بەستەوە بە بەغداوە. ئەو گەمەیەی دەکرێت تەنها پەیوەست نییە بە مووچە و بودجە بۆ هەرێمی کوردستان. زۆر لێکەوتەی دیکە هەن ڕەنگە لەداهاتوودا خەڵک درکیان پێبکات کە چەند دەرفەتی تریش بەو هۆیەوە لەباردەچن. یان چەند کۆسپ و لەمپەری گەورەتر دەهێنرێتە ڕێمان و ئەم بەستنەوەی سایکۆلۆجیایە بە بەغداوە ڕێگەخۆشکەر و زەمینەسازی دەبن بۆ جێبەجێکردنیان.

مەترسی ئێستای بەستنەوەی سایکۆلۆجیامان بە بەغداوە، کاریگەریەکانی لەوە زیاتر دەبن کە لە هەشتاو پێنج ساڵی ڕابردوودا داگیری کردبووین. چونکە بۆ یەکەمجار بوو لە مێژووی نزیکەی سەدەیەکدا کورد بگاتە ئەو بڕیارەی سایکۆلۆجیای تاکەکانی بەرەو سەربەخۆی ببات. بەڵام هەڵگەڕانەوە و پێچەوانە بوونەوەی ئەم ئاراستەیە لەسەر سایکۆلۆجیامان، بۆ چەندین دەیەی تریش شۆڕش و قوربانی و هوشیاری دەوێ تا بگەینەوە دۆخی ئێستا.

کورد لە ڕابردوودا قوربانیی زۆری بەخشیوە و ئەم میللەتە قارەمانە شایستەی ئەوە نییە هەمیشە لە ئازار و مەینەتیدا بژێت، لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا بە دەست قەیرانی دارایی و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداوە ڕاڕایی زۆری چەشت، زیاتر لە شەش مانگە لە شەڕێکی قورسی دژی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)دا خوێنی زۆرمان لەبەر ڕۆیشت. ئەگەر ئیرادەمان بەهێزبێت و خۆمان لە تەڵزگەی ئەو کۆیلایەتیەی خەریکە لەسەر سایکۆلۆجیامان دروست دەبێت ڕزگار بکەین، ئاسۆی ڕوونمان لە پێشە. ئەگەرەکانی دوای داعش ئەوەمان پێدەڵێن کە نەخشەی جوگرافیای ناوچەکە دەگۆڕێت و کورد لە هەمووان شانسی باشترە بۆئەوەی بەری ڕەنج و فیداکارییەکانی بچنێتەوە. بەڵام مەرجی سەرکەوتنمان بەستراوە بە سەربەخۆیی ئیرادەمانەوە، بەستراوە بە سایکۆلۆجیایەکی دروستەوە کە بۆ ئاینده بڕوانێت، نەک پشت بکاتە ئاینده و بۆ دواوە بگەڕێتەوە. ئەمەش بەرپرسیارێتیەکی قورسە و بیری وردی لێمان دەوێ.



هیوا حاجی

# کێ دەیەوێ عێراقی بێت؟

عێراق، لە بنەڕەتەوە دوو کێشەی سەرەکیی درێژخایەنی هەیە کە ئەوانیش بریتین لە کێشەی شەرعیەتی خودی دەوڵەتی عێراق و، دووەمیش کێشەی شەرعیەتی حکومەتە جیاوازەکانی. دیارە من مەبەستم لە ڕەهەندە یاساییەکەی نییە، چونکە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی عێراق دەوڵەتێکی دانپێدانراوە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لە ئاستی دووەمیشدا، بە تایبەتی لە دوای 2003وە، حکومەتەکانی عێراق لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە هاتوونەتە کایەوە. ئەوەی من مەبەستمە لە مەسەلەی شەرعیەت خۆی لە تێڕوانینی هاووڵاتیاندا دەبینێتەوە سەبارەت بە ڕەوایەتیی سنوورە سیاسییەکانی دەوڵەت، هەروەها تێڕوانینی هاووڵاتیان بۆ ئەدای حکومەت لە دابینکردنی پێداویستییە جیاوازەکانی کۆمەڵگا.

لە وتاری پێشوومدا ئاماژەم بەو ڕاستییە مێژووییە دابوو کە عێراق لە دەستپێکدا بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی دەوڵەتە کۆلۆنیالیەکان لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی دروستکرا. لەو نێوەشدا بەشێک لە نەتەوەی کورد جیاکرایەوە و بەو وڵاتەوە لکێنرا و هەرگیز بۆ جارێکیش پرسیان پێنەکرا کە ئاخۆ دەیانەوێ عێراقی بن یان نا؟ بۆیە عێراق وەک دەوڵەت، بەسنووری ئێستایەوە، لانیکەم بۆ زیاتر لە 20%ی دانیشتووانەکەی کێشەی شەرعیەتی هەیە. لەوەش زیاتر هەر خودی دامەزراندنی دەوڵەتەکە بەسەرچاوەی کارەساتێکی نزیکەی یەک سەدەیی حیساب دەکرێ و لەنێو کوردیشدا کەس نایشارێتەوە کە ئەگەر دەرفەت هەبێ ئەو سنوورانە دادەڕێژنەوە.

لەڕووی حکومەتداریشەوە زۆر زەحمەتە هیچیەک لە حکومەتەکانی عێراق لە دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆ بە حکومەتی شەرعی لەقەڵەم بدرێن. حکومەتە جیاوازەکانی عێراق جگە لەوەی حکومەتی تایفەگەری بوون، هەرگیز نەیانتوانیوە لە ئاست گەشەپێدان بە ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوری وڵاتەکەیاندا بن. مێژووی توندوتیژی حکومەتە جیاوازەکانی عێراق، لەدژی زۆربەی پێکهاتەکان، بۆ هەمووان ڕوونە. دواکەوتوویی ژێرخانی ئابووری و خزمەتگوزارییەکان ڕاستیی حاشاهەڵنەگرن. پەککەوتەیی دامەزراوە پەروەردەیی و زانکۆییەکان سیمایەکی ئێستای وڵاتەکەن. ئەمە جگە لە ڕەوشی خراپی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان.

بە باوەڕی ئێمە دەبووایە لەسێ وێستگەی مێژووییدا دەوڵەتی عێراق ئەم پرسیارەی لە هاووڵاتیانی کردبا کە "کێ دەیەوێ عێراقی بێ؟". ئەم سێ وێستگانەش بریتین لە یەکەم: دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی 1921، گۆڕانی سیستەمی مەلیکی بۆ کۆماری لە 1958 و لە کۆتاییدا جەنگی 2003 و ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەو وڵاتەدا. هەریەک لەم مێژووانە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بوونە لە مێژووی عێراقدا، بۆیە دەبووایە هەر لەو قۆناغانەدا ناسنامەی وڵاتەکە یەکلاکرابایەوە. لەڕاستیدا ئەم پرسیارە دەبووایە هەر لەسەرتاوە بکرێ، بەڵام نەکرا و دواتریش هەموو دەسەڵاتدارانی عێراق سووربوون لەسەر دووبارەکردنەوەی ئەم هەڵەیە.

لەدوای 2003 کورد ویستی بەشێوەیەک لە شێوەکان مافی گشتپرسی لە دەستووری هەمیشەییدا جێبکاتەوە. بەڵام لەبەر کەللەڕەقی هاوبەشە عەرەبەکان ئەمە نەکرا. چەند ساڵێک بەر لەوە، وەفیق سامەرایی کە بەرپرسێکی ئەمنی باڵای سەردەمی بەعس بوو، لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا گوتی "من ناڵێم با کورد لە عێراق جیاببنەوە، بەڵام وەرن با دیراسەتێکی گشتگیر بکەین کە ئاخۆ بوونی کورد لە عێراقدا چەند خزمەتی بەرژەوەندیی عێراقی کردووە، با لەوەوە بڕیار بدەین کە ئایا کورد لە عێراقدا بمێننەوە یان نا". پێموایە ئەو مەبەستی ئەوە بوو بڵێ بوونی کورد لە عێراقدا تەنها زەرەر بووە بۆ وڵاتەکە، بەڵام نەیدەتوانی بەم شێوە ڕاشکاوانەیە ئەوە بڵێ.

دەسەڵاتدارانی عێراق هەمیشە عێراقیبوونیان بەسەر خەڵکەکەیدا سەپاندووە و لە بەرامبەر ئەمەشدا بێگومان بەرەنگاربوونەوە هەبووە و لە ئاکامدا وڵاتەکە و خەڵکەکەی باجەکەیان داوە.

زۆر زەحمەتە وڵاتانی فرە ئێتنیک (لە چەشنی عێراق) سەقامگیری و دیمۆکراسی بەخۆوە ببینن ئەگەر پێکهاتەکانیان لەسەر مەسەلە بنەڕەتیەکان کۆک نەبن. لەو مەسەلە بنەڕەتیانە مەسەلەی ناسنامەی دەوڵەت و پەیوەندیی دین و دەوڵەت و سیستەمی حوکمڕانیە. دەکرێ هەمیشە کێشەی لاوەکی هەبێ، بۆنموونە دەکرێ کێشە هەبێ لەسەر بودجە: چەندی بۆ کەرتی پەروەردە یان بۆ کەرتی تەندروستی تەرخان بکرێ. بەڵام ناکرێ بۆ نموونە شەرعیەتی دەوڵەت لەژێر پرسیاردابێ. لە عێراقدا شەرعیەتی دەوڵەت تەحەدا دەکرێ. لەوەش گەڕێ کە عێراق سیستەمێکی فیدراڵی بێ وێنەی هەیە لەو ڕووەوە کە تاکە وڵاتی فیدراڵە تەنیا یەک هەرێمی هەیە و بەردەوام پەیوەندی ئەو هەرێمە و حکومەتی فیدراڵ قەیراناوییە. لەبەر ئەوە کێشەکانی عێراق کێشەی بنەڕەتین و بەبێ چارەکردنیان ئەستەمە ئەو وڵاتە سەقامگیر و خۆشگوزەران بێت.

دەبووایە دەسەڵاتدارانی عێراق بەشێوەیەکی عەقڵانی و ئازایانە و سەربەخۆیانە ئەو پرسیارەیان، بە تایبەتی، ڕووبەڕووی کورد کردبایەوە کە دەیانەوێ عێراقی بن یان نا؟ وەڵام بەڵێ یان نەخێر با، بۆ خۆیان سوودی دەبوو و ئەوجا دەیانتوانی بەپشوویەکی زیاترەوە بیر لە ئایندەی خۆیان بکەنەوە. لەبری دووبارەکردنەوەی هەڵەکانی ڕابردوو و هەوڵدان بۆ لاوازکردنی هەرێم، باشتر بوو بۆ وێنە، کەڵک لە ئەزموونی وڵاتێکی وەک کەنەدا وەربگرن کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو و دەوری، هەر چەند ساڵ جارێک، لە کوبێکەکان دەپرسن کە ئایا دەیانەوێ لە چوارچێوەی کەنەدا بمێننەوە یان نا. یان وەک ڕاپرسی ساڵی ڕابردووی سکۆتلەندا لەسەر سەربەخۆیی یان مانەوە لەچوارچێوەی شانشینی یەکگرتوودا.

لەماوەی سەدەی ڕابردوودا هیچ حوکمڕانێکی عێراقی نەیتوانیوە بۆ کوردی بسەلمێنێ کە عێراقیبوون لە بەرژەوەندیی ئەواندایە. تەواو بە پێچەوانەوە عێراقیبوونیان کردووەتە سەرچاوەیەک بۆ دەردەسەری و ماڵوێرانیی مەزن. ئێستاش باش دەزانن ئەگەر ڕۆژێک کورد پرسیاری ئەوەی لێبکرێ کە دەیانەوێ عێراقی بن، وەڵامەکەیان چی دەبێ، بۆیە چەندەی بۆیان بلوێ ئەم پرسیارە ناکەن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



هێمن عەبدوڵڵا

# پەکەکە چەکدادەنێت؟

ئـەو پەیامـەی لە ڕۆژانـی ڕابـردوودا بەناوی ئۆجەلانەوە خوێندرایەوە، سەرلەنوێ گەنگەشەی چەکدانـان یـان دانەنانـی پەکەکـەی هێناوەتە ڕۆژەڤـەوە. ئەوەی پەکەکە لەدوورەوە بناسـێت یان لێی نەکۆڵیبێتـەوە دەڵێت: "مادام ئۆجەلان دەیـەوێ وابێـت، کەواتـە پەکەکـە چەکەکانی دادەنێت"، بەڵام ئەمە بەو ئاسانییە نییە. ڕاستە ئۆجـەلان پەتەکانی کۆنترۆڵکردنـی حیزبەکەی لەدەسـت دەرنەهاتووە، بەڵام بڕیاری چەکدانان تەنیا بەدەست ئەو نییە. بۆیەش داوای بەستنی کۆنگرەی کردووە بۆ گەنگەشەکردن لەسەری.

لەوەتـەی ئەوەی نـاوی لێندراوە "پرۆسـەی چارەسـەری" دەسـتیپێکردووە، ئۆجـەلان سـەروکاری لەگـەڵ سـێ جەمسـەری نێـو حیزبەکەیدایـە. جەمسـەری یەکـەم سـەرکردە سـەربازییەکانن لە قەندیل. جەمسـەری دووەم سـەرکردە سیاسـییەکانن لـە پارتـی بەدەپەی جاران و هەدەپەی ئێستا. جەمسەری سێیەمیش سەرکردەکانی ئەورووپان کە سەرچاوەی سەرەکیی دارایی پەکەکەن. ئۆجەلان لە سـاڵانی ڕابردوودا کەمترین کێشـەی لەگـەڵ هەردوو جەمسـەری سیاسی و داراییی نێو حیزبەکەی هەبووە، بەڵام جەمسـەری سـەربازی هەمیشـە لەگەڵی کۆک نەبـوون. بۆیەش لـە یەکێک لەو دانیشـتنانەدا کە چەند سـاڵ پێش ئێسـتا لەگـەڵ نوێنەرانی بەدەپـەی ئـەوکات هەیبوو، گلەیی لـە قەندیل دەکات و دەڵێـت: "ئـەوان لێم تێناگەن، کەچی من لـە نیگەرانییەکانـی ئەوان تێدەگـەم"، لەو دانیشـتنەدا ئۆجەلان نایشارێتەوە کە لە قەندیل نیگەرانە.

لە سێ مانگی ڕابردووشدا چەند جارێک نامەی ئۆجەلان گەیشتوونەتە قەندیل و وەڵامەکەشیان بۆ ئیمراڵـی بردراوەتـەوە. پەیامەکەی ئۆجەلان لـەدوای ئاڵوگـۆڕی ئـەو نامانـە بـووە، کەچی هەرواش زۆرتر لەوەی فەرمانی بەسـتنی کۆنگرە بێت بۆ چەکدانان پێشنیازی بەستنی کۆنگرەیە.

لە وتارێکی پێشـووترمدا باسی ئەوەمکردبوو کـە مەسـەلەی چەکدانانـی پەکەکـە واتایەکی سیمبۆلیکی هەیە. چونکە تەنانەت ئەگەر هەموو ئەوانەی لە قەندیلیشـن چـەک دابنێن، مادام لە ڕۆژئاوای کوردسـتان یەکینەکانی پاراستنی گەل هەن کەواتە پەکەکە چەکی دانەناوە. بۆیە وادیارە قسەکە زۆرتر لەسەر دیمیلیتاریزەکردنی سەرکردە باڵاکانی پەکەکەیە لە قەندیل نەک لەسەر گەریلا. ئەمەش ئیشـێکی ئاسـان نییە. چونکە گریمان سـەرکردە سـەربازییەکانی پەکەکـە لە قەندیل هاتنە خـوارەوە و چەکیان دانا، ئەی دوای ئەوە چییان بەسـەردێت؟ چاوەڕواندەکرێت بەشـێک لەوانە بچنە ئەورووپا، بەشێکی دیکەشیان دەتوانن بچنەوە تورکیا و لەوێ درێژە بە کاری سیاسـی بدەن، بەڵام بەشـێکی دیکەی دەستڕۆیشـتووی نێو ئـەو سـەرکردانە بەهـۆی ڕابردوویانەوە نە دەتوانن بچنە ئەورووپا و نە تورکیاش قبوڵدەکات بگەڕێنەوە. ئەو کەسانە ئێستا لە قەندیل قسەیان دەڕوات و هەر ئەوانەشن کە وایانکردووە ئۆجەلان لـە "نیگەرانییەکان"ـیـان تێبـگات. بۆیە ئەگەر کۆنگرەیەک بۆ چەکدانانیش بەسـترا یان ئەگەر پێویستیکرد و ئۆجەلان فەرمانی دانانی چەکی دا، دەبێ چاوەڕوان بین بزانین هەموو قەندیل پێیەوە پابەنددەبێـت یـان نـا. ڕەنگە ئەمـەش بەوەوە بەسـترابێتەوە کە ئایا وەک باسدەکرێت ئەمساڵ ئۆجـەلان لە زینـدان دێتە دەرەوە یـان لەدوای چەکدانان لە زیندانەوە شاهیدی دوولەتبوون یان بە یەکگرتوویی مانەوەی حیزبەکەی دەبێت؟



بێستون عوسمان

bestoon.othman@rudaw.net

# پەیامەکەی ئۆجەلان خزمەتی کێ دەکات؟

ڕۆژی شـەممە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان بانگهێشتە "مێژوویی"یەکـەی کرد. سـەرکردەی بەندکراوی پەکەکـە داوای لـە قەندیل کـرد لـەم بەهارەدا کۆنگرەیەک ببەسـتن و بڕیـاری کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداری بدەن. ئەم هەنگاوەی ئۆجەلان خزمـەت بە چارەسـەری دۆزی کـورد دەکات لە تورکیـا، یـان بەو شـتەی پێیدەڵێن "پرۆسـەی چارەسەری"؟ چی بەدوادا دێت؟ پەکەکە بەڕاستی چەک دادەنێ؟

سـەرەتا با لـە وەڵامـی دوایین پرسـیارەوە دەسـتپێبکەم. قەندیـل وەک پێویسـت ناچێت بەدەم ئەم داوایـەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە. پێش هەموو شتێک خودی داخوازییەکە ڕوون نییە. لەو تێکستەدا کە سرری سورەییا ئۆندەر خوێندیەوە، تێنەگەیشـتین ئایا ئۆجـەلان داوای ئەوە دەکات پەکەکە بە تەواوی چەک دابنێ، یان تەنیا کۆتایی بە خەباتی چەکداری بەرامبەر تورکیا بهێنێ؟

ئەگەر مەبەست ئەوەی یەکەم بێت، ئەوە قەت ڕوونادات. پەکەکە چیدی ئەگەر بشیەوێ، ناتوانێ چەک دابنێت، چونکە لە چەند بەرەیەکی جیاوازدا بە کردەوە لەشـەڕدایە. شـەڕ لەگەڵ داعش، ئەو شەڕەی کە دواجار لە لیستی تیرۆرەوە دەریدەکات و دەیـکات بە یەکێک لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا و ئەورووپا.

ئەگەر مەبەسـت ئەوەی دووەمیان بێت، واتە ئەگـەر ئـەم داوایەی ئۆجەلان بۆ ئـەوە بێت کە پەکەکـە چالاکـی چەکـداری لـە دژی تورکیـا ڕابگرێت، خۆ ئەمە شتێکی نوێ نییە. پەکەکە دوو سـاڵ زیاترە شـەڕ لەگەڵ سوپای تورکیا ناکات. کەوابوو ئـەم داوایەی ئۆجەلان لەم کاتەدا مانای چییە و گرنگییەکەی لە چیدایە؟ ئێوە بڕیار بدەن.

مـن بێگومـان لەگەڵ ئـەوە نیم کـە پەکەکە بـەردەوام بێت لە خەباتی چەکداری. لە ئێسـتا بەدواوە، ئەمە نەک تەنیا خزمەت بە دۆزی کورد ناکات، بەڵکو مەسـەلەکان هێنـدەی دیکە ئاڵۆز دەکات. هـاوکات 30 سـاڵی ڕابردوو سـەلماندی کـە خەباتی چەکـداری لە باکووری کوردسـتان ئەنجامێکی نابێت. ڕوون و ئاشکرایە کە ئیمراڵیش درکـی بەمە کردووە. بەڵام ئایا قەندیل و لەویش گرنگتر ئەو گەنجانەی لەنێو شارەکانی باکوور بە نـاوی (بزووتنەوەی گەنجانی نیشـتمانپەروەری شۆڕشـگێڕەوە بڵاوبوونەتـەوە و خۆسـەری ڕادەگەیەنن، مل دەدەن بۆ ئەم داوایەی ئیمراڵی؟ بە ڕای من نەخێر.

ئۆجـەلان لە پەیامەکـەی 2013 یدا بە ڕوونی دەیگوت "قۆناغی خەباتی چەکداری تەواو بووە". هـاوکات بەم وشـانە داوای دەکرد کە چەکدارانی پەکەکە سنوورەکانی تورکیا جێبهێڵن: "دووبارە دەیڵێیمەوە کە ئیدی گەیشتووینەتە ئەو قۆناغەی هێـزە چەکدارەکانمـان بچنە دەرەوەی سـنوور. دڵنیاشـم کە هەموو ئەو کەسانەی دڵیان داوە بە مـن و باوەڕیـان بەم خەباتە هەیـە، زۆر باش لە هەستیاریی پرۆسەکە تێدەگەن و هەنگاو دەنێن."

وەک دەبینین، عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە زمانێکی هێندە سـانا بە پەکەکە دەڵێت سـنووری وڵاتی تورکیا جێبهێڵن کە تەفسیر و تەئویل هەڵناگرێت. بەڵام لە دوو ساڵی ڕابردوودا بینیمان کە قەندیل ئەم داوایەی ئۆجەلانی جێبەجێ نەکرد. پرۆسەی کشانەوەی پەکەکە لە خاکی تورکیا پارچە پارچە کرا، دواخرا، خرا بە پشتا هەتا لەبیری ڕای گشتی بردرایەوە.

ئـەم هەنگاوەی ئۆجەلان ئەنجامی هەبێت یان نا، خزمەتێکی زۆر بەو شتە دەکات کە پێیدەڵێن "پرۆسەی چارەسەری". خزمەتێکی سنوورداریش بە چارەسەری کێشـەی کورد دەکات لە تورکیا. لێرەدا با ڕوونی بکەمەوە جیاوازی ئەم دوو چەمکە چییە. ئەو پرۆسـەیەی لە سـاڵی 2005 ەوە بە وتارەکـەی ئەردۆغان لە ئامەد دەسـتیپێکردووە و بـە دانوسـتاندنەکانی ئۆسـلۆدا ڕۆیشـت و پەیامەکانـی ئۆجـەلان لە نەورۆزدا بەرەوپێشـی برد، پێیدەگوترێ پرۆسـەی چارەسـەری. ئەمە پرۆژەیەکی حکومەتی تورکیایە بۆ کۆتاییهێنان بە چالاکی چەکداریی پارتی کرێکارانی کوردسـتان. تورکەکان شەرم ناکەن لە گوتنی ئەمە، تەنانەت ئـەو یاسـایەی کە گوایـە زەمینەی یاسـایی بۆ پرۆسەکە دروستکردووە ناوی "یاسای کۆتاییهێنان بـە کێشـەی تیـرۆر"ە. ڕاشـکاوانەش دەڵێن کە ئامانجیـان "ڕزگارکردنی تورکیایە لە بەڵای تیرۆر بۆ گەورەکردن و بەهێزکردنی وڵات".

هاوتەریب لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا، لە چوارچێوەی دیموکراتیزەبوونی تورکیا و بەهێزبوونی هەرێمی کوردسـتان وەک کیانێکی سیاسـی کـوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و بەشداریی کوردی باکوور لەژێـر چەتـری HDPدا لـە پرۆسـەی سیاسـی تورکیا، لەگەڵ پاکجەکانی دیموکراتی پارتی داد و گەشـەپێدان AKP، پرۆسـەیەکی دیکە هەیە. ئەمیان پرۆسـەی چارەسـەری کێشـەی کوردە. ئـەم پرۆسـەیەی دووەم کـەس خاوەنـی نییە و بەرەوپێشچوونەکەشی تا بڵێی هێواشە.

کـورت و کرمانج، ئـەم هەنـگاوەی ئۆجەلان تەنانەت ئەگەر جێبەجێـش بکرێت، ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێت. ئەگەریش هەیە کە قەندیل بەرەو دابەشبوون بەرێت. هەر کامێک بێت لەمانە، لەبری خزمەتێکی ڕاستەقینە بە دۆزی کورد لە تورکیا، خزمەت بەو شتە دەکات کە پێیدەڵێن "پرۆسەی چارەسـەری" و لەڕاستیدا بـەڵای تورکەکانەوە چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆرە. ئەمەش لە هەموو لایەک زیاتر خزمەت بە پارتی داد و گەشـەپێدان AKP ی دەسـەڵاتدار دەکات. AKP لە هەڵمەتی هەڵبژاردنـە گشـتییەکەی ئەمسـاڵدا کە مانگی حوزەیران سـاز دەکرێت، ئەم پەیامەی ئۆجەلان بە سـەرکەوتنێکی گەورەی خۆی دەناسـێنێ بۆ چەکپێدانانی پەکەکە، ئـەوەی خۆیان پێیدەڵێن "نەهێشتنی تیرۆر".

لەلایەکی دیکەشـەوە ئەو پەیامـە ئەو پەیامە دەدات بە نەیـارە تورکەکانی کـە لە ئەگـەری تێپەڕاندنی بەربەستی 10% لەلایەن HDP وە کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کورسییەکانی AKP لە پەرلەمان، هەر پێویسـتی بە کەس نابێت بۆ نووسـینەوەی دەسـتووری نـوێ. بەوپێیـەی HDP ی لەگـەڵ دەبێـت، چونکە لـە ڕاگەیەندراوە هاوبەشـەکەی شـەممەدا هەردوولا جەختیان لەسـەر بەشداری کردەوە لە نووسینەوەی ئەو دەستوورەدا.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# دەرفەتێک بۆ "دەوڵەتی ئیسلامی"

دەوڵەتە "ئیسـلامی"یەکەی خەلیفە ئەبوبەکر بەغدادی لەڕووی پانتایی جوگرافییەوە، بەتەواوی دەوڵەتێکی دیفاکتۆیە.

بۆچوونـی ئێمە سـەبارەت بـە ئایدیۆلۆژیا و سیسـتمی حوکمڕانـی و شـێوەی بەڕێوەبردنی ئـەو دەوڵەتـە هەرچیـەک بێت، ئـەوە هیچ لە حەقیقەتی ئـەو دیفاکتۆیە ناگۆڕێت کە بووە بە هەڕەشـەیەکی جددی بۆ سەر ئاسایش و ژیانی خەڵک لەناوچەکەدا.

ئـەوان بە چـەک و بە توندوتیژترین شـێواز پارێـزگاری لـە خەلافەتەکەی خۆیـان دەکەن و لەناوچەکەدا کردوویانەتە ئەمری واقیع.

دادوەر و ڕۆژنامەنووس و سیاسـیی ئەڵمانی (د.یورگن تودن هۆڤەر)، لەگەشـتەکەیدا بۆ ناو (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) دانپێدانانی گرنگ لەو ڕووەوە دەخاتەڕوو.

یورگن تاکە ڕۆژنامەنووسـە کـە توانیویەتی بەئـازادی هەموو پانتایی (دەوڵەتی ئیسـلامی) لە عێراق و سـووریا ڕوومـاڵ بکات و کارەکەشی بەگرنگترین کاری میدیایی دانرا.

ئـەو دەڵێـت "ئـەو پانتاییەی ئێسـتا لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئیسلامیدایە هێندەی پانتایی بەریتانیای گەورەیە، ئەوان مووسـڵیان لە ڕەققە پێ گرنگتـرە، ئەوان ئێسـتا واقیعێکی نوێن لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و دەبنـە مایەی گۆڕینی جوگرافیـا و بارودۆخی ناوچەکەش، لەم ڕووەوە کاریگەریی گەورەیان دەبێت".

خوێندنەوەی دەوڵەتی ئیسـلامی لە عێراق و شام تەنیا وەک گرووپێکی تیرۆریستی، جگە لە جەنگ و کوشـتار هیـچ بژارەیەکی دیکە ناخاتە بەردەستی جیهان کە بێگومان ئەو تاکە بژارەیە ئاگرەکـەی تەنیا بـۆ دەوڵەتی ئیسـلامی نییە، بەڵکو پریشکی بەر هەموو ناوچەکەش دەکەوێت و بەچاوی خۆشمان لەئێستادا ئەمە دەبینین.

بەڵام بینینی ئەو دەوڵەتە وەک واقیعێکی نوێ لەناوچەکەدا ئەو بژارەیەش دەخاتە بەردەسـتی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی و وڵاتانی ناوچەکە کە جگـە لە جەنـگ دەکرێـت بەشـێوەی دیکەش مامەڵە لەگەڵ ئەم دەوڵەتە دیفاکتۆیە بکرێت.

دەوڵـەت چ مەرجێکـی هەیـە جگـە لەوەی حاڵەتێکـی دیفاکتۆیە، ئەگەر دەڵێن پاراسـتنی مافەکانـی مرۆڤ مەرجێکـی گرنگە و "دەوڵەتی ئیسـلامی" بچووکترین ڕێز بـۆ مافەکانی مرۆڤ دانانێ، ئەی خۆ حاڵی ئێران و کۆریای باکوور و هەندێ وڵاتی دیکەی وەک بۆرما، لە پاراسـتنی مافەکانی مرۆڤدا باشتر نییە و زۆریش خراپە کە ئەوان لەحاڵەتی جەنگیشدا نین.

ڕۆژ نییـە لـە چیـن مرۆڤێـک بۆ گەیشـتن بـە ئەورووپـا خـۆی فڕێنەداتـە ناو حەوشـەی باڵیۆزخانەی ئەمریـکاوە و لەکۆریای باکووریش ڕۆژ نییـە چەندین کەس هەوڵـی دەربازبوون لە سـنوور نەدەن بۆ کۆریای باشـوور. لەئێرانیش گەنجانی حەڤدە ساڵ لەسەر بیروباوەڕی سیاسی ملیان بە پەتەوە دەکرێت.

پەتەکـەی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران کە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە، لەگەڵ شمشـێر و تیغەکەی دەوڵەتی ئیسـلامی لە عێراق و شام چ جیاوازییەکی هەیە؟

لەملاوە هەرێمی کوردستانیش هەیە کە چەندین سـاڵە پرەنسـیپە جیهانی و نێودەوڵەتییەکانی مافـی مـرۆڤ جێبەجـێ دەکات و پابەندبوونی خـۆی بە جاڕنامـە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و سیسـتمی نوێی جیهانییەوە ڕاگەیاندووە، بەڵام هەرگیز ئەمە مافی ئەوەی پێنەبەخشی کە ببێتە خاوەنی دەوڵەت.

بۆیـە دەوڵـەت دیفاکتۆیـە و بارودۆخێکـی ناوچەیی دروسـتی دەکات، نەک مینحەیەک بێت وڵاتانـی ڕۆژئاوا یان دراوسـێکان بەپێی هەندێک پێوەر ببیبەخشن.

ئێسـتا کـە دەوڵەتی ئیسـلامی لـە عێراق و شـام وەک ئاگرێـک لـە ناوەڕاسـتی ناوچەکەدا دروسـتبووە و ڕۆژ بە ڕۆژیش سـەرەڕای لێدانی لەلایـەن زیاتر لە چـل دەوڵەتی زلهێـزەوە هەر بەهێزتر دەبێت، ئایا ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتانی ناوچەکە بیر لە بژارەیەکی دیکە لەگەڵ ئەم واقیعەدا بکەنەوە؟

بێگومان تەرحکردنی پرسیارێکی لەمشێوەیە بەقـەدەر ئەوەی وابەسـتەیە بـە وڵاتانی دنیا و ناوچەکـەوە، زیاتـر لـەوە پەیوەسـتە بەخودی دەوڵەتە ئیسلامیەکەشەوە، ئایا ئەوان دەیانەوێت ببنە دەوڵەتێـک و لەناوچەکەدا وەک دەوڵەتێک مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت؟

خەلیفـە ئەبوبەکـری بەغدادی و سـوپاکەی دەبێـت وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بدەنـەوە کـە ئایـا ئـەوان دەیانەوێـت دەوڵەتێکی ئیسـلامی دروسـتبکەن یان تەنیا دەخوازن وەک کۆمەڵێک چەکدار بمێننەوە؟

ئەم پرسیارە بەهەردوو بەشەکەی دەرفەتێک دەبەخشێتە هەردوو لایەنی ئاژاوەکە کە دیار نییە کەی بەخۆشی یان بەشەڕ کۆتایی دێت.

لەلایـەک دەرفەتێـک بەدەوڵەتـی ئیسـلامی دەبەخشێت تا نموونەیەک لە شێوازی حوکمڕانیی خـۆی – بەهـەر ئایدیۆلۆژیـا و سیسـتمێکی حوکمڕانی- جێبەجێ بکات و نیشانمانی بدات.

لەلایەکـی دیکـەش دەرفەتێک دەبەخشـێتە گەلانـی ناوچەکـە تا لـەو ئاگـرەی ڕۆژ بە ڕۆژ بڵێسەکەی زیاتر دەبێت، پارێزراو بن.

جیهان و دەوڵەتە ئیسلامیەکە یان دەبێت ئەم دەرفەتـە قبـوڵ بکەن، یاخود ئیـدی دەبێت بۆ چەندین سـاڵی دیکەش، ئەم ناوچەیە بەدەست شەڕ و کوشتارەوە گیرۆدەبێت.

وڵاتانـی بڕیـاردەری جیهـان بـە ئاگـر بێت یـان بەئـاو دەبێت کۆتایی بـەو ئاگرە بهێنن کە ناوچەکەی تەنیوەو بەشـێوەیەک لەشێوەکانیش سیسـتمی نوێـی جیهانیشـی خسـتووەتە ژێر پرسیارەوە.

خەڵکی ئەم ناوچەیە دەبێت ئەو پرسیارە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بکەن کە ستراتیژێکی ڕاستەقینە و واقیعی بەرامبەر دەوڵەتی ئیسلامی بگرنەبەر و هەرچی زووە کۆتایی بەم ئاژاوەیە بهێنن.

موجاهیدان و لایەنگرانی دەوڵەتی ئیسلامیش دەبێت لەخۆیان بپرسن بەڕاستی ئێمە دەمانەوێت ببینە دەوڵەت، دەوڵەتێکی ئیسلامی؟



دانا نەوزەر

# 28ی شوبات چەند دەخایەنێ؟

شـوێن: تورکیـا. بـەروار: 28ی شـوباتی 1997. ئەنجومەنی ئاسایشـی نەتەوەیی تورکیا بڕیارنامەیەکی ئاراستەی حکومەتی تورکیا کرد. حکومەتی تورکیا لەلایەن نەجمەدین ئەربەکانەوە سـەرۆکایەتی دەکرا کە لە هەمانکاتدا سـەرۆکی پارتـی ڕەفاهی ئیسـلامیش بـوو. بڕیارنامەکە داوای ڕووبەڕووبوونـەوەی "کۆنەپەرسـتی" و پاراستنی سیستەمی عەلمانیی تورکیای دەکرد. هـەروەک لـە بڕیارنامەکەدا هاتبـوو کە دەبێت هەموو قوتابخانە ئاینییەکان لەلایەن حکومەتەوە دەستیان بەسـەردا بگیرێت و هەموو ئەو دەزگا ئیعلامیانەی مەیلی ئیسلامییان هەیە، دابخرێن و چەندین بڕیاری دیکەی لەو شـێوەیە. ئەربەکان بڕیارەکانـی ڕەتکردەوە و ئامادە نەبوو ئیمزایان بکات.

داواکاری گشـتیی تورکیـا بەتۆمەتـی کۆنەپەرسـتی و دژایەتی سیسـتەمی عەلمانیی تورکیـا، داوای داخسـتنی پارتـی ڕەفاهـی ئیسلامیی کرد. سوپای تورکیا بڕیاری دا هەموو ئەو کۆمپانیایانە گەمارۆ بدرێن کە مەیلی دینییان هەبوو. دواجار ڕوون بووەوە کە ئەگەر ئەربەکان دەست لەکارنەکێشێتەوە، کودەتایەکی سەربازی بەڕێوەیـە. پاش چوار مانگ، ئەربەکان دەسـتی لەکارکێشـایەوە و دواتریـش پارتەکەی لەلایەن دادگای دەستووریی تورکیاوە هەڵوەشایەوە.

28ی شـوبات لە مێـژووی نوێی تورکیادا بە "کودەتـای پۆسـتمۆدێرن" ناودەبرێـت، چونکە کودەتاکە سەربازی نەبوو، بەڵام سوپای تورکیا جوڵێنەری سـەرەکیی ڕووداوەکان بوو. حوسێن کڤرکئۆغڵـو سـەرۆکی ئەرکانی سـوپای تورکیا ئـەوکات گوتـی "28ی شـوبات 1000 سـاڵ دەخایەنێـت". واتە کاریگەرییەکانی ئەو ڕووداوە درێژخایـەن دەبێـت و چیدی ئیسـلامییەکانی تورکیـا لـە دەسـەڵات نزیـک نابنـەوە. بـەڵام پێشبینیەکەی ڕاست دەرنەچوو.

دوای تەنیا پێنج سـاڵ لـە ڕووداوەکەی 28ی شوباتی 1997، پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا ناسـراو بە ئـاک پارتی کـە لە هەنـاوی پارتی ڕەفاهەوە لەدایک بوو، لە ساڵی 2002دا زۆرینەی دەنگەکانـی بەدەسـتهێنا و حکومەتی پێکهێنا. ڕەجـەب تەیب ئەردۆغان سـەرۆکی حیزبەکە کە بەهۆی خوێندنەوەی شـیعرێکەوە سیاسەتی لێ قەدەغەکرابوو، بووە سـەرۆک وەزیر و ئێستاش سەرۆکی کۆماری تورکیایە.

شوێن: تورکیا. بەروار: 28ی شوباتی 2015. نوێنەرانـی حکومەتی تورکیا و نوێنەرانی پارتی دیموکراتـی گەلان هەدەپە، گەورە پارتی کوردی تورکیا، پێکەوە لەبەردەم کامێراکاندا دادەنیشن. سری سـورەیا ئۆندەر سـەرۆکی وەفدی کوردی بەیاننامەیەکی 10 خاڵی دەخوێنێتەوە و لەزاری ئۆجەلانەوە دەڵێت "PKK بانگهێشت دەکەم کە لـە مانگەکانی بەهـاردا کۆنگرەیەکی نائاسـایی ببەسـتن. ئەم بانگهێشتە بەیانی نیەت و ویستە بۆ ئەوەی سیاسەتی دیموکراتی شوێنی خەباتی چەکـداری بگرێتـەوە". ئـەم داوا مێژووییـەی ئۆجەلان لـە PKK بۆ دانانی چەک، پاش چەند سـاڵێک لـە کۆبوونـەوە و گفتوگـۆ و هەڵبەز و دابـەز دێت لـەو پرۆسـەیەی کە بە "پرۆسـەی چارەسەری" ناسراوە.

حکومەتەکەی داد و گەشەپێدان وەبەرهێنانی گەورەی لە پرۆسـەی چارەسـەری لەگەڵ PKK کـردووە و نایەوێـت مایەپـووچ دەربچێـت، بەتایبەتی کە تەنیا چەند مانگێکی کەمی ماوە بۆ هەڵبژاردنـی پەرلەمانی. وەک یاڵچن ئاکۆدۆغان، جێگری سـەرۆک وەزیرانی تورکیا و بەڕێوەبەری مەلەفی چارەسـەری لە میانـەی کۆبوونەوەکەدا گوتی "بەدەستهێنانی ئەنجامی مەلموس شتێکی پێویستە".

ئەگـەر PKK لـە بەهـاردا چـەک دابنێـت، ئـاک پارتی و هەدەپـە گەورەترین سـوودمەند دەبـن. کۆتاییهێنان بەو شـەڕە 30 سـاڵییە کە گەورەتریـن کێشـەی ئاسـایش و ئابـووری بـۆ تورکیا دروسـتکردووە، دەسـکەوتێکی ناوازەی مێژوویـی دەبێت بۆ ئاک پارتـی، بێجگە لەوەی کارتێکی گەورە لە دەسـتی نەتەوەپەرستەکانی تـورک دەردەهێنێـت کـە ئەویش کارتـی تیرۆر و دژایەتـی جوداخوازانـی PKKیـە. هەدەپەش سـوودمەند دەبێـت و دەتوانێت باشـتر هەنگاو بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو پلانـە بنێـت کـە لە دوای پاڵاوتنـی سـەلاحەدین دەمیرتاشـەوە بۆ سـەرۆکایەتی تورکیـا دەسـتیپێکرد کە ئەویش کرانەوەیـە بـەڕووی گرووپـە جیاوازەکانـی کۆمەڵـگـەی تورکیـادا. هەدەپـە دەیەوێـت ناسـنامەی چەپ و سۆسیالستیی خۆی بەهێزتر بکات، چونکە بەو دەنگانەی ئێسـتای ناتوانێت ڕێژەی 10%ی بەربەسـتی هەڵبژاردن تێپەڕێنێ و وەک حیزبێک بچێتـە ناو حکومەتەوە. دانانی چـەک لەلایـەن PKKەوە دەرگای ناوچەکانـی دیکـەی تورکیا بـەڕووی هەدەپـەدا دەکاتەوە و دەتوانێ بەشێکی باشی دەنگەکانی پارتی گەلی کۆماری (CHP) ببات بۆخۆی کە ئێستا بەهۆی سـەرکردایەتی لاواز و نەبوونـی ڕوئیاوە بووەتە هۆی نائومێدیی دەنگدەرانی.

ئومێدەکان گەورەن بۆ ئەوەی تورکیا و PKK چەکەکانیان بێدەنگ بکەن و چیدی هیچ دایکێک نەگـری، بەڵام بۆئـەوەی بزانین 28ی شـوباتی ئەمجـارە چەند دەخایەنێـت، دەبێت چاوەڕوانی بەهار بین.



سوهێر قەیسی *

# من سەمیر ئەمیسم

مـن سـەمیر ئەمیسـم ، ئەگـەر دەتانەوێ بـەردەکان تێکبشـکێنن و لاشەکان بسووتێنن، بەڵام ناتوانن من بڕووخێنن.

مـن شـاژن سـەمیر ئەمیسـم ، ئاشـووری و بابلییەکـی جوانـم، من کچی میزۆپۆتامیـام ، من جەنگاوەرە باڵابەرزەکـەم ، هاوسـەرەکەم شـای گـەورەی نەینەوا شمەمشـی ئەدادە و کوڕەکەم پاشـای ئاشـووریی پاڵەوان ئەداد نیناریيە.

شارسـتانیەتی مـن تەمەنەکـەی هـەزاران سـاڵە، ئەی تەمەنـی ئێوە چەندە؟ چەند مانگێک!

بـە جلوبەرگـە ناشـرینەکانی خۆتانـەوە هاتـن و پێتـان خسـتە نێـو مۆزەخانەکـەی منـەوە، عەقڵە ڕەشـەکانی خۆتـان ڕیسـوای کـردن و واتانزانـی من لەنێو ئـەو بەردانەدا دەژیم.

مـن و شارسـتانیەتەکەم لـە مێـژوودا دەژیـن ، گەلانـی دونیـا شـانازی بـە جەنگەکانـی منـەوە دەکـەن و شـوێنەوارەکانم لە هەموو لایەکـی جیهانن، مـن دەمێنم و ئێوە لەنێودەچن.

ئەی ئێوە کێن؟

بەڵـێ ئێـوەم ناسـین، ئێـوە پاشـماوەی جەنگ و سەرکەوتنەکانی منن. جەنگەکانـی مـن ئێـوەی خستووەتە حەسرەتەوە، باوو باپیرانی ئێوەم بیردێتەوە کاتێک لەسەر پشتی ئەسـپەکەم دەچوومە شـارەکانیان ، تـرس و شکسـتی نێوچاوانـی ئەوانم بەبیردێتـەوە، هەڵلەرزینـی ئەوانـم بەبیردێتـەوە لەبەرامبـەر هەیبەتـی جەنگاوەران و سوپاکەمدا.

ئایـا بیر لـە تۆڵەکردنـەوە لە من دەکەنەوە؟

نرخەکەتان چەندە؟

بەچەند بەرمیل نەوت دەتانکڕین؟

ئێـوەو تەورەکانتانـم دوێنـێ لـە پایتەختی دەسـەڵاتەکەم لـە نەینەوا بینیـن. بەزەییـم بە ئێـوەدا هاتەوە، چونکە ئێوە بەرەو لەنێوچوونن، ئەوەی لەنێوتان برد، بەشـێکە لـە داهێنانی گەلەکـەم و، گەلی من داهێنانی دیکە دەکات ، گەلەکـەی من کە خواوەندی نبـۆ فێری کردووە تێکتاندەشـکێنێ. گەلەکەم تێکتاندەشـکێنێ . گەلەکەم تێکتاندەشکێنێ.

دوای ئـەوەش ئاهەنگ دەگێڕێت و لەنێو پەرتووکەکانی مێژوودا دەگەڕێت بۆ ئەوەی شـێوەی جلەکانم بزانێت و نەخشە نایابەکانی بدۆزێتەوە، لاپەڕە کەڤنـارەکان هەڵدەداتـەوە بۆ ئەوەی ڕەنگی پرچـم و درێژیـی نینۆکەکانم بزانێت.

سەرلەنوێ دروستمدەکاتەوە ، بەڵام ئەوجارە بەشێوەی دەنگ و ڕەنگ و لە مۆزەخانەیەکی سری جیدا.

گەلەکـەم مۆزەخانەی سـری جی دروستدەکات و منی شاژنی جەنگاوەر دروسـتدەکاتەوە ، بەڵام بـە ئامێری پێشـکەوتوو دروسـتمدەکاتەوە ، من ئەمجـارە بەرد نابـم ، ئەمجارە دەنگ و ڕەنگ دەبم.

گەلەکەم ئەو فیلمانە دروستدەکات کە باسـی چۆکدادانـی باووباپیرانتان دەکات بەرامبـەر گای باڵدار ، کاتێک وڵاتەکانی ئێوەم بە سـوپا ئاشوورییە ئازاکەم ئازادکردن و ئەوکات گەیشتمە خاکی هیند.

شارسـتانیەتی من دەمێنێ و ئێوە لەنێودەچن.

ئینجا هەر بەردەکان تێکبشـکێنن. چەندی بتانەوێ لاشـەکان بسووتێنن. بەڵام دڵنیابن ئێوە لەنێودەچن.

***ڕۆژنامەڤانێکـی عێراقییـە و میدیاکارێکـی گرووپـی mbcیـە ، هەفتانـە ئـەو گۆشـەیە بـۆ ڕووداو دەنووسێت.**

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# کچە کوردێک شاجوانی ئینستاگرامە

« 10

**خاوەنی ئیمتیاز** : تۆڕی میدیایی ڕووداو
**سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر** : سالّح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف** : عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاینەران** : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net